حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

# شێوەزارەکانی شاری کەرکووك

## *لێکۆڵینەوەیەکی* جوگرافیایی زارە کوردییەکانە

نامەیەکە

سەرکەوت عەبدوللاّ حوسێن

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددینی / هەولێری کردووە , بەشێکە لە پێویستیەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردی دا.

بە سەرپەرشتی
پ.د. وریا عومەر ئەمین

| | | |
|---|---|---|
| سەرماوەرز | تشرين الثاني | ذي القعدة |
| 2708 | 2008 | 1429 |

بسم الله الرحمن الرحيم

# [ يرفَعِ الله الّذين أمنوا مِنكمْ والّذينَ أوتوا العِلمَ درجاتٍ واللهُ بِما تَعملونَ خَبيرٌ ]

# صدق الله العظيم

الاية 11

ئەم نامە یە کە به ناونیشانی ( شێوەزارەکانی شاری کەرکووك لێکۆلینەوە یەکی جوگرافیایی زارە کوردییەکان) ە قوتابی ( سەرکەوت عەبدوللا حوسێن ) بە سەرپەرشتیی من لە کۆلیژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆیسەلاحەددین ئامادەی کردووە ، بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشتیار: پ.د. وریا عومەر ئەمین

مێژوو : / / 0029

بە پێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشتیار ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو :

سەرۆکی بەشی کوردی

سەرۆکی خوێندنی باڵا

مێژوو : / / 8002

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامە یەمان ، کە بەناونیشانی ( شێوەزارەکانی شاری کەرکووك لێکۆلینەوەیەکی جوگرافیایی زارە کوردیەکان)ە لە لا یەن ( سەرکەوت عە بدوڵڵا حو سێن)ەوە پێ شکەش کراوە خوێندەوە و قوتابییەکەمان تاقی کردەوە و گفتوگۆمان لە گەڵیا لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تریدا کرد و بڕیارماندا ، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری بدرێتێ.

| | |
|---|---|
| ناو: | ناو: |
| ئەندام | سەرۆکی لیژنە |
| مێژوو / / 0029 | مێژوو / / 0029 |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام | ئەندام و سەرپەرشتیار |
| مێژوو / / 9002 | مێژوو / / 0029 |

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان پەسەندکرا.

ناو : پ.ی. د. کەمال سەعدی مستەفا

ڕاگری کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان

مێژوو / / 2009

# پێشکەشە بە :

★ گیانی پاکی شەهید د . محەمەد ئەمین قادر ......................

★ گیانی پاکی هەمیشە زیندووی باوکم ....................

★ بۆ دایکی خۆشەویستم ...........................

★ هاوسەرەکەم ............................

★ هەردوو جگەر گۆشەکەم ( ئیسرا و مەروا ) ..................

★ خوشك و براکانم ................

★ ئەو دڵسۆزانەی چەندین ساڵ ئاوارەی خاك و ئاوارەی کەرکووك بوون .....

# سوپاس و پێزانین بۆ :

- ❖ برا و مامۆستای سەرپەرشتیارم د.وریا عومەر ئەمین .
- ❖ ئەو بەڕێزانەی کە هەوڵ و تێکۆشانیان لە بیر ناکرێ
  ( د. کەمال کەرکووکی ، د. مەدحەد ، د. مستەفا زەنگەنە ) .
- ❖ عەدنان کەرکووکی ، زا هیر ڕۆژ بەیانی ، ها شم کا کەیی ، سە کۆ بەهرۆز، مامۆستا بەختیارسەعید ، سەرچاوەی بەنرخیان پێدام .
- ❖ مامۆ ستا ئا سۆ عە بدولرەحمان کەریم ، زاد یاری بە سوودی دەگەیا ندە نامەکە .
- ❖ مامۆستا ژیار عمر ، ئەندازیار شالاو خالید ، لە چاپکردنی نامەکە یارمەتیان دام .
- ❖ یو سف سەید سالح جەباری ، عەزیز عە بدولقادر ، هاوکار یان کردم لە چاوپێکەوتنەکاندا.
- ❖ ئەسرین حەسەن ، یارمەتی دام لە وەرگێڕانی ئینگلیزی نامەکە.
- ❖ ڕاگەیا ندنی مەڵبە ندی دووی کەرکووکی یەکێتی نی شتمانی کورد ستان ، مەڵبە ندی ڕوو ناکبیری کەرکووک ، دەز گای چاپ و پەخ شی سەردەم ، هاوکاریان کردم بە سەرچاوەی بەنرخ .
- ❖ هەموو ئەو بەڕێزا نەی یار مەتیان داوم و هاوکار یان کردووم و ئەوا نەی چاوپێکەوتنم لەگەڵیان کردووە .

# ناوەڕۆك

| بابەت | لاپەرە |
|---|---|


**پێشەکی** ........................................................................ 1

**بەشی یەکەم** ........................................................................ 4

**تەوەری یەکەم** / أ- مێژووی شاری کەرکووك.............................. 5

ب - ناوەکانی شاری کەرکووك ........................................................7

ج - جوگرافیای شاری کەرکووك........................................................8

د - پێکهاتەی دیموگرافی شاری کەرکووك............................................10

هـ - بەعەرەب کردنی شاری کەرکووك .................................................12

**تەوەری دووەم**/ ا زمان وشێوەزارەکانی ...........................................14

ب - شوێنی شێوەزاری کەرکووك لە زمانی کوردیدا................................19

ج - هۆزەکانی شاری کەرکووك ..........................................................21

د - دابەشکردنی شێوەزارەکانی شاری کەرکووك ....................................24

هـ - بێچوە شێوەزارەکانی ناوشاری کەرکووك ........................................26

**بەشی دووەم**/ شێوەزاری شۆریجە.......................................................31

**تەوەری یەکەم/** گەردانی کار لە شێوەزاری شۆریجەدا.........................32

ا - کاری ڕابردووی تێپەڕ..................................................................32

ب - کاری ڕابردووی تێنەپەڕ..............................................................38

ج - کاری داهاتووی تێپەڕ...................................................................44

د - کاری داهاتووی تێنەپەڕ.................................................................47

هـ - کاری داخوازی لە شێوەزاری شۆریجەدا..........................................49

و - کاری ڕابردووی تێپەڕی دانانی ......................................................52

ز - کاری ڕابردووی تێنەپەڕی دانانی ....................................................54

ح - کاری ڕابردووی بکەر نادیار............................................................57

1 - کاری ڕابردووی بکەر نادیاری سادە ..................................................58

2 - كاری ڕابردووی بکەر نادیاری بەردەوام ............................................59
3 - كاری ڕابردووی بکەر نادیاری دوور ...............................................60
4 - كاری ڕابردووی بکەر نادیاری تەواو.................................................. 6.
ط–كاری ڕانەبردووی بکەر نادیار...........................................................62
**تەوەری دووەم /** ڕاناوی کەسی لکاو لە دەوری بەرکاریدا:
أ بەرکاریڕاستەوخۆ.....................................................................  6.
ب - بەرکاری ناڕاستەوخۆ ...............................................................71
**بەشی سێ یەم/** شێوەزاری ئیسکان , ئیمام قاسم.........................................77
**تەوەری یەکەم /** گەردانی کارلە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم:
أ - کاری ڕابردووی تێپەڕ...................................................................78
ب - کاری ڕابردووی تێنەپەڕ...............................................................82
ج - کاری داهاتووی تێپەڕ...................................................................86
د -  کاری داهاتووی تێنەپەڕ..................................................................89
ه - کاری داخوازی تێپەڕ و تێنەپەڕ..........................................................92
و - کاری دانانی(خۆزگەیی) ڕابردووی تێپەڕ...............................................94
ز -  کاری دانانی(خۆزگەیی) ڕابردووی تێنەپەڕ.............................................96
ح - کاری ڕابردووی بکەر نادیار .............................................................99
1. کاری ڕابردووی بکەر نادیاری سادە...................................................100
2. کاری ڕابردووی بکەر نادیاری بەردەوام .............................................100
3. کاری ڕابردووی بکەر نادیاری دوور ................................................101
4. کاری ڕابردووی بکەر نادیاری تەواو..................................................102
ط - کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار ........................................................103
**تەوەری دووەم /** ڕاناوی کەسی لکاو لە دەوری بەرکاریدا ..........................104
أ - بەرکاری ڕاستەوخۆ ......................................................................104
ب - بەرکاری ناڕاستەوخۆ .................................................................108
ئەنجامەکان......................................................................................114
پاشکۆ ...........................................................................................116
سەرچاوەکان.................................................................................... 119
چاوپێکەوتن ..................................................................................... 126

کورتەی نامەکە بە زمانی عەرەبی ........................................................ 127
کورتەی نامەکە بەزمانی ئینگلیزی...................................................... 128

# پێشەکی

# پێشەکی

## • ناونیشانی نامەکە

نامە کە  لە ژ ێر ناونیشانی (  شێوە زارە کانی  شاری  کەرکووك ، لێکۆڵینەوە یەکی جوگرافیایی زارە کوردییەکان ) ە کە لێکۆڵینەوە یەکی تایبە تە  بە  شێوە زارە کانی  ناو  شاری کەرکووك و قسەکەرانی ئەم شێوەزارە ، لە بەر ئەوەی  تائێستا بۆ ئەم شێوەزارە بە هیچ شێوەیەك لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە سەر نەکراوە  .

## • گرنگی نامەکە

أ- گرنگی ئەم نامەیە لە وەدایە دەرخستن و دیاریکردنی نەخشەیەکی جوگرافیایە بۆ شێوەزارە کوردییەکانی ناو شاری کەرکووك .

ب- دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی زاروشێوەزارەکانی  ناو شارەکە و دەوروبەری و دیاریکردنی ئەو هۆز و تیرانەی کە لە ناو شارەکەدا هەن.

## • هۆی هەڵبژاردنی نامەکە

شێوە زارەکانی ناو  شاری کەرکووك تاکو ئێستا بە تێر و تەسەلی باسی لێوەنەکراوە چەندین زمانی بێگانە  ، کە هۆکار بوونە بۆ شێواندی زمانەکە و شێوە زارەکانی شارەکە هەروەها فەرامۆشکردنی ئەم شێوە زارانە لە ڕووی ئەکادیمی و زانستییەوە بوونەتە هۆی هەڵبژاردنی ئەم نامەیە .

## • سنووری لێکۆڵینەوەی نامەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە شێوەزارە کوردییەکانی ناو شاری کەرکووك، کە بەبەشێك لە بەشەکانی شێوەزاری گەرمیان و زاری ناوەڕاست دادەنرێت .

## • کەرەسەی خاوی لێکۆڵینەوەی نامەکە

کەرەسەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لەو چاوپێکەوتن ودیدارا نەی کە لە گەڵ قسە پێکەرانی شێوەزارەکان و خەڵکی ناوچەکە کراون و دەنگیان تۆمار کراوە ، وەك سەر چاوەیەك بەکارهێنراوە جگە لەوەی لێکۆڵەردانی شتووی ناو شارەکەیە و شێوەزارەکەی خۆی بەکار هێناوە بۆ کاری پراکتیکی.

## • ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە

لێکۆڵینەوەیەکە کارەکییە ( میدانی )یە ، لەم لێکۆڵینەوەیە ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەو کراوە بۆ دەرخستن و لێکولینەوەی شێوەزارەکان ، پاشان چەند نەخشە و یا سایەك دەست نیشان کراوە ، کە لە ئەنجامی کارەکەوە هاتوون .

## • کورتەی نامەکە

ئەم نامەیە لەپێشەکییەك و سێ بەش و پاشکۆیەك و ئەنجام و سەرچاوە پێك هاتووە :

**بەشی یەکەم :** لە دوو تەوەر پێك هاتووە :

**تەوەری یەکەم :** کورتەیەکمان لەسەر مێژووی شاری کەرکووك باس کردووە لەگەڵ جوگرافیا و نازناوی شارەکە و پێکهاتەی شاری کەرکووك و گۆڕانی دیموگرافیای شارەکە و کوردستانییەتی شاری کەرکووك .

**تەوەری دووەم :** زارەکانی زمانی کوردی و دابەش بوونیان و دەست نیشان کردنی شێوەزاری کەرکووك لە ناو زارەکانی کوردیدا ، دیاری کردنی بێچوە زارەکانی ناو شارەکە .

**بەشی دووەم :** دوو تەوەرمان لە ڕێزمانی شێوە زارەکەدا باس کردووە:

**تەوەری یەکەم** : کار لەگەڵ بکەردا بە هەموو دەمەکانیەوە لە شێوە زاری شۆریجەدا .

**تەوەری دووەم** : ڕاناوە لکاوەکان لە دەوری بکەری و بەر کاریدا لە شێوە زاری شۆریجەدا .

**بەشی سێ یەم :** لە دوو تەوەر پێك هاتووە :

**تەوەری یەکەم :** کار لەگەڵ بکەردا لە شێوە زاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا .

**تەوەری دووەم :** ڕاناوە لکاوەکان لە دەوری بکەری و بەرکاریدا لە شێوە زاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا .

# بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم :

أ - مێژووی شاری کەرکووك .

ب - ناوەکانی شاری کەرکووك .

ج - جوگرافیای شاری کەرکووك .

د - پێکهاتەی دیمۆگرافیای شاری کەرکووك .

هـ - بە عەرەب کردنی شاری کەرکووك .

## تەوەری دووەم :

أ - زمان و شێوەزارەکانی .

ب- شوێنی شێوەزاری کەرکووك لە زمانی کوردی دا .

ج - هۆزەکانی شاری کەرکووك .

د - دابەشکردنی شێوەزارەکانی شاری کەرکووك .

1- گەڕەکی ئیمام قاسم و ئیسکان .

2- گەڕەکی شۆریجە .

هـ - بێچوە شێوەزارەکانی ناو شاری کەرکووك .

# تەوەری یەکەم :

## أ - مێژووی شاری کەرکووک

کەرکووک یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کوردستان و عێراق خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆرە و گەورەترین کێڵگەی نەوتی عێراق لەم شارە دا یە بۆ یە هەرلە سەدەی نۆزدەوە شوێنی ململا نێ و ناکۆکی و پڕ لە کێشە بووە ، هەر لەبەر گرنگی ناوچەکە و شارەکە پێش ئەوەی نەوت بدۆزرێتەوە ئەم ناوچەیە گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە . (( لە کۆنەوە ئەم ناوچەیە جێی شارستانی بووە ، چونکە پاشماوەی زۆر لەو ئاوایی و گوند و شارانە تائێستاش هەر ماوەتەوە کە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو دەگەڕێنەوە ، وەك بەڵگە لە چاخی بەردینی کۆن ، چەرمۆ لە چاخی بەردینی کۆ ن ، مەتارە لەلای باشوورەوە لە چاخی کانزاکاری دا )) [1].

ئەم ناوچەیە بایەخ و گرنگی خۆی لە مێژوودا هەیە ، هەر لە سەردەمی ئا شووریەکان و سۆمەری و ئە کەدی و عەبا سیەکان و ئینجا لە سەردەمی عوسمانیەکان ز یاتر با یەخی پ ێدرا . (( گۆتییەکان رۆلێکی گرنگیان بینی لە پێکها تەی گەلی کورد پاش ئەوەی لە ناو چەی شارەزوور شۆر بوو نەوە بەرەو کەرکووك و دەوروبەری ، کەرکووکیان کردە مەڵبەندێ بۆ خۆیان بۆ یە ئەم شارە بە ناوێکی نو ێوە ناونرا ئەویش ئارا بخا (ARAPKHA ) پا شان سۆمەرییەکان و ئەکەدی یەکان دانیان بە شانشینی گۆتیەکا نا ))[2]* .

بۆ یە ئارا بخا کە ( عەرە فە )ی ئی ستایە با یەخ و گرنگ یەکی خۆی هەبووە و بووە تە مەڵبە ند و سەنتەری ئەم شارە ، میرنشینەکانی ئەو سەردەمە هەمیشە بایەخیان پێداوە و کردوویانە تە جێ ی شارستانی و جێ نشینی خۆیان .

لە سەردەمی عوسمانیەکان دا کەرکووك پلە و پایەی بەرزی هەبووە بە پایتەختی یان بە مەڵبەندی لیوای شارەزوور دانراوە چونکە لە سەردەمی عوسمانیەکان عێراق دابەش کراوە بۆ چەند ویلایەتێك وەك ( ویلایەتی شارەزوور و موصل و ویلایەتی بەسرە ) لە سەرەتای سەدەی حەڤدەدا کاتێك عوسمانی یەکان کەرکووکیان کردە پایتەختی ویلایەتی شارەزوور بە پێ ی بەلگەنامە ڕەسمی یەکانی دەوڵەتی عوسمانی ویلایەتی ناوبراو ئەوکات لە (20) سنجق پێکهاتووە *.

---

1- کامەران کوێخا جەلال ، کەرکووك لەبەر ڕۆشنایی دەقەکانی مێژوو دا ، ل 31

2- د . کمال مظهر ، کرکوك و توابعها حکم التأریخ و الضمیر ، ص 10.

* - بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ناوی عەرەفە بڕوانە فواد حمە خورشید لە بەلگەنامەکاندا ، ونەخشەی ژمارە ( 2) شاری عەرەفە .

* - سنجق = یەکەیەکی کارگێری بوو لە دەوڵەتی عوسمانی دا .

گرنگترین سەنجەقەکانی ئەم ویلایەتە ( هەولێر  جەبەل حەمرین  سەنجەقی هەزار مێرد  مەرگە  حەریر ... هتد )[3].

کەرکووك لە سەردەمی عوسمانی یەکان پایە تەخت و ویلا یەتی شارەزوور بووە ئەویش زۆر بەی ناو چەکانی کورد ستانی با شووری دەگر تەوە لە سەردەمی یەکە مدا سمەکۆ و کرمانشاه و ناو چەی بارزان و بەشێك لە هەکاری گرتۆتەوە[4].

لە کۆنەوە ئەم ناوچەیە جێ ی شارستانی بووە لە هەزارەی( 3 ) پ.ز شانشینی ئەرابخا لەگەڵ چەند ولاتێك هاو سنوور بووە کە چەند شارستانیەتێکی جیاوازیان لەخۆ گرتووە [5].

---

3- سعدي- عثمان حسين ، كردستان الجنوبية و ايالتها بغداد و الموصل ، دراسة في علاقات السياسية و الادارية و الاقتصادية في القرنين لسابع العشر و الثامن عشر ، اطروحة دكتوراه ، ص 65.

4 - عبدالرقيب يوسف ، حدود كردستان الجنوبيه جغرافيا و تأريخيا ، ص 120 .

5- کامران کوێخا جلال ، مێژووی کۆنی کەرکووك . ل30

## ب - نـــاوەكانی شـاری كـەركـووك :

نـــازنـــاو و ناوی كەركووك بە چەند قۆناغێكدا تێپەڕیوە لە هەر قۆناغێكدا ناوێكی هەبووە ، لە سەردەمی گۆت یەكان بە ( ئارا بخا ) ناوبراوە [6] ، پا شان لە سەردەمی ئا شووریەكان " كاتێ ئاشوریەكان گردەكانی ئەرەفەیان گرت بلێسەی ئاگر لە چاڵەكان و دۆڵەكانی ئەرە فەوە بەرز بووەوە ، كەیخەسرەو ئەم شارەی داگیر كردووە و خابووری كردووە بە تەنیشتی یەوە ئەم شارەی ئێستای دروست كردووە ناوی ناوە ( گیرەك ) بە وا تای دێ ی داپۆ شراو بە شوورە لە ساڵی ( 612 ) پ. ز

هەروەها لە سەردەمی ئەسكەندەری مەقدۆنی ( 226 ) پ.ز بە ناوی ( كرخ سلوخ ) ناوبراوە [7].

هەروەها كاتێك كورد ستان كەو تە ژێر دە ستی پار سەكان ( 247 – 226 ) پ.ز سا سانیەكان كەركووكیان لـەم سەردەمـانەدا بە ناوی جەرمەكان ناوبـراوە [8].

لە سەردەمی ئیسـلامی دا بۆ یەكەم جار ناوی كەركووك وا بلاو بۆوە و كەو تە سەر زارەكـان ئەم ناوچەیە وا دەركەوت ناسرا بە ( كەركووك) لە سەردەمی ( 18 ) كۆچی كە ئەكا تە سەدەی ( 14 ) زاینی [9] لای مێژوو نووسە موسڵمانەكان ناوی كەركووك بە ناوی ( كەرخینی ) هاتووە [10] .

كەركووك شارێكی كۆنە لە نوو سراوە مـسماری یەكان دا پێش هەولێر ناوی هاتووە هەرەوك ئەو زانیاریا نەی لە ڕۆژژمـێری جوگرافی سەرجۆنی ئە كەدی ( 2530 – 2473 ) پ.ز هاتووە لەم ڕۆژژمێرە ناوی ئەم شارە بە ناوی ( ئەرابخ ) هاتووە [11]. هەروەها كورد كەلاكۆك – قەلای كۆك – گەورە – شیان پێوتووە [12].

هەروەها لە لا یەن مـێژوو نوو سی فارس ( شرف ا لدین ع لی یزدی ) ناوبراوە لە ڕووداوە مێژوویەكانی سەدەی پانزەمی زاینی ناوی كەركووكی بەم شێوەیەی ئەمڕۆی هێناوە [13].

هەروەها بە ناوی ( كەڕەك ) وا تای قەلا مـیدیای ئار یەكان ئەم ناوە یان لێ نا ، ( ئارا بخا ) شاكر خـصباك ئەڵێ: گۆتی یەكان ئەم شارەیان درو ست كردووە ، هەروەها سریانی یەكان ناوی( بـیت گەرمای ) یان لێنا بەلام طە باقر و دكـتۆر جەمال بەوە با سی كەركووك ئە كەن ( گوڕ گوڕ ) لە گڕەی ئاگرەكەی چاڵە نەوتەكانی بابە گوڕگوڕەوە هاتووە [14].

6- كامل صالةيي ، موجز في تأريخ كركوك بين وثائق الماضي و حقائق الحاضر ، 2005، ل 6 .

7- محمد حسين محمد شواني ، التنوع الاثني و الديني في كركوك ، ل 69 .

8- فؤاد حمه خورشيد ، كەركووك لە بەڵگەنامەدا ، ل 16 .

9- مجموعة من الباحثين ، بحوث الندوة العلمية حول كركوك ، نيسان 2001 ، اربيل .

10- ياقوت الحموي ، معجم البلدان ، ج 4 ، ص 450 .

11- توفيق وهبي ، الاثار الكاملة ، ص 247 .

12- زاهیر ڕۆژبەیانی ، كەلاكۆك – قەلای كەركووك و ئەفسانە ، ل 21 .

13- اليزدي ، ظفرنامة ، جلد يكم ، بتصحيح و اهتمام محمد عباسي ، تهران ، 1336 هـ .ش ، ص 496 .

14- كامل صالةيي ، موجز في تاريخ كركوك بين وثائق الماضي و حقائق الحاضر ، ص 5 .

ناوی کەرکووك بە زنجیرە ناوێك هاتووە ( شاری ئارابخا □ شاری کەرەك + کوك □ شاری کەرخ سلوخ □ شاری کور خورا □ شاری کەرخینی □ گەرمەکان □ شاری زێڕی ڕەش □ شاری برایەتی ) [15].

# ج - جوگرافیای شاری کەرکووك :

لە سەردەمی نوزی یەکان با یەخ بەم شارە دراوە چی لە ڕووی ئیداری یەوە چی لەڕووی جووگرافیەوە بۆ یە لە سەردەمی نوزی یەکان کۆنترین نەخشە دۆزراوە تەوە کە شاری کەرکووکی لەسەر وێنە کراوە لەسەردەمی خوری ئەم وێنەیەش لە متحفی بنسلفانیایە [16].

شوێنی جوگرافیای کەرکوك وای کردووە کە ئەم شارە بکەوێتە سەر گەورەترین کێڵگەی نەوتی لە ناوچەکە و عێراق دا و دەوڵەمەندی ناوچەکە وای کردووە کە ئەم شارە بە بەردەوامی ببێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوەی داگیرکەران چاو ببڕنە سەری . (( ئاپۆرەترین شوێن لە باشووری کوردستان ئەستانی کەرکووکە ( 53 ) کەس لە ( 1 ) کچك هۆیەکانیشی دەگەرێتە بۆ دەوڵەمەندی ناوچەکە بە سامانی ژێر زەوی بە تایبەتی نەوت وەك لە چاڵاوگەکانی بابەگوڕ گوڕ ، زەنبور ، بای حەسەن ، نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە هەموو وڵاتانی تری ڕۆژهەلات و گشت جیهان)) [17] لە یەکەم ئنسیکلۆپیدای تورکی لەمێژوودا کەرکوك شارێکە ناوەندی لیوای شارەزوورە لە ویلایەتی (مووسڵ )ی کوردستان و ( 160 )کم لە باشووری خۆرهەڵاتی شاری مووسڵ ، لە ژێر ریزە گردێکدا لە ڕۆخی دەشتێکی بەریندا ، لەسەر زێی ئەدهەم ( زێی خاسە )، (30000 )هەزار کەسی دانیشتوانی هەیە [18]. هەروەها ناوی کەرکووك لە چەندین سەرچاوەی دێرین و ئەنسکلۆبیدیای جیهانی باس کراوە ( لە تازەترین چاپی ئەنسکلۆبیدیای گەورە بەر بلاّوی دانیمارکی پێناسەی شاری کەرکووکی وا کردووە ، کەرکووك شاری کێڵگە نەوتی یەکانە کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەلاّتی □عێراقەوە بەشێکە لە کوردستان و 250 کم لە باکوری بەغداوەیە [19].

بە پێی هێڵە پانەکانی باکووری گۆی زەوی ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان باز نەی پانی 34 پلە لە لای باشوور و 35 ی باکوور بەو پێیەش دەکەوێتە ناوچەی گەرمەسێر کە زستانی سارد و باراناو یە و پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە [20] لە هاویندا زۆر گەرمە و پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە کشتوکاڵ لەم

15- کرکوك بموجب احصاء عام 1957 ، قسم البحوث و الاستطلاعات الرآي ، ص 4 .

16- - عبدالرقیب یوسف ، حدود کردستان الجنوبیه ، ل 61 .

17- د. عبدالله غفور ، ئەتنۆ دیمۆگرافیای باشوری کوردستان ، ل 33 .

18- شەمسەدین سامی ، کورد و کوردستان لە یەکەم ئنسیکلۆپیدای تورکی لە مێژوودا ، قامووسو لئەعلامی ، 2008 ، ل 258

19- گۆڤاری گیرفان ، کەرکوك لە ئینسکلۆپیدیای ولاّتانی ئەوروپا و عەرەب و ئەمریکاوە ژمارە ( 4) ی ساڵی 2007.

20- کامەران کوێخا جەلال ، مێژووی کۆنی کەرکووك لەبەر ڕۆشنایی دەقەکانی نوزی دا ، ل 41.

ناوچەیەدا زیاتر پشت بە جۆگەلە و ئاوی بچووك دەبەستیّ دەر یا و دەریا چەی لیّ نی یە ، بە زۆری گەنم و جۆ لە دەشتەكانی كەركووك دەكریّت و پشت بە بارانی وەرزی دەبەستیّت .

(( لە میّژوودا كشتوكالّ و بازرگانی لە پیّشەوەی بزاوتە ئابووری یەكان بوونە كەركووك وەك شار و ناوچە گرنگی سیّ لایەنەی هەبووە لە ڕا بردوودا ناو چەیەكی كشتوكالّی □ سەرە ڕیّی بازرگانی □ ستراتیژی شویّنی سەربازی))[21].

---

21- علی محمود محمد ، كركوك شاری قەلاّ و ئاگر و خویّن ، ریگا چارەسەرە ، ل 87 .

# د - پێكهاتەی دیموگرافی شاری كەركووك :

پێكهاتەی ئەم شارە لەڕووی نەتەوەوە فرە نەتەوەیە پێكهاتووە لە كورد و عەرەب و توركمان و كلدان و سریان و صائبە ، ئەرمەنی ، یەهودی ، لەبەرئەوەی ئەم شارە مێژوویەكی كۆنی هە یە هەر لە كۆ نەوە نە تەوەی جیاجـیا ڕووی تێ كردووە ، " لە كەركووك ناو چەكانی دەورو بەری دا بە درێژایی مێژوو چەندین ڕە گەزی جۆراو جۆر ڕووی تێكردووە وەك ئە كەدی و سۆمەری و سوپاری گۆتی و دواتریش خوری ... ).[22]

نەتەوە بنەڕەتی یەكانی ئەم لیوایە كورد و عەرەب و توركمانە ، كوردەكان لای باكوری ڕۆژهەلاًتەوە شۆربوونەتەوە بەرەو باشوور و خۆرئاوا تاكوو ناوەندی لیواكە[23].

پاش دروست بوونی دەوڵەتی عێراقی نوێ كەركووك ڕ ێژەی عەرەبی تـێدا زۆر كرا و پرۆ سەی بە عەرەب كرد نی تـێدا ئەنجام درا ، بە پـێی نەخـشەی پلانێـكی گەورە و جێ بەجێ كرد نی ، هۆزە عەرە بەكان خواروو با شوور و ڕۆژ ئاوای عـێراق هێـنران و نیـشتەجێ كران[24]. لە گەڵ ئەما نەش ئە گەر بەوردی لیـستی سەرژمێرەكان لە ساڵانی ( 1957 – 1987 ) تەما شاكەین ئەوا بە وردی ڕێژەی كورد لە كەركووك بەدیار دەكەوێت بۆ یە كورد گەورەترین ڕێژە یە لەم شارەدا ،" كورد بە ژ مارە و بە ڕ ێژە گەورەترین نە تەوەی با شووری كورد ستانە بەلاًم لە گەڵ ئەمە شدا بەردەوام ڕێژەكەی لە دەمبوون دایە لەنێوان ساڵەكانی ( 1957 – 1987 ) [25]

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە كە لە كەركووك فرە نە تەوەی زۆر بووە . لە سەردەمی بەریتانـیەكان كاتێ كابتن نۆئـێل ئەنجوو مەنی كارگێری دائـە مەزرێنێ كە پێكـهاتووە لە 12 ئە ندام بەم جۆرە دایدەنێ : یەك ئەندام مەسیحی ، یەك ئەندام عەرەب ، یەك ئەندام یەهوودی ، سێ ئەندام توركمان ، شەش ئەندام كورد[26]*.

هەروەها لەم خـشتەیە دابە شبوونی دانیـشتوانی شاری كەركووك بە پێ ی ئامـاری ســـــالّی 1957 دیاریكراوە:[27]

---

22– كامران كوێخا ، مێژووی كۆنی كەركوك لە بەر ڕۆشنای دەقەكانی نوزی دا ، ل 21 .

23- د. نوري تالةباني ، منطقة كركوك و محاولات تغير واقعها القومي ، ص 131 .

24- پ.د خليل اسماعيل محمد ، اتجاهات سياسة التغير الديموغرافي لسكان محافظة كركوك ، ص 197 ، هاواری كەركووك.

25- - د. عبدالله غفور ، ئەتنۆ دیمۆگرافیای باشووری كوردستان ، ل 41 .

26- كامل صالةيي ، موجز في تأريخ كركوك بين وثائق الماضي و حقائق الحاضر ، ل 22.

* بۆ زیاتر بڕوانە : فواد حمە خورشید ،لەبەلگەنامەكان دا .

27- كركوك بموجب احصاء عام 1957 ، قسم بحوث و الاستطلاع و الرأي .ل4.

| ژ | نەتەوە | ژ مارەی دانیشتوانی بە پیٚ ی ژ ماردنی 1957 | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | کورد | 187593 | ٪50.23 |
| 2 | عەرەب | 102789 | ٪27.47 |
| 3 | تورکمان | 81653 | ٪21.87 |
| 4 | کلد و ئاشور | 1605 | ٪0.43 |
| | کۆی گشتی | 373440 | ٪100 |

# هـ - بە عەرەب کردنی شاری کەرکووك :

تەعریب کردنی شاری کەرکووك یەکێکە لە سیاسەتی حکومە تە یەك لە دوای یە کەکانی عێراق بۆ شێواندنی دیموگرافی شارەکە لە بەر ئەوەی کورد ڕێژەیەکی زۆری لە پێکهاتەی شارەکە پێکهێناوە لەسەردەمی عوسمانیەکان . ڕێژەی کورد زۆرتر بووە لە چاو نە تەوەکانی تری ناو شارەکە کە سێ لەسەر چواری دانیشتووی شاری کەرکووك کوردن باقیە کەی تری عەرەب هەروەها 760 خێزانی جولەکە و 460 خێزانی مسیحی و کلدانی تێدایە [28].

بۆیە ئەم شارە هەمیشە لەبەرچاو بووە ، داگیرکەرانی کوردستان و حوکمەتە یەك لەدوای یە کەکانی عێراق سیاسەت و پڕۆگرامی وردیان بۆ ئەم شارە دارِشتووە بە تایبەتی پاش دۆزینەوەی نەوت لەناوچەکە لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژەی کورد لەم شارە زۆر بووە بۆیە ڕژێمەکان بیریان لەوە کردۆتەوە کە ڕێژەی عەرەب لەم شارەدا زۆر بکەن لە ناو شارەکە و ژمارەی دانیشتوانی کورد لە ناوچەکە کەم بکەنەوە ئەویش بە پەیڕەو کردنی سیاسەتی تەعریب کردنی ناوچەکە پاشان تەرحیل کردنی کورد لە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووك دواتر ڕاگواستن و دەرکردنی هەزاران ماڵی کورد بە بیانووی جیاجیا ئەمەش بە چەند قۆناغێکدا تێ پەڕیوە .

پاش کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم ، ئەو کاتە وڵاتە زلهێزەکان کەوتنە وێزەی ئەو وڵاتانەی لەژێر دەسەڵاتیان بوون پاشان لاوازی دەسەڵاتی عوسمانیەکان (( عێراق لە 1921/8/23 دا دامەزرابێت ئەوا دوو ویلایەتی بووە هەتا ساڵی 1925 کێشە و گرفتی هەبووە لەپاش دۆزینەوەی نەوت لە ژێر خاکی کەرکووك چاوی تەماحکاری عەرەب و تورك ڕووی لە کەرکووك کرد ))[29]. پاش دروست بوونی دەوڵەتی عێراقی گرنگی و بایەخی زۆر درا بە کەرکووك ئیتر کار بۆ ئەوە کرا ئەم شارە کوردیە بکرێتە شارێکی عەرەب نشین و دوورخستنەوەی کورد لەم شارە .

لە سەردەمی مەلیك فەیسەڵ دا ئەوەبوو لە 1921/7/21 کرا بە شای عێراق لە هەڵبژاردنی فەیسەڵدا بۆ ئەم پلە یە دانیشتوانی کورد ستانی عێراق بەژداریان نەکرد ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە یەکێ لە هۆکارە سەرەکیەکان بە شداری نەکردنی کورد لە هەڵبژاردنی فەیسەڵدا پشتگوێ خستنی خواستەکانی کوردە.[30] پرۆژەی یاسین هاشمی یە کەم هەنگاوی بە عەرەب کردنی پارێزگای / لیوای کەرکووك بوو[31] . بەم پێ یە سیاسەتی تەعریب کردنی کەرکووك و گۆرینی دیمۆگرافیای شارەکە دەستی پێکرد سەرەتای سیاسەتی تەعریب بە بەرنامە ڕێژی بوو ئەوە بوو لە

---

28- شۆرش حاجی ، تەعریبی کەرکووك ، ل 33.

29- نەجات حەسەن ، چمکێك لە مێژووی کەرکووك ، بەرگی یەکەم ، کوردستان ، کەرکووك ، 2006ل9

30- لەتیف فاتح فەرەج ، کورد و کەرکووك ، کورتە خوێندنەوەیەکی دیرۆکیانەی کەرکووك ، ل31 .

31- زاهیر ڕۆژبەیانی ، ڕژێمی بەغدا تاکە ڕژێمی جیهانە کە بەڕەسمی تەزویر دەکات ، گۆڤاری باوەگوڕگوڕ ، ژمارە ( 5 ) .

سەردەمی مەلیك غازی لە ساڵی 1937 بەناوی یە کەی وە بەرهێنان بۆ زەوی و زار هێنانی دە یان هەزار عەرەب بۆ دەوروبەری کەرکووك.[32]

پاش هاتنی بەعس بۆ سەر حوکم و دەسەڵاتیان گر تە دە ست دوای ئەوەی خۆ یان سەپاند و ڕەگ و ڕیشەی خۆیان داکوتاو پاکسازی خۆیان کرد و کەوتنە بەرنا مە داڕ شتن بۆ شاری کەرکووك و ئەو شارە کوردیانەی کە نەوتی لێ یە ، ئەویش سیا سەتی تەرحیل کرد نی دە یان هەزار خێزا نی کورد لەو ناوچانە هەر جارەی بەناوی شتێکەوە جارێ بەناوی پشتێنەی ئەمنی ، جارێ بەناوی د یاری کردنی سنوور و ڕاگواستنی هەزاران خێزان و دەرکردنیان لە زەوی و زاری باو باپیرانی خۆیان .

ڕژێمی بەعس هەوڵی زۆری داوە بۆ دابڕینی شارەکە لە کوردستان هەر لە گۆڕینی ناوی قوتابخا نە و شوێنە کورد یەکان و گەڕە کەکانی ناو شارەکە و کرد نەوەی دە یان یە کەی جێ نشین بۆ عارەبی هاوردە و گۆڕینی ز مانی دا یك بۆ ز مانی عەرەبی و قەدە غەکردنی ز مانی کوردی لە دام و دەز گا حکومیەکان و پاشان کەوتنە گرتن و کوشتنی هەزاران خەڵکی بێ تاوان لە شارەکەدا و دەرکرد نی هەزاران خانەوادەی کوردی و گواستنەوەی بۆ خوارووی عێراق و بۆ شارەکانی تری کورد ستان ئینجا سیاسەتی بە بەعس کردنی خەڵك و گۆڕینی ناوی نە تەوەی کورد و تورکمان لەم شارەدا بە ناوی ( تصحیح القومی ) چاککردنەوەی نەتەوایەتی ، ئەمانە بێجگە لە لە سێدارە دا نی هەزاران گەنجی ئەم شارە ، چۆلکردن و وێران کرد نی دە یان گەڕەکی کورد نشین وەك عەرە سەکە و گەڕە کەکانی شۆریجە و هێنانی عەرەب بۆ ناوچە کورد نشینەکان .

بۆیە ڕژێمی بەعس تەعریب کردنی کەرکووکی بە پێ ی نەخشە و بەرنامەی ورد جێ بە جێ کرد بە چەند قۆناغێك ئەتوانین دیاری بکەین :

**1- قۆناغی یەکەم 1968 – 1970 .**

**2- قۆناغی دووەم 1970 – 1974 .**

**3- قۆناغی سێ یەم 1974 – 1975 .**

**4- قۆناغی چوارەم 1975-1987.**

قۆ ناغی چوارەم یەکێکە لە توندوتیژترین سەردەمەکانی تەعریبی کەرکووك و شوێنەکانی تری کوردستانی عێراق[33] . دواتریش هەڵمەتی ئەنفال بوو دوای کۆتایی شەڕی عێراق و ئێران لە ساڵی (1980 – 1988 ) د یارترین هەڵمەتی ئەنفال بوو ئەم هەڵمە تە ناو چە گرنگەکانی پارێزگای کەرکووکی گرتەوە ، ناوچەکانی گەرمیان و چەمچەماڵ و قادر کەرەم و سەنگاو و .... هتد[34].

---

32– لیلی نامق جاف ، کرکوك لمحات تأریخیه ، منشورات خبات ، 1992 .ص8

33- شۆرش حاجی ، تەعریبی کەرکووك ، ل 33.

34– فواد حمه خورشید ، کەرکووك لە بەلگەنامەکاندا ، ل 156 .

# تەوەری دووەم:

## أ - زمان و شێوە زارەکانی

ئەوەی مرۆڤـ لە گیانەوەرانی تر جیا ئەکاتەوە زمانە ، چونکە زمان هۆیەکە بۆ لە یەك گەیشتن و گۆڕینەوەی بیروڕا و ئالۆگۆڕکردنی هەست و سۆز لەنێوان مرۆڤ دا لە مەڕ پێنا سەی ز مان بیروڕای جیا جیا هەیە بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە [35].

هەموو زمانێ گەشە دەکات و لق و پۆپی نوێ دەردەکات بەو گە شە کرد نە شێوە و شێوەزاری جیا جیای لێ دەبێتەوە . ئامانجی سەرەکی لێکۆلینەوەکانی شێوازگەری بە شێوەیەکی گشتی بریتی یە لە پراکتیزە کرد نی ئەو ڕێ گا هونەریا نەی کە لە زان ستی زما ندا هەن بۆ دیرا سەکردنی شێوە تایبەتیەکان و شێوە باوەکانی بەکارهێنانی زمان ، هەر شێوەیەکیش لەم شێوانە مۆرکێکی تایبەت بەخۆوە دەگرێت [36].

بوونی شێوەزار و زاری جیا جیا لەناو هەر زمانێکدا ما نای دەوڵەمە ندی زمانەکە یە و فرە زار یش لەناو زماندا دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی زمانەکە . زاراوەی دیالێکت بەکاردێ بەوەی کۆمەڵێ لە قسە پێ کەران لە ناو چەیەکی د یاریکراو قسەی پێبـ کەن هەروەها بە ز نجیرە دیالێ کت ناودەبرێ لەو ناو چەیە ، قسە پێکەرانی ئەم دیالێکتە لە یەکتری باش تێئە گەن کە سەر بە هەمان ز نجیرەی خۆیانن ، واتە سەر بە هەمان ئەو دیالێکتەن ، بەڵام ئەو قسەپێکەرانەی لە دەرەوەی ئەم بازنە یەن ئاستەمە یان گرانە لەم دیالێکتە تێبگەن[37] .

لە ڕاستیدا لە هەر زمانێك ورد بینەوە لە هەرکاتێکدا دەبینین لە چەند شێوەیەکی ( زارێ کی ) جیا جیا پێکهاتووە هەر قسە کەرێ بەجۆرێ لە بارێکی کۆمەلأیەتیدا بەکاریان دێنێ[38] .

هەروەها گۆڕینی زار و شێوەزار و ز مانی مرۆڤـ ـ بە ندە بە باری جوگرافی ، سیا سی ، ئابوری کۆمەلأیەتی . ( گۆڕینی یاسایەکی ئەزەلی ئەم سروشتەیە باری ئێستای هەرشتێ جیایە لە هی هەر سەردەمێکی تری ژینـ گە دەورێ کی با لأ ئەگێڕێ لە ئارا ستەکردنی شێوەی گۆڕین ، ز مانیش وەك دیاردەیەکی سروشتی لەم یاسا گشتی یە بەدەر نی یە ئەگۆڕێ بە تێ پەڕبوونی کات و باری جوگرافی و ئابوری و کۆمەلا یەتی و کەلـ چەری و پەیوە ندی لە گەڵ زما نانی تر دەور دەگـ ێڕن لە چۆنیەتی شێوەگرتنی ئەم گۆڕینە [39].

---

35- د. محمد محوی ، زمان و زانستی زمان ، ل 9 .

36- د طالب حسین ، نووسەری نوێ . ژمارە (38 ) ساڵی 2005 ، شێوەزارەکانی زمان و شێوەزاری ئەدەب ، ل 86.

[37] David crystal ، A dictionary of linguistics and phonetics ، page 137

38.-د محمد معروف ، زمانەوانی ، ل 103

39.د وریا عمر ، خزمایەتی لە زماندا، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، 2004 ، ل 166 .

زانستی زمان بایەخ و گرنگی زۆری داوە بە زار و شێوەزارەکانی یان زیاتر، گومان لەوەدا نی یە کە زانستی زمان چۆن دەروانێتە ز مانی هاو بەش بە هەمان شێوە دەڕوانێتە دیالێکتەکانی تری ز مان چونکە هەر دیالێکتێك بە سیستەمێکی هێمایی دادەنرێت و ئەرکی خۆی لە بوارێکی د یاری کراودا بەجێ دەهێنێ [40] .

دیارە ئەم شێوەزارانە پەیوەندیان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆ یەك (( هۆی سەرەکی بۆ پە یدا بوونی زارە ناوخۆییەکان و شێوەزارەکان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی هەرێمەکان و ئەوا نەی دەورو پشتی ئەو هەرێمەن هەر لەباری تایبەتی و مێژوویی و جوگرافی و سیاسی))[41] .

" هەر زمانێك لە چەندان دیالێکت پێکهاتووە ز مان و دیالێکت لە ڕووی زانستی زما نەوە جیاوازی یەکی گەورەیان لە نێوان دا نی یە هەر دیالێکتێك لە ڕێی پێنووسین و نوو سینەوەی ڕێزمانە کەی و دانانی فەرهەنگی یەوە دەشێت لە ئەنجام دا پرەستیژی زمان پەیدا بکات و ببێتە زمان "[42].

بۆ دەست نیشان کردنی شێوەزاری کەرکووك لەناو شێوەزارەکانی تری کوردی دا پێویستیمان بە پێداچوونەوەیەك لەسەر ئەو باسانەی کە باس لە دابەشبوونی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەکەن .

لە شەرەفنامەی ( میر شەرەفخانی بەدلیسی ) دیالێکتەکانی ز مانی کوردی بە سەر چوار دیالێکت وەك کرمانج و لوڕ و کەڵهوڕ و گۆران دابەشکردووە.[43]

زمانی کوردی وەکو زۆربەی زمانانی جیهان خاوەنی چەند زارو شێوەزارە هۆی پەیدابوونی ئەم زاراوانەش چەند هۆیەکی تایبەتی خۆی هەیە هەر لە باری جوگرافی کوردستان تاکو سیاسی ، کۆمەلأیەتی کە بوونەتە هۆیەك بۆ سەرهەڵدانی زاری جیا جیا بۆ دابەش بوونی زارەکان لە زمانی کوردی دا بیرووڕای جیا جیا دەخەینە ڕوو :

ئەولیا چەلەبی دە ڵێ : " ز مانی کوردی بە سەر پازدە دیالێکتدا دا بەش دەکر ێت ئەما نەن ( زازا و لۆلۆ و گۆران .... )"[44].

مینۆرسکی لەبارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردیەوە دەڵێ : (( ز مانی کوردی دا بەش کراوە بە شێوە زمانی زۆرەوە وەکو : ( شێوە زمانی خواروو ، شێوە زمانی ڕۆژهەلأت ، شێوەزمانی ڕۆژئاوایی ))[45].

پا شان لە ساڵی 1951 توف یق وە هبی : ز مانی کوردی دا بەش کردووە بە سەر چوار دیالێکت کە ئەمانەن :

---

40 - د . طالب حسین ،ئاسۆی پەروەردەیی ژمارە ( 7 ) لەساڵی 2001 ، فێربوونی زمانی نەتەوایەتی هاوبەش ، ل 34 .

41- حاتم صالح الضامن ، علم اللغة ، ص117 .

42 - د. رفیق صابر ، کوردۆلۆژی ، ل 37 .

43- - شرف نامە ، شرفخانی بەدلیسی ، هەژار کردوویە بە کوردی ، ل 29 .

44- حسین محمد عزیز ، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی ، ل 47.

45- هەمان سەرچاوە ، ل48

1- کرمانجی :

أ  کرمانجی شیمالی

ب- کرمانجی جنوبی .

2- لـــــوڕی .

3- گۆرانی

4- زازایی .[46]

د. کمال فواد دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەم جۆرە دابەش کردووە :

1- کوردی ڕۆژئاوایی ( کرمانجی سەروو )

2- کوردی ڕۆژهەلأت ( کرمانجی خواروو )

3- کوردی باشوور .

4- گۆران و زازایی

هەریەکە لەم بێچوە زاراوا نەش کە باسی دەکەین گەلێ زاراوەی بچکۆلە تر یان لێدەبێتەوە وەك (بادینی پێك دێت لە هەرکی و سورچی و ئامێدی و زاخۆیی و ... ، سۆران لە هەولێری و ڕەواندزی و کۆیی و ، سلێمانی لە شارەزووری و شارباژێری و گەرمیانی و .....تاد .)[47].

د.جمال نەبەز زارەکانی زمانی کوردی بەم جۆرە دابەش کردووە :

أ/ دوو شێوە بنچینەیەکە :

1- کرمانجی ژووروو : ( زارەکانی بۆتانی ، جزیری ، هەکاری ، بادینی، ئاشیتەیی ، بایەزیدی ).

2- کر مانجی ناوەڕا ست : ( زارە کانی سلێمانی ، موکری ، سنەیی ، ئەردەلأنی ، کەرکووکی ، گەرمیانی، هەولێری ، سۆرانی ، شارباژێری ) .

ب/ دوو شێوە لاتەنیشتەکە :

1- کرمانجی ژێروو : زارەکانی ( فەیلی کرمانشانی ، لەکی ، کەلهوڕی ، خانەقینی ) .

2- کۆمەڵەی شێوە گۆران و زازایی : گۆران کە زارەکانی ( هەورامان ، ناو چەی زەنگەنە ، زاری ناو چە کاکەیەکان لە کەرکووك قسەی پێ دەکەن کە ماچۆیشی پێ دەڵێن زازاکان لە ناوچەکانی ئەلەزیر ، دێرسیم خەرپۆرت ... )[48].

46- تۆفیق وەهبی ، ئەشکەوتەکەی گەندۆك ، ل 33 .

47. کمال فؤاد ، گۆڤاری زانیاری ، زاراوەکانی زمانی کوردی زمانی ئەدەبی و نوسینیان ، ل 16.

48- جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، یەکێتی نەتەوەی خوێندکارانی کورد ، بارمبێرگ ، ئەڵمانیا ، ل 22

د. كوردستان و د. كامل بصير بەم شێوەیە زارەكانیان دابەش كردووە :

1- زاری كرمانجی خواروو.

2- زاری كرمانجی ژووروو .

3- زاری هەورامی .

4- زاری لوڕی .

زاری كرمانجی خواروو كوردەكانی ناوچەی سلێمانی و سۆرانی و ئەردەڵاْن و موكر یان بەم زارە دەدوێن ئەم بەشانەشی لێ دەبێ تەوە ( سلێمانی و سنەیی و ئەردەڵاْنی و كەركووكی و گەرمیانی و هەولێری و سۆرانی و موكری و شارباژێڕی و پشدەری ... )[49].

د. فۆاد حمه خورشید بەم شێوەیە دیالێكتەكانی زمانی كوردی دابەش كردووە :

أ - دیالێكتی كرمانجی باكوور : بایەزیدی و هەكاری و بۆتان و شەمدینان دیالێكتی خۆرئاوا .

ب- دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست : موكریان و سۆرانی و ئەردەڵانی و سلێمانی و گەرمیانی .

ج - دیالێكتی كرمانجی باشوور : لوڕی گەورە و لوڕی بچووك .

د - دیالێكتی گۆران: گۆرانی ڕەسەن و هەورامی و باجەلاْنی و زازا[50].

( بێهزاد خۆشحاڵی و مستەفا غەفور ) درە ختی خێزا نی زما نەكانی جیهانی د یاری كردووە ز مانی كوردی لە یەكێك لەم دوو لكانەوە وەدیهاتووە :

1- زوا نە هیند یەكان كە بریتین لە : پەنجابی و گیرا تی و بەهاری و هی ندی ڕۆژ ئاوا و ڕۆژهەلاْت و باركراتی راجاسانی .

2- زوانەكانی ئێران كە بریتین لە : فارسی كۆن و نوێ و كوردی بلوجی و زوانی ناوچەی پامیر و ئەسینی لە ناوچەی قەفقاس و ئەفغانی [51].

لەكۆتایی دا باس لەوە دەكات كە هەموو زماناسان لەسەر ئەوە كۆكن كە بوونی چوار زاری كوردی لە زمانی كوردی دا هەیە .

بە بۆچوونی ئێمەش زارەكانی زمانی كوردی دابەش دەكرێتە سەر چوار زار كە بریتین لە :

1- زاری كرمانجی خواروو .

2- زاری كرمانجی ژووروو.

3- زاری لوڕی .

4- زاری گۆران و زازا

---

49- د.كامل بصیر ، كوردستانی موكریانی، صادق بهاوالدین ، حمدأمین هەورامی، زارە كوردیەكان ، ل 55.

50- فۆاد حمو خورشید زمانی كوردی دابەش بوونی جوگرافی و دیالێكتەكان ، ل 58 .

51– بێهزاد خۆشحاڵی و مستەفا غفور ، فیلۆلۆجیای زمانی كوردی و مێژووی كوردستان ، چاپی یەكەم ، 2008 ، چاپخانەی خانی دهۆك ، ل 222.

## ب - شوێنی شێوەزاری کەرکووك لە زمانی کوردی دا

ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە شێوەزاری کەرکووك لەناو زارەکانی کوردی دا دیار بکەین :

لەلای تۆفیق وەهبی شێوەزاری ( کرکوك ) دەکەوێتە بەشی کرمانجی باشوور کە چەند لقێکی لێ بووەتەوە وەك موکری سۆرانی سلێمانی و سنەیی*.

هەروەها د. جمال نەبەز زاری کەرکووکی لەبەشی کرمانجی ناوەڕاست دیار کردووە ئەویش چەند لقێکە وەك زارەکانی سلێمانی و موکری و سنەیی و ئەردەلانی و کەرکووکی و گەرمیانی و هەولێری و سۆرانی و شارباژێڕی *.

لای د. کمال فواد شێوەزاری کەرکووك دەکەوێتە بەر بەشی کرمانجی خواروو کە پێك دێت لە سلێمانی و سنەیی و موکری و سۆرانی ، کە دەڵێین سۆرانی مەبەست شێوەزارەکانی کەرکووك و گەرمیانیش دەگرێتەوە *.

لە نەخشەکەی میهرداری ئێزید یە کە شێوەزارەکانی زمانی کوردی دیاری کردووە سەرەتا زمانی کوردی لەچوار چێوەی لقی زمانی ئێرانی ناو خێزانە زمانە هیندۆ ئەوروپیەکان دیاری کردووە پاشان زمانی کوردی کردووە بە چەند زارێکی سەرەکیەوە شێوە زارەکانیشی بە وردی دەست نیشان کردووە کە ئەمانەن :

کرمانجی کردووە بە دوو بەش کرمانجی بـــاکوور و کرمانجی باشوور، پەهلەوانی کە پێکهاتووە لە گۆرانی و زازایی ، لە شێوەزارەکانی کرمانجی باشووردا کە بە سۆران شێوە زارەکانی گەرمیانی بـــاس کردووە *.

سەرەڕای ئەوەی زمانی عەرەبی زمانێکی فەرمی یە لە کەرکووك زۆر بایەخ وگرنگیی پێدراوە ، زمانی کوردیش خۆی پاراستووەو تایبەتمەندێتی خۆی ڕاگرتووە وەك زمانێکی سەربەخۆ لەلایەن هەموو کوردێکی شاری کەرکووکەوە بەکارهاتووە جگە لە کاریگەری کۆمەلایەتی و ئابوری و چەند هۆکارێکی تر بۆتە هێمایەك بۆ مانەوەی [52].

بە بۆچونی ئێمە شێوەزاری کەرکووك شێوەیەکە لە زاری گەرمیان ، چونکە کەرکووك دەکەوێتە سەر هێڵی پانی دەشتی گەرمیان بۆ یە بە گەرمەسێر دادەنرێت ، کەرکووك یەکێکە لە شارە گەورەکانی باشووری کوردستان دەکەوێتە نێوان هەردوو هێڵی پانی ( 34  36 ) و هەردوو هێڵی

---

* بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( 1 )

* بڕوانە هێڵکاری ژمارە (2) .

* بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( 3) .

* بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( 5 ) .

[52] Mmohamad amin qadir ، the linguistic situation in kirkuk asociolinguistic study .page 288

( 44 - 46 ) و نێوان هەردوو زێی بچوك و سیروان ، ئاو و هەوای کەرکووك لە هاویندا گەر مە و لە زستان دا مام ناوەندی یە ، ( 331 )م بەرزە لە ئاستی ڕووی دەریاوە[53].

لەلای فواد محمد خورشید : پاش ئەوەی دیالێکتەکانی جیا کردۆتەوە هەر زارەی چەند ناوچەیەکی تری لێ بووەتەوە کە ئەمانەن* :

1- موکری و شنۆ و نەغەدە و مەراغە و میانڕواو و شاهێن دژ و سەقز و بۆکان و بانە و سەردەشت و سۆران و هەولێر و دەشتی هەولێر .

2- ئەردەڵانی و سنە و بیجاڕ و کەنگەوەر و جوانڕۆ .

3- سلێمانی ( بابانی ) و دەوروبەری وە هەندێ ناوچەی خانەقین .

4- گەرمیانی و کفری و قەرەتەپە و کەرکووك و دوز و شوان [54].

بە بڕوای ئێمەش شێوەزاری کەرکووك دەکەوێتە بەشی شێوەزاری گەرمیان وەك باسمان لێوەکرد چونکە ناوچەکە ناوچەیەکی گەرمیانە ، گەرمیان ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لە کەرکووك بە خوارەوە قسەی پێ دەکەن تا دوا ئاوایی زاری ناوەڕاست [55] .

---

53- بورهان ابراهیم ڕزگاری ، کەرکوك و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد 1958-1968 ، کرکوك ، ژمارە (4) ساڵی 2003.

* بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( 4 ) .

54- فؤاد حمە خورشید، زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی ل(63).

55- عبدالله حسین رسول ، مێژووی شێوەزاری گەرمیان ، لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی مێژووییە ، گۆڤاری زانکۆیا دهۆك ، پەربەند 5 ، ژمارە (1) ، ل 1 .

# ج - هۆزەکانی شـــاری کەرکووك :

شێوەزاری کەرکووك بە شێکە لە شێوەزاری گەرمیان کە پێکهاتووە لە قسە پێکەرانی ئەو هۆزە سەرەکی یانەی ناو شارەکە و دەوروبەری [56].

هۆزە کانی ئەم ناو چەیە پێک هاتوون لەو هۆز و خێلاّ نە کە لە دەورو بەری کەرکووك ناو چەی گەرمیان و ئەو ناو چانەی پێشوو سەر بە پارێز گای کەرکووك بوو نە وە ئێستا دا بڕاون بە هۆی گۆرینی نەخشەی شارەکە بە پلانی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق بۆیە شێوەزاری کەرکووك بەشێکە لە شێوەزاری گەرمیان کە پێکهاتووە لەم هۆزە سەرەکیانە :

1- هۆزی زەنگەنە : ئەم هۆزە لە کەرکووك و ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووك دا ئەژین ڕێژە یەکی زۆری شارەکە پێك دێنن .بۆزیاتر بڕوانە [57]

2- هۆزی جەباری : ئەم هۆزەش لەناو شاری کەرکووك و گەڕەکەکانی شۆرجە و قاد سیە و حوڕ یە و ئیسکاندا نیشتەجێن لە دەورو بەری شارەکە کە سەر بە ناحیەی قادر کەرە مە ئێستاش بووە بە ناحیە بەناوی ناحیەی تەکیّ ی جەباری.

3- هۆزی کاکەیی: ئەمانە لە سەردەمانێکی زۆر کۆ نەوە نیشتەجیّ ی شاری کەرکووکن بەتایبەتی بەهۆی بوونی چەند کەسایەتیەکی پیرۆزیان لەم شارە و لە دەورو بەری وەك (ئیمام ئە حمەد) کە بوو تە هۆی نیشتەجیّ بوونیان لە دەوری ئیمامە کە وەك (مەصەلا، چای)[58*] , بۆ زیاتر زانیاری لەسەر هۆزی کاکەیی و لێکۆلینەوە لەسەریان بروانە [59].

هەروەها لە ئاوایەکانی دەوروبەری کەرکووك و ناحیەی داقوق و تۆبزاوە عەلی سەرای نیشتەجێن .

4- هۆزی شێخانی : ئەم هۆزەش لە شاری کەرکووك ناوچەی قادر کەرەم و گو ندەکانی بۆ لە و قەلاّ مکایل و قەشقە و چەم سورخا و ژاژا .... نیشتەجێن[60] .

5- هۆزی داودە : ئەم هۆزە لەناو شاری کەرکووك و دەوروبەری کەرکووك دەژ ین وەك حەفتەغار و داقوق و دوزخورماتو چەند گوندێکی تر .

6- هۆزی تالّەبانی : ئەم هۆزە نیشتەجیّ کەرکووکن بەتایبەتی لە گەڕەکی بەرتەکیە و ئیسکان و شۆریجە هەروەها لە ناحیەی دا قوق و قادر کەرەم و لەیلان و قەرە حە سەن ، تالّەبانیەکان لە

---

[56] بۆ زیاتر بڕوانە :پ . ی . د رەفیق شوانی , زارە جیاوازەکانی پارێزگای کەرکووك و کاریگەری ڕاگوێزان بەسەریانەوە, ل 107, گۆڤاری هاواری کەرکووك , ژ 5, 2001.

[57] هاشم عاسی کاکەیی ، بەرکولّێك لە مێژووی زەنگنەی کەرکووك و شێوەزارەکانی زمانی کوردی ، ل 163 .

[58]- بۆ زیاتر زانیاری بروانە گۆڤاری کەرکووك ، ژمارە (4) ، سالّی 2003.

* صباح ئارام ، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : هاواری کەرکووك ، ژمارە ( 4 ) ، ل 95 .

[59] د. نوري یاسین هرزاني ، الكاكیة دراسة انثروبولوجیة و الاجتماعیة ، ل 49.

[60] قاسم یاسین و عدنان داود ، التوزیع الجغرافي للعشائر في لواو كركوك ، ل 69.

(بەرتەکیە) تەکیەیەکی گەورەیان هەیە کە ئێستاش شێخ یوسف نوری کوڕی شێخ علی کوڕی شێخ جمیل ئەرکی بەڕێوەبردنی تەکیەکەی گرتۆتە ئەستۆ [61].

7- هۆزی جاف : ئەم هۆزەش پێکهاتەیەکی گەورەی شاری کەرکووك پێك دەهێنن لە گەڕەکەکانی کەرکووك دا نیشتەجێن بەتایبەتی گەڕەکی شاطرلوو هەروەها لە دەورو بەری کەرکووك و قەزای چەمچەماڵ و کفری و ناحیەی سەنگاو نیشتەجێن .

8- هۆزی هەمەوەند: ئەمانەش نیشتەجێ ی شاری کەرکووکن لە ناو چەکانی چەمچەماڵ و دەور و پشتی بازیان بلاّو بوونەتەوە [62] .

9- هۆزی شوان : ئەم هۆزە لە دانیشتوانە کۆنەکانی ناو شاری کەرکووکن گوندی شوان لە ئەحمەد ئاغای کەرکووك بووە پاشان بووە بە گەڕەکێك بەناوی خۆیانەوە [63] .

10- هۆزی شێخ بزێنی : ئەم هۆزە لە گەڕەکی رەحیماوا و دەورو بەری نیشتەجێن لەناو شارەکە لەدەرەوەی کەرکووك لەهەردوولای زێی بچووکدان لە گوندەکانی توتلّی و قەرە سالم و کاولە سوار... نیشتەجێن .

11- هۆزی ساڵەیی : ئەمانە لە سێ شوێندا هەن لەناوچەی گل و کەرکووك و قەرە حەسەن گوندی ( سەرپیر ) ی نزیك پردی [64] .

12- هۆزی ڕۆژ بەیان : ئەم هۆزە زیاتر لەناو شاری کەرکووك لە گەڕەکی شۆریجەدا نیشتەجێن شوێنی بنەڕەتی خۆیان دێ ی فەرقان و تۆبزاوە و مەتارە و لەیلانە و کۆمەڵگەی خەبات ، " خدر بەگ ڕۆژبەیانی سەرۆك هۆزی عەشرەتی ڕۆژ بەیانی بوو لە سەدەی دوانزەی کۆچی لە ناوچەی قەرە حەسەن نا ندەرێکی بەناوبانگ بووە شوێنی بنەڕەتی فەرقان بووە ئەم پیاوە ئاوی لە خالّۆبازیانی یەوە ڕاکێشاوە بەرەو لەیلان بۆ کشتوکاڵی و ماڵداری [65] .

13- هۆزی گل : ئەما نەش وەکو هەموو هۆزەکانی ناو شار پانتایەکی گەورەیان گرتووە لە دەشتەکانی گەرمیان و دەورو بەری کەرکووك (50 ) گوندیان هەبووە لە ناو شارەکەش زیاتر لە شۆریجە و حوریە و قادسیەن .

14- هۆزی دەلۆ : ئەمانە بەشێکیان لە شاری کەرکووك و بەشێکیان لە باوە و بەشەکەی تریان لە ناوچەی شوانن ئەم ناوچەیە بە دەلۆی سەرخاسە بەناوباگە [66] .

---

[61] گۆران فتحی ، کەرکووك بۆ مێژوو دەدوێت ، مزگەوت و تەکێ و خانەقا دێرینەکانی کەرکووك ، 2003 .

[62] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : د. نوری تاڵەبانی ، منطقة كركوك و محاولات تغير القومية ، ص 133 .

[63] اطلس كركوك ، التوزيع الجغرافي للعشائر في لواء كركوك ، ص 69 .

[64] گۆران فتحی ، کەرکووك بۆ مێژوو دەدوێت ، مزگەوت و تەکێ و خانەقا دێرینەکانی کەرکووك ، 2003 .

[65] محمد جمیل ڕوژبیانی ، المعروفون من الروزبيانيه في الكتب التاريخيه ، ص 300 . بۆ زیاتر بڕوانە ( نبذة عن عشيرة روزبيانية و المعروفين من الروزبيانين في الكتب التاريخ ، محمد جميل روزبياني ، 2001 . )

[66] گۆڤاری کەرکووك ،بورهان ئیبراهیم رزگار , کەرکوك و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد , ل 97 , ژمارە ( 4) ، 2003.

15- هۆزی بیبانی : ئەمانەش لە کەرکووك بەتایبەتی لە گەڕەکی رەحیماوا و ئیسکان دا وە لە دەورو بەری کەرکووك دەژین مەڵبەندی سەرەکی ئەم هۆزە گوندی بیبانی گەورەیە . ، ژمارەی گوندەکانی (36) گوندە، هۆزەکە دەکەوێتە نێوان هۆزەکانی شوان لە ڕۆژهەلات و شێخ بزێنی لە باکور و ساڵەیی لە ڕۆژئاواوە .

16- هۆزی بەرزنجی : ئەم هۆزە لە ناو شاری کەرکووك لە ئیسکان و شۆرجە و حوریە لە دەورو بەریش لەناو چەی قادر کەرەم دان وە لە گوندەکانی عەمر گەدە و قەرەوەیس و ژاژاوە و میرەسور و عوسمان لەکە و پەلکانە و شۆریجەی شێخ عبدالرحمنن.

17 □ هۆزی بابان : ئەم هۆزە بەشێکە لە هۆزی بابانی ڕەسەن کە لە دەورو بەری شاری سلێمانی بوون پاشان ئەم بەشەیان شۆربوونەتەوە بەرەو کەرکووك و لە ناو شار و لە دەوروبەری ژیاون[67] .

18- هۆزی گۆمەیی : ئەم هۆزەش لە دەورو بەری کەرکووك □ دوز □ دا قوق □ لەناو شاری کەرکووك لە شۆریجە و حوریە نیشتەجێن .

19- هۆزی لەك : ئەم هۆزەش وەك هۆزەکانی تری ناو شاری کەرکووك بەشێکی پێکهاتەی ئەم شارە پێك دێنن لە گەڕەکەکانی شۆریجە و حوریە و قادسیە و ..... نیشتەجێن .

20 □ هۆزی زەند : ئەم هۆزەش بە شێکی پێکهاتەی شاری کەرکووك پێك دێنن ئەمانەش لە پاشماوەی لە شکرەکەی کەریم خانی زەندەوە ماونەتەوە لە ناو کەرکووك و دەورو بەری بلاّو بوونەتەوە و نیشتەجێ بوون[68] .

21- هەروەها چەندین هۆزی تر لەم شارەدا نیشتەجێن وەك پالآنی و قەلاّ سێوکە و ڕەباتی .... لە ناو شارەکەدا نیشتەجێن.

---

[67] العشائر الكردية ، فواد حمة خورشيد ، مطبعة الحوادث ، بغداد ، 1979 .

[68] ظاهر علي ، كركوك لە كۆنەوە تا ئەمرۆ ، نضال الطلبة ، مجلة ثقافية ، العدد ( 11) سنة ، 1973 .

# د – دابەشکردنی شێوەزارەکانی شاری کەرکووک :

## 1- أ: شێوەزاری گەڕەکی ئیمام قاسم:

گەڕەکی ئیمام قاسم گەڕەکێکی کۆن و دێرینی شارەکەیە , " یەکێکە لە گەڕەکە هەرە کۆنەکان لەدوای گەڕەکەکانی نێو قەلاّ مێژووی دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1548 ی زاینی ، ئەو سەردەمە 21 ماڵی لێ بووە"[69] ، هەروەها چەنین مز گەوتی دێرین و تەکیەی تیا یە بەناوبانگترینیان مزگەوتی ئیمام قاسم و تەکیەی شێخ ئیبراهیم و شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزانی ئەم تەکیەیە لە ولاّتی ئێران و سعودیە و پاکستان سەدان دەروێش ئەهاتنە زیارەتی شێخ ، هەروەها چەندین ناودار و نووسەر لەم گەڕەکە هەڵکەوتوون وەك ئەسیری و رەنجوری ( گەڕەکە ئاوەدانەکانی خوار قەلاّ لە سەرەتادا بریتیبوون لە ئیمام قاسم ، ئەخی حسین ، پریادی ، چقوڕ ئاوچی ، موصەلا و چای )[70].

دانیشتوانی ئەم گەڕەکە کوردن و بە زاری ناوەڕاست قسە دەکەن و هۆزەکانی جاف و زەنگەنە و شوانی و ساڵەیی لەم گەڕە کە دان و زیاتر خەڵکەکەی دانیشتووی سەنتەری کەرکووکن نەك دەوروبەری[71].

## 1 - ب : شێوەزاری گەڕەکی ئیسکان :

کە دەڵێین ئیسکان مەبەست ئیسکانی تازە و ئیسکانی کۆن ، ئیسکانی کۆن لە ساڵانی پەنجاکان دروست کراوە لەلایەن ئینگلیزەوە شێوەی خانووەکان شێوەیەکی نوێ یە لە بیناسازی دا بە خشت دروست کراوە هەروەها ئیسکانی تازە ئەم گەڕەکەش لە ساڵانی شەستەکان دروست کراوە حکومەتی ئەو سەردەمە زەوی یەکانی دابەش کردووە بەسەر فەرمانبەران و پۆلیس و خەڵکی تردا، ئەم دوو گەڕەکە مێژووی دروست بوونیان زۆر کۆن نی یە گەڕەکێکی نوێیە دانیشتووەکانی زۆربەی کوردن و وە ژمارە یەکی کەم لە تورکمان و عەرەبی تێدا یە بەڵام ڕژێمی بەعس لە ساڵانی حەفتاکان و لەسەرەتای حەفتاکان بە تایبەتی دوو گەڕەکی بەناوی ( کرامە حی مثنی ) دروست کرد لەناو چەقی ئەم گەڕەکانە بۆ شێواندنی دیمۆگرافیای شارە کوردی یەکان .

هۆزەکانی ( جاف و زەنگەنە و شوانی و جباری و شێخانی و ساڵەیی و . . . ) لەم گەڕەکانە جێ نشینن شێوەی ئاخاوتنیان شێوەزاری سۆرانی یە واتا زاری ناوەڕاست .

---

69 گۆران فتحی ، کەرکووك بۆ مێژوو دەدوێت ، مزگەوت و تەکێ و خانەقا دێرینەکانی کەرکووك ، ل 190 .

70 علی محمود محمد ، کەرکووك شاری قەلاّ و ئاگر و خوێن ، رێگا چارەسەرە ، ل 113 .

71 معتصم ساڵەیی ، ناودارانی گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکووك ، گۆڤاری کەرکووك ژمارە ( 4) ، ساڵی 2005 .

هەروەها گەڕەكەكانی ئازادی و پریادی و مو سەلا و ڕەحیماوا و شاطرلوو ئەڵماس و ڕێ ی بە غدا و تەپە و ... ، ئەمانە هەموو بە زاری ناوەڕاست قسە دەكەن .

## 2 : شێوەزاری گەڕەكی شۆریجە :

گەڕەكی شۆریجە یەكێكە لە گەڕەكە كورد نشینەكانی شاری كەركووك لە سەرەتای دروست بوونیەوە شوێنێكی گرنگ و بایەخدار بووە ، " گەڕەكی شۆریجە سەرەتا دێ یەكی سەر بە كەركووك بووە دوا تر تێكەڵ بە شارەكە بووە پاش فراوانبوونی شارەكە [72] " ، ئەم گەڕەكە بوو بە سەنتەری گردبوو نەوەی زۆر بەی هۆز و خێڵەكانی سنووری قەرە حە سەن و قادر كەرەم و لەیلان و خاڵە باز یانی و داودە لەلا یەكی ترەوە شوێنی كاركردن و مە یدانی ئیش كردن و كرێكاری بووە پاش دوزینەوەی گەچ و قایە و درو ست كرد نی گەچ لە كورە كانی دەورو بەری كەركووك وەك كورە كانی چەوەلبۆر و لەیلان ئەمە وای كرد ئەم ناو چەیە گە شە و پەرە بسێنێ ببێتە بنكە یەكی ئابووری بەهێز بۆ ناوچەكە و كۆبوونەوەی هەزاران كرێكار و دروست بوونی دەستی كار لەناو چەكە و هاتنی هەزاران كەس بۆ ئەم شوێنە لەملا و ئەولای شارەكانی تری كورد ستانەوە ئە مەش وای كرد بەناوبانگترین وەستای بیناسازی سپی كاری ... لەم شوێنە هەڵكەوت ناودارترینیان لەناو شارەكە وەك عودل سەر لەرزێن و وەستا ڕەشید و سەید عەزیز و صابر شامار و سەید حسن .

هەروەها لەڕووی كشتوكاڵیەوە لە ناوچەكانی قەرە حەسەن و لەیلان و خاڵۆ بازیانی و قادر كەرە مە وە بەرووبوومەكانیان ئەهێنایە ئەم گەڕەكە و ئەمەش هۆ یەكی تر بوو بۆ كۆبوو نەوەی هۆزە كانی گەرمیان لەم شوێنەدا وەك شێخان و زەنگەنە و كاكەیی و ڕۆژبەیانی و گڵ و جەباری و ... .

لە ڕووی كۆمەڵایەتی یەوە لەبەر ئەوەی كۆ مەڵی كوردەواری پابە ندن بە عورف و عاداتی كۆمەڵایەتیەوە زیاتر لە یەك شوێن كۆدەبووو نەوە دە توانین بڵێین هۆ كاری ئابووری كۆمەڵا یەتی هۆیەكی گرنگ بوو بۆ كۆبوونەوەی ئەم هۆز و خێڵانە .

لە شێوەزاری شۆریجەدا ئەم بێچوە شێوەزارانە كۆبوونەتەوە :

بێچوە شێوەزاری كاكەیی ، شێخانی ، زەنگنە ، ڕۆژ بەیانی ، سیامەنسووری ، كە شێوەی ئاخاوتنیان شێوەزاری گەرمیانی قسە ئەكەن لەگەڵ هۆزەكانی تری ناو گەڕەكەكە .

[72] گۆران فتحی ، كەركووك بۆ مێژوو دەدوێت ، مزگەوت و تەكیێ و خانەقا دێرینەكانی كەركووك, ل 211 .

# هـ - بیێچوه شێوەزارەكانی ناو شاری كەركووك :

## 1- بیێچوه شـــێوەزاری كاكەیی /

ئەم بیێچوه شێوەزاره بەشێكی فراوانی ناو شاری كەركووكی گرتۆتەوه بە زمانی ماچۆ قسە دەكەن هەموو خێزانێكی كاكەیی كاكەیی پابەندن بە زمان و دابونەریتی ناو كاكەیی یەوه ، هۆزی كاكەیی هەروەك دیاره كۆمەڵێ پرەنسیب و داب و نەریتی خۆیان هەیە لەسەری ئەڕۆن و پەیڕەوی دەكەن هەر تاكێكی ناو هۆزەكە لەو دەستووره لانادەن[73]. زۆر بە وردی پەیڕەوی زمانی خۆیان دەكەن گەوره و بچووكیان هەر بەم شێوەزاره قسە دەكەن بەلاّم لەبەرئەوەی كاكەیی لە كەركووك دا پانتایەكی گەورەی گرتۆتەوه لە شوێن و گەڕەكە جیا جیاكانی كەركووك جێ نشین بوونە و بۆیە ئەو كاكەییانەی لە گەڕەكی شۆریجە جێ نشینن بە شێوەزاری گەرمیانی قسە دەكەن لە دەرەوەی خێزانی خۆیان ، هەر لە شۆریجەدا گەڕەكێك هەیە بەناوی گەڕەكی كاكەیی یەكان , ئەو كاكەیی یانەی لە گەڕەكی ئیسكان و رێ ی بەغدان بە شێوەزاری ئیسكان و ئیمام قاسم قسە دەكەن كاتێ لە سنووری شێوەزارەكەی خۆیان دەردەچن ، ئەو كاكەیی یانەی نزیك گەڕەكە توركمان و عەرەب نشینەكانن كاریگەری ئەم زمانانە كاری تێكردووون ، هەروەك لە نەخشەكەدا ڕوون كراوەتەوه كاكەیی دابەش بوون و نیشتەجێ بوونیان لە گەڕەكەكانی ( غەرناتە و عروبە و شۆریجە و حی ئەل نەصر و حی ئەل عەسكەری و حی ئەل ئەسرا و ئەل مەفقودین و رێگەی بەغدا و ئیسكان و مصلی چای و لە قەلاّ ) نیشتەجێن.

## 2- بیێچوه شێوەزاری زەنگنه /

هۆزی زەنگ نە لە كەركووك و ناو چەكانی دەورو بەری كەركووك نیـ شتەجێن ڕێژه یەكی زۆری دانیشتوانی شارەكه پێك دەهێنن ، " لە دوو لقی سەرەكی پێك هاتووه ، سەرووی ئاوه سپی ، با شوور و ڕۆژ هەلاّتی ك فری و ناو چەی سەرەكی جێ ن شینی ئەم هۆزه یە "[74]، هەروەها بە شێكن لە زەنگەنەی كوردستانی باشوور لە كفری یەوه بۆ كەلار ، پارسایی و گۆران و كرمانجی باشوور [75].
زەنگەنه لە گوندەكانی مەلا هۆمەر و تەپە عەلی و خدران و شێخ لەنگەر قەره بلاغ و ... ، ئەما نە سەر بە ناحیەكانی بێواز و قەرەتەپە و سەر قەلاّ و قادر كەرەمن ، هەر لە ناحیەی قادر كەرەم (6)

---

[73] د . نوري ياسين هرزاني ، الكاكية ، دراسة انثروبولوجية اجتماعية ، ص 172 .
[74] صباح ئارام ، هاواری كەركووك ، ژماره ( 2 ) ، ل 89 ، شۆرشی ئیبراهیم خانی دەلۆ و خوێندنەوەی نوێ .
[75] میهردادی ئیزدی ، چەرده باسێك لەبارەی كوردانەوه، ل 201.

هۆزی گەورەی زەنگەنە و جەباری و شێخانی و بەرز نجە و گل و تا ڵەبانی [76] لەناو ئەم ناحیە یەدا کۆبوونەتەوە .

ئەم هۆزە پێکهاتەیەکی گەورەن لە شاری کەرکووك شێوەی قسە کردنیان زاری ما چۆیە کاتێ لەناو خێزان و کەس و کاری خۆ یان دە بن بە شێوەزاری خۆ یان قسە دە کەن ، کاتێ زەنگەنە یەك قسە دەکات شێخانیەك دە توانێ وەڵا می بدا تەوە جیاواز یەکی ئەوتۆ لەنێوان ئاخاوتنەکانیا نەوە نی یە تەنها چەند و شە و زاراوە یەك نەبێ ئە گەرنا بـ نەمای ر ستەکان و مۆرفۆ لۆجی و سینتاکس لەم شێوەزارەدا وە کو شێوەزاری کا کەیی و شێخانی یە ، کاتێ لەدەرەوەی سنووری خێزا نی خۆ یان دەردە چن بەتایـ بەتی ئەوا نەی لە گەڕەکی شۆریجەن بە شێوەزاری شۆریجە قـ سە دە کەن وا تە شێوەزاری گەرمیانی ، ئەم هۆزەش لە گەڕە کەکانی ( شۆریجە و ئـسکان و ئازادی و ئیـمام قا سم و عەرەفە و قادسیە )ن, لە زۆربەی زۆری گەڕەکەکانی ناو شاری کەرکووك دا نیـشتەجێن ، بەڵام لای نەوەی نوێ ئەم شێوەزارە سواوە کەم بەکاردێ تەنها لای ڕیش سپی یەکان نەبێت .

## 3- بێچوە شێوەزاری شێخانی /

هۆزی شێخانی وەکو هۆزەکانی تری شاری کەرکووك بەشێکی گەورەی پێکهاتەی شارەکە پێکدەهێنن لە کەرکووك و دەوروبەری جێ نشینن لە گو ندەکانی قەڵا مکا یل و قە شقە بۆ ڵە و چەم سورخا و لەناو ناحیەی قادر کەرەم و نەورۆز و میل ناصر (کە 80٪ شێخانە) و قەلخانلوی چەند گو ندێکی تر نیشتەجێن .

هەروەها لەناو شاری کەرکووك دا لە گەڕەکی شۆریجە ز یاتر نیـشتەجێن لە گەڕە کەکانی حور یە و قادسیە و ئیسکان و ئازادی و رەحیماوا و ئیمام قاسم و حی العسکری و حی ازار ... ).

ئەم هۆزە شێوەی ئاخاوتنـ یان زاری ما چۆیە ، ڕۆ نانی ڕ ستەیان هەروەك شێوەزارەکانی کا کەیی و زەنگنەیە تەنها لە ڕووی واتای وشەوە یان بلێین جیاوازی چەند و شەیەك هە یە لە نێوانـ یان ،قسە پێ کەرانی ئەم شێوەزارە لەناو خێزا نەکانیان دا بە شێوەزاری خۆ یان ئەدوێن بەڵام لەدەرەوەی خێزانەکانیان بە شێوەزاری گەرمیان قسە دەکەن واتا ئەوانەی کە لە سنووری شێوەزاری شۆریجەن. ئەو شێخانیانەی لە گەڕە کەکانی تری شارەکە جێ نـشینن بە شێوەزاری ئیـسکان و ئیـمام قا سم قسە دەکەن واتە زاری ناوەڕست .

---

[76] مستەفا زەنگەنە و شاهۆ اسماعیل ، قادر کەرەم ، تێڕوانینێکی هەمەلایەنانە ، هاواری کەرکووك ، ژمارە ( 2) ل 71 .

## 4- بێچوه شێوەزاری ڕۆژبەیانی/

ئەم بێچوه شێوەزاره بەشێکی شێوەزاری شۆریجه پێك دەهێنێت که شێوەی شێوەزاری گۆرا نه بەلاّم تێکەڵه به وشەی تورکی وەك وشەی : کەمەر = بەرد ، دام = خانو .

قسه پێکەرانی ئەم بێچوه شێوەزاره شێوەزارێکی تایبەتی خۆیان هەیه ز یاتر لەناو شاری کەرکووك له گەڕەکەکانی شۆریجه و حوریه و قادسیه نیشتەجێن له دەرەوەی کەرکووك له دێ ی فەرقان که جێ ی ب نەرەتی خۆیا نه هەروەها له دێ ی مەتاره و لەیلان و هەردوو تورکه شکانی سەروو و خواروو و تۆبزاوه و کۆمەڵگەی خەبات له هەولێر .

ق سه پێ کەرانی ئەم شێوەزاره لەناو خێزا نەکانیان دا به شێوەزاری خۆ یان ق سه ده کەن لەکاتی ئاخاوتن دا بەتایبەتی لەنێوان خێزا نەکان و نەوەی نوێ ئەم شێوەزاره زۆر به وردی پابه ندن به داب و نەریتی خۆ یان و پارێز گاری شێوەزارەکەیان کردووه و ق سەی پێ ده کەن بەلاّم لەدەرەوەی خێزانی خۆیان به شێوەزاری گەرمیانی قسه ئەکەن .

## 5- بێچوه شێوەزاری ( عەجەمی ) زاری باشوور /

ئەم شێوەزاره لەناو کەرکووك دا پێ یان ده ڵێن عەجه مەکان ز یاتر جێ ن شینی ته پە و عەره فه و ئەڵماس و ساحه تەیارانن ، چونکه ئەما نه زۆر یان لەو خێزانا نەن که له خا نەقین و له ئی سلام ئا بادەوه هاتوون ئەما نه بۆ کار و که سابەت له کۆمپاذ یای نەوتی کەرکووك کار یان کردووه که ئەوکا ته به (I . P . C) ناوبراوه ق سه پێ کەرانی ئەم شێوەزاره لەناو خۆ یان دا زۆر به وردی پەیڕەوی زارەکەی خۆیان ده کەن گەوره و ب چوك ق سەی پێ ده کەن بۆ یه هەر له ته پە گەڕەکێك هەیه بەناوی گەڕەکی عەجەمەکانەوه ئەمانەش پێکهاتەیەکی گرنگی شاری کەرکووك پ ێك دەه ێنن بەلاّم له سنوری دەرەوەی خێزا نەکانی خۆ یان به شێوەزاری ئی سکان و ئی مام قا سم ق سه ده کەن . شێوەی قسەکردنیان زاری باشووره واتا زاری فەیلی و خانەقینه .

## 6- بێچوه شێوەزاری شوانی کێشك /

هۆزی شوان هۆزێکی گەورەی ناو شارەکەیه ئەم شێوەزاره دەکرێ ته دوو به شەوه : شوانی سەر خاسه و شوانی کێشك , ( شوان گەله هۆزێکی گەورەیه له باکوری کەرکووك له نێوان ڕووباری خاسه و زێ نیشتەجێن ) [77].

---

[77] میهرداری ئیزدی ، چەرده باسێك لەبارەی کوردانەوه , ل 200 .

أ  شوانی سەرخاسە / کە پێك هاتووە لە گو ندەکانی ( ئیلنجاغ و ئۆمەرمە ندان و تورکمان باغ و مە حمە خان و قادر علی ئۆ مەر بەگ و قەرەبلاخ و قە مەر و مام ڕەش و چەند گو ندێکی تر ) شوانی کێشك لەم گوندانە نیشتەجێن .

ب- شوانی کێشك / لەم گوندانە نیشتەجێن ( جەوە جەوە و قولی بەگ و تۆراغ و دووبز نی و قادر زە مە و حە سار تەها و کارێز و بیرا ڵك و عەلی بەیان و دارەختە یار و تەرە قە و دوو شیوان و نەیبەسەرە و ناروجەی حاجی جەرجیس و ناروجەی ئەحمەد رەجەب و ناروجەی حمە بلە و تە پە کوڕەی سەروو و تەپە کوڕەی خواروو ).

تێ کڕای گو ندەکانی هۆزی شوان ژمارە یان ( 57 ) گو ندە و (17 ) گو ندیان بە شێوەزاری زاری باشووری قسە دەکەن وەکو شێوە زاری خانەقین و بەدرە و سعدیەن[78].

هەروەها لەناو شاری کەرکوك لە گەڕەکەکانی رەحیماوا و تەپە نیشتەجێن لە گو ندی ( کتکە ) کە لەناو ساڵەیی یە بە هەمان شێوەزاری شوانی کێشك قسە دەکە ن.

" شێوەزاری شوانی کێشك لەڕووی جیاوازی ڕێزمانیەوە سەر بە کۆمە ڵەی زاری کوردی با شوری یە کە ڕێزمانی تایبەت بەخۆی هەیە و جیاوازە لە زارەکانی تری زمانی کوردی "[79].

## 7- بێچوە شێوەزاری سیا مەنسوری :

ئەم بێچوە شێوە زارە بەشێکە لە پێکهاتەی گەڕەکی شۆریجە سەرەتای جێ نشینیان لە دێ ی سیا مەنسوور بووە لە ناوچەی قەرە حەسەن* کە پێکهاتووە لە دوو ئاوایی ( ئاوایی سیا مەنسوری کۆن و سیا مەنسوری تازە ) ئەمانەش وەك هۆزەکانی تری ناو شارەکە دا بەش بوون بە سەر گەڕە کەکانی شۆریجە و حوریە و ئیمام قاسم و رەحیماوا ، هەروەها لە شارەکانی تری کورد ستان نیشتەجێن لە بەغداش بە تایبەتی چەند خانەوادە یەك هەن تا ئێستاش پابە ندن بە بەکارهێنانی ئەم بێچوە شێوەزارە لەناو خێزا نەکانیان دا ، هەر ئەم بێچوە زارەش بە شێکە لە زاری گۆران و بە شێکە لە زارەکانی شاری کەرکووك.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا لەناو شاری کەرکووك دا دوو شێوە زاری بنەڕەتی قسەی پێ دەکرێت :

شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم ، شێوەزاری شۆریجە .

بێچوە شێوەزارەکانی ناو شارەکە بەم شێوەیەیە :

---

[78] هاواری کەرکووك ، ژمارە (2) ، ل 111 ، هۆزەکانی شوان  شێخ بزێنی  ساڵەیی  بیبانی ، ئاماری ساڵی 1957 ، ئا  هاواری کەرکووك .

[79] د. رفیق شوانی ،گۆڤاری زانکۆ , زاری شوانی ، ل 24 ، ژمارە (30)ی ساڵی 2007 .

* لەیلان لای ناوچەکە بە لەیلان ناوبراوە بەلاّم لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و پێشتریش بە قەرە حەسەن ناوبراوە .

**کەرکووك**

**کاکەیی　　شێخانی　　زەنگنە　　ڕۆژبەیانی　　شوانی کێشك　　عەجەم (فەیلی)　　سیامەنسوری**

**شێوەی ئا خاوتنی کا کەیی و سیامەنـ سوور و  شێخان و زەنـ گە زۆر  لە یە کەوە  نزیکن  لە ڕووی سینتاکس و فۆنەتیکەوە تەنها چەند وشەیەك نەبێت لە نـ ێوان  ئەم بێـچوە زارا نەدا  بەدی دەکر ێت ئەم  چوار بێـچوە  شێوەزارە  سەر  بە زاری  گۆرانن  کە  بە ز مانی ما چۆ  ناو دەبر ێت  بەلام بێـچوە شێوەزارەکانی تری ناو شارەکە بە تایبەتی بێچوە شێوەزاری ڕۆژبەیانی جیاوازیەکی بنەڕەتی لە گەڵ شێخان و زەنگە و سامەنسوور و کاکەیی دا هەیە کە تێکەڵ بە و شەی  تورکی و  عەرەبی  شێوەزاری باشوور دەبێتەوە وەك : مێشم  -  لا کام را چیت □ ئۆما □ نان ئامۆرن ...**

**هەرەوەها بێچوە شێوەزاری شوانی کێـشك و بێـچوە  شێوەزاری عە جەم □ فەیلی ئەما نەش  سەر  بە زاری با شوورن ڕۆ نانی ڕ ستەیان جـ یاوازە لە گەڵ زاری ناوەڕا ست دا  بۆ  بەراورد  لە نـ ێوان بێـ چوە شیوەزارەکان دا بڕوانە لاپەڕە** 112 □ 114 .

**هەرووەها ناوچە تازەکان وەك دەوروبەری شۆریجە و مەلعەبەکە و پەنجا عەلی و فەیلەق و ئەمانەش کە  ئاوارەی  گەڕاوەی  پاش پڕۆ سەی  ئازادین هەر یەك لەوا نە  لە  ناو چەی جـ یا و  شاری جـ یاوە گەڕاونەتەوە و شێوە و شێوەزاری نوێیان هێناوەتە ناو ئاخاوتنی شاری کەرکووکەوە .**

**ئێستا جگە  لە ز مانی  فەرمی  کە ز مانی  کوردی و  عەرەبی  هەر نەتەوە یەك  لە تورکـمان و کـلد و ئاشوور  سەرەڕای  ئەوەی قوتابخا نەی تایـبەت  بە خۆ یان هە یە  لە  شارەکە  لە  ناو دام و دەزگا کانی حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ لە شاری کەرکووك زمانیان دانی پێنراوە .**

# بـــەشـــــی دووەم

# شێوەزاری شۆڕیجە

## تەوەری یەکەم

## 1– گەردانی کار لە شێوەزاری شۆڕیجەدا :

أ– کاری رابردووی تێپەڕ

ب– کاری ڕابردووی تێنەپەڕ

ج– کاری داهاتووی تێپەڕ

د– کاری داهاتووی تێنەپەڕ

هـ– کاری داخوازی تێپەڕ و تێنەپەڕ

و  کاری ڕابردووی تێپەڕی دانانی .

ز– کاری ڕابردووی تێنەپەڕی دانانی .

ح –کاری رابردووی بکەر نادیار

ط–کاری رانەبردووی بکەر نادیار .

## تەوەری دووەم :

## 2– راناوە لکاوەکان لە دەوری بکەری و بەرکاری دا :

أ– بەرکاری ڕاستەوخۆ

ب– بەرکاری ناڕاستەوخۆ ( تیان )

## تەوەری یەکەم /

## 1 / گەردانی کار لە شێوەزاری شۆڕیجەدا .

لە بەر ئەوەی بێ چوە شێوەزارەکانی ناو شاری کەرکووك زۆرن ئێ مە تەنها دوو شێوەزارمان هەڵبژاردووە ( شێوەزاری شۆڕیجە و شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم ) بۆ بەراورد کردن لە نێوانیان دا لە ڕووی ڕێکەوتنەوە کار لەگەڵ بکەردا بە پێی کەس و ژمارەکان چەند نموونە یەکمان هێناوەتەوە کە تیای دا دەستەی ڕاناوی ( A ) لە شێوەزاری شۆڕیجە دا لە کاری ڕابردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ لە ئاخاوتنی شێوەزاری شۆڕیجەدا بەشێوەیەکی بەرچاو لەناو قسە پێکەرانی ئەم شێوەزارە دەردەکەوێت .

**أ- کاری ڕابردووی تێپەڕ :**

کار لەگەڵ بکەردا لە کەس و ژمارە ڕێك دەکەوێ بە ڕاناوێکی لکاوەوە (( ئەوەی کاراو فرمان هاوتا دەکات لە رستەدا ڕاناوە کەسیە لکاوەکانە )) [80] .

بۆ ئەمە کار ڕاناوێکی سەر بەهەمان کەس و ژمارە وەردەگرێ دەبێتە بکەری ڕستەکە لە دیالێکتی خوارووی زمانی کوردی دا دوو دەستە ڕاناوی کەسی لکاو هەیە) [81] :

| | |
|---|---|
| 1 - من بردم | ڕاناوی ڕێکەوتنی (لکاو)ی کەسی یەکەمی تاك (م) |
| 2- تو بردت | ڕاناوی ڕێکەوتنی (لکاو)ی کەسی دووەمی تاك (ت) |
| 3- ئەو بردی | ڕاناوی ڕێکەوتنی (لکاو)ی کەسی سێ یەمی تاك (ی) |
| 4- ئێمە بردمان | ڕاناوی ڕێکەوتنی (لکاو)ی کەسی یەکەمی کۆ (مان) |
| 5- ئێوە بردتان | ڕاناوی ڕێکەوتنی (لکاو)ی کەسی دووەمی کۆ ( تان ) |
| 6- ئەوان بردیان | ڕاناوی ڕێکەوتنی (لکاو) کەسی سێ یەمی کۆ ( یان) |

بۆ دەست نیشان کردنی سروشتی ڕێکەوتن لە شێوە زاری شۆڕیجە دا بەم شێوەیە :

لە ڕستەی یەکەم ( من بردم ) - ( من ) بکەرە - بەراناوێکی جیای ( من ) دەربڕاوە برد ڕەگی ڕابردووی چاوگی ( بردن ) ە ، ( م ) ڕاناوی لکاوە بەڕەگی کارەکەوە لکاوە .

لە ڕستەی دووەم دا ( تو بردت ) ( تو ) بکەرە بە ڕاناوی جیای ( تو ) دەربڕاوە ، برد ڕەگی ڕابردووی چاوگی ( برد نە )، ( ت ) ڕاناوی لکاوە بەڕەگی کارەکەوە لکاوە .

---

80- نوری عەلی ئەمین ، ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسی یە کان لە ئاخاوتنی کوردی دا ، 1986، ل12.

81 - د. ئەو رەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی (وشە سازی) ، بەغدا، 1987، ل176.

له ڕستەی سێ یەم دا ( ئەو بردی ) - ( ئەو ) بکەرە - بەراناوێکی جیای ( ئەو ) دەربڕاوە

برد  ڕەگی ڕابردووی چاوگی ( بردن) ە ، ( ی ) ڕاناوی لکاوە بەڕەگی کارەکەوە لکاوە .

له ڕستەی چوارەم دا ( ئێمە بردمان )  ( ئێمە ) بکەرە بە ڕاناوی جیای ( ئێمە ) دەربڕاوە ،

برد  ڕەگی ڕابردووی چاوگی ( بردن )ە ، ( مان ) ڕاناوی لکاوە بەڕەگی کارەکەوە لکاوە .

بۆ ڕستە کانی تریش بە هەمان شێوەیە .

لەم شێوەزارەدا نیشانەکانی کاری ڕابردووی تێپەڕی سادە بەردەوام دوور تەواو بەم جۆرەیە :

**1- کاری ڕابردووی تێپەڕی سادە/**

خوارد + م = خواردم　　　　برد + م = بردم

**2- کاری ڕابردووی تێپەڕی بەردەوام/** مۆرفیمی ( ئە ) دەکەوێتە پێش کارەکەوە :

ئە + م + خوارد = ئەمخوارد　　　　ئە + م + شوشت = ئەمشوشت

3- **کاری ڕابردووی تێپەڕی ئێستای تەواو /** مۆرفیمی ( ە ) دەکەوێتە کۆتایی کارەکەوە :

کرد + م + ە = کردمە　　　　برد + م + ە = بردمە

فرۆشت + م + ە = فرۆشتمە　　　　خوێند + م + ە = خوێندمە

**4- کاری ڕابردووی تێپەڕی دوور/** مۆرفیمی ( وی) دەکەوێتە کۆتایی ڕەگی ڕابردووی کارەکەوە :

هاورد + وی + م = هاوردویم　　　　برد + وی + م = بردویم

کرد + وی + م = کردویم　　　　فرۆشت + وی + م = فرۆشتویم

لەم شێوەزارەدا مۆرفیمی ( بوو ) دەبێتە ( وی ) ئەویش بە پێی بەکارهێنانی فۆنۆلوژی شێوەزارەکە و قسە پێکەرانی ناوچەکە .

له دەست نیشان کردنی سروشتی ڕێکەوتن لە ئاخاوتنی شێوە زاری شۆڕیجەدا ( لە زمانی کوردیدا خواروو بکەر و فەرمان ڕێك ئەکەون لە کەس و ژمارەدا واتا بکەر لە چ کەس و ژمارەیەکدا بێت فەرمانیش راناوێکی سەر بە هەمان کەس و ژمارە وەردەگرێت ) [84].

بەم جۆرە دەردەکەون:

**أ- بۆکەسی یەکەمی تاك :**

| | | |
|---|---|---|
| 1- من نامەکەم برد = | برد + م | رابردووی سادە |
| 2- من نامەکەم ئەنویسی = | ئە + م + نویسی | ڕابردووی بەردەوام |
| 3- من پارەکەم بردوی = | برد + وی + م | ڕابردووی دوور |

84- پ.د . وریا عومەر ئەمین ، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. ل 91 .

4- من خانیەکەم کردە = کرد +م + ە ڕابردووی ئێستای تەواو

لەم شێوەزارەدا :

أ - نیشانەی ڕابردووی بەردەوام مۆرفیمی ( ئە ) یە وەك :

ئەخوارد ، ئەورد ، ئەسەن ، ئەکرد ، ئەهاورد ، ئەشووشت ، ئەفرۆشت .

ب- نیشانەی کاری ڕابردووی دوور مۆرفیمی ( بوو ) دەبێتە ( بوی ) وەك:

بردوی ، کڕوی ، فرۆشتوی ، خواردوی ، سەنوی , کێلاوی , خوێنوی.

ج- نیشانەی کاری ئێستای تەواو مۆرفیمی ( ە )یە وەك:

خواردە ، بردە ، فرۆشتە ، سەنە ، نویسیە ، هاوردە ، شووشتە ، خستە .

## 2- بۆ کەسی دووەمی تاك :

| | | | |
|---|---|---|---|
| (تو)جانتاکەت برد | = | برد + ت. | ڕابردووی سادە |
| تو نامەکەت ئەنویسی | = | ئە + ت + نویسی. | ڕابردووی بەردەوام |
| تو پارەکەت بردوی | = | برد + وی + ت. | ڕابردووی دوور |
| تو خانیکەت کردە | = | کرد + ت + ە . | ڕابردووی ئێستای تەواو |

جێناوی کەسی سەربەخۆی دووەمی تاك فۆرمی ( تو ) وەردەگرێت لە شێوەزاری شۆڕیجەدا [83].

ئەمەش لە ناوچەی گەرمیان دا وا بلاّوە و دەردە بڕێ.

## 3-بۆ کەسی سێ یەمی تاك :

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەو جانتاکەی برد | = | برد + ی. | ڕابردووی سادە |
| ئەو نامەکەی ئەنویسی | = | ئە + نویس + ی . | ڕابردووی بەردەوام |
| ئەو پارەکەی بردوی | = | برد + وی + ی. | ڕابردووی دوور |
| ئەو خانیەکەی کردە | = | کرد +$\varnothing$+ ە . | ڕابردووی ئێستای تەواو . |

ڕاناوی لکاو بۆ کەسی سێ یەمی تاك لە کاری ڕابردووی تێپەڕدا مۆرفیمی ($\varnothing$ )ە وەك لەم کارانەدا : بردە - کردە - سەنە □ فرۆشتە .

## 4-بۆ کەسی یەکەمی کۆ :-

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئێمە جانتاکەمان برد | = | برد + مان | ڕابردووی سادە |
| ئێمە نامەکەمان ئەنویسی | = | ئە +مان +نویسی | ڕابردووی بەوام |
| ئێمە پارەکەمان بردووی | = | برد + وی + مان | ڕابردووی دوور |
| ئێمە خانیە کەمان تەواو کردە | = | تەواو + مان + کرد +ە | ڕابردووی ئێستای تەواو |

---

85- ئومید بارزان برزو ، ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقین ، ، ل 8.

### 5-بۆ کەسی دووەمی کۆ :-

ئێوە جانتاکەتان برد = برد + تان . ڕابردووی سادە

ئێوە نامەکەتان ئەنویسی = ئە + تان + نویسی . ڕابردووی بەردەوام

ئێوە پارەکەتان بردوی = برد + وی + تان . ڕابردووی دوور

ئێوە خانیەکەتان تەواو کردە = تەواو + تان + کرد + ە . ڕابردووی ئێستای تەواو

### 6- بۆ کەسی سێ یەمی کۆ:-

ئەوان جانتاکەیان برد = برد + یان . ڕابردووی سادە

ئەوان نامەکەیان برد = ئە + یان + برد . ڕابردووی بەردەوام

ئەوان پارەکەیان بردوی = برد + وی + یان . ڕابردووی دوور

ئەوان خانیەکەیان تەواو کردە = تەواو + یان + کرد + ە . ڕابردووی ئێستای تەواو

بۆ کاری ( گەرەك ) لە چاوگی ویستن لەم شێوەزارەدا چاوگی ( ویستن ) دەبێتە (گەرەك) کە بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان بەکاردێت لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەم شێوەزارە و شێوەزاری گەرمیان .

### 1- بۆ کەسی یەکەمی تاك :

من کراسەکەم گەرەك . = گەرەك + م + ە. ڕابردووی تێپەڕی سادە

من کراسەکەم ئەگەرەك. = ئە + م + گەرەك. ڕابردووی بەردەوام

من کراسەکەم گەرەکوی . = گەرەك + م + وی. ڕابردووی دوور

من کراسەکەم گەرەکە. = گەرەك + م + ە. ڕابردووی ئێستای تەواو

کاری ڕابردووی تێپەڕی سادە و کاری ڕابردووی ئێستای تەواو هەمان گەردان و هەمان فۆرمی هە یە لە ڕێکەوتنیان لە ڕاناوی لکاو دابەلاّم لەکاتی دەر کەوتنی بەرکار ئەو کا تە کاری ڕا بردووی ئێستای تەواو دەردەکەوێت .

### 2-بۆ کەسی دووەمی تاك :

تو کراسەکەت گەرەك . = گەرەك +ت + ە . ڕابردووی سادە

تو کراسەکەت ئەگەرەك. = ئە + ت + گەرەك. ڕابردووی بەردەوام

تو کراسەکەت گەرەکوی. = گەرەك + ت + وی. ڕابردووی دوور

| | | | |
|---|---|---|---|
| تو کراسەکەت گەرەکە . | = | گەرەك + ت + ە. | ڕابردووی ئێستای تەواو |

### 3 □ بۆ کەسی سێ یەمی تاك :

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەو کراسەکەی گەرەك . | = | گەرەك + ی + یە | ڕابردووی سادە |
| ئەو کراسەکەی ئەگەرەك . | = | ئە + ی + گەرەك. | ڕابردووی بەردەوام |
| ئەو کراسەکەی گەرەکوی . | = | گەرەك + ی + وی. | ڕابردووی دوور |
| ئەو کراسەکەی گەرەکە. | = | گەرەك + ی + یە. | ڕابردووی ئێستای تەواو |

### 4- بۆ کەسی یەکەمی کۆ :

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئێمە کراسەکەمان گەرەك . | = | گەرەك + مان + ە | ڕابردووی تێپەڕی سادە |
| ئێمە کراسەکەمان ئەگەرەك . | = | ئە + مان + گەرەك. | ڕابردووی تێپەڕی بەردەوام |
| ئێمە کراسەکەمان گەرەکوی. | = | گەرەك + مان + وی. | ڕابردووی تێپەڕی دوور |
| ئێمە کراسەکەمان گەرەکە. | = | گەرەك + مان + ە. | ڕابردووی ئێستای تەواو |

### 5- بۆ کەسی دووەمی کۆ :

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئێوە کراسەکەتان گەرەك . | = | گەرەك + تان + ە . | ڕابردووی تێپەڕی سادە |
| ئێوە کراسەکەتان ئەگەرەك . | = | ئە + تان + گەرەك. | ڕابردووی تێپەڕی بەردەوام |
| ئێوە کراسەکەتان گەرەکوی. | = | گەرەك + تان + وی | ڕابردووی تێپەڕی دوور |
| ئێوە کراسەکەتان گەرەکە . | = | گەرەك + تان + ە . | ڕابردووی ئێستای تەواو |

### 6- بۆ کەسی سێ یەمی کۆ

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەوان کراسەکەیان گەرەك . | = | گەرەك + یان + ە . | ڕابردووی تێپەڕی سادە |
| ئەوان کراسەکەیان ئەگەرەك. | = | ئە + یان + گەرەك | ڕابردووی تێپەڕی بەردەوام |
| ئەوان کراسەکەیان گەرەکوی. | = | گەرەك + یان + وی. | ڕابردووی تێپەڕی دوور |
| ئەوان کراسەکەیان گەرەکە . | = | گەرەك + یان + ە . | ڕابردووی ئێستای تەواو |

لەم خشتەیەدا دەوری بکەری ڕاناوە کەسی یە سەربەخۆ و لکاوەکان لە شێوەزاری شۆریجەدا لە کاری ڕابردووی تێپەڕ روون کراوەتەوە :-

| ژمـــــارە | کــەس | ڕاناوی سەربەخۆ | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|
| تـــاك | 1 | من | م |
| | 2 | تو | ت |
| | 3 | ئەو | ی |
| کـــــۆ | 1 | ئێمە | مان |
| | 2 | ئێوە | تان |
| | 3 | ئەوان | یان |

خشتەی کاری ڕابردووی تێپەڕ / ژ ( 1 )

## ب- کاری ڕابردووی تێنەپەر:

کار لە گەڵ بکەردا سروشتی ڕێکەوتنیان لە کەس و ژمارە لەم نموونانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو :

| | |
|---|---|
| 1- ڕاناوی ڕێکەوتنی (لکاو)ی کەسی یەکەمی تاك (م) . | من چویم |
| 2-ڕاناوی ڕێکەوتنی (لکاو)ی کەسی دووەمی تاك (یت) . | تو چویت |
| 3-ڕاناوی ڕێکەوتنی (لکاو)ی کەسی سێ یەمی تاك ( ∅ ). | ئەو چوی |
| 4-ڕاناوی ڕێکەوتنی (لکاو)ی کەسی یەکەمی کۆ (مان) . | ئێمە چویمان |
| 5-ڕاناوی ڕێکووتنی (لکاو)ی کەسی دووەمی کۆ (تان) . | ئێوە چویتان |
| 6-ڕاناوی ڕێکەوتنی (لکاو)ی کەسی سێ یەمی کۆ ( ن ) . | ئەوان چوین . |

" لە دەنگە گۆرکێ دا گۆرینی بزوێن و دیفتۆنگ ، دەنگی وو < > وی
ئەستوور < > ئەستویر ، دوور < > دویر "[شمتی].

جێناوە کەسی یە لکاوەکان بریتین لەو جێناوانەی کە لە جیاتی جێناوی جودا و ناوی کەس بەکاردێن وەك وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ بەکار نایەن بەڵکو بە وشەیەکی ترەوە دەلکێن [لقی].

بۆ دەست نیشانکردنی شێوەو دە رکەوتی ڕاناوی سەربەخۆ و ڕاناوی لکاو بە پێ ی کەس و ژ مارە و ڕێ کەوتنیان لە شێوەزاری شۆریجەدا لە دەوری بـکەری دا سرو شتی ڕێ کەوتنی ڕا ناوە لکاوە کانی کۆمەڵەی ( A ) زیاتر دەردەکەون و بەکاردێن لەم شێوەزارە و شێوەزاری گەرمیان لە گەڵ گۆرینی دەنگەکان و بە پێی بەکار هێنانیان لە شێوەزارەکەدا وەك لەم نمونانەی خوارەوە:-

### 1-بۆ کەسی یەکەمی تاك :

| | | |
|---|---|---|
| من چویم بۆ ماڵتان . | = چوی + م . | کاری ڕابردووی تێنەپەڕی سادە |
| وەختێ من ئەچویم ئەو ئەهاتەوە. | = ئە + چوی + م. | کاری ڕابردووی تێنەپەڕی بەردەوام |
| وەختێ خەوەری داپێم من چوییبیم . | = چوی + بی + م. | کاری ڕابردووی تتێنەپەری دوور |
| من چویمە ناچم لە گەڵیانا . | = چوی +م + ە. | کاری ڕابردووی ئێستای تەواو |

مۆرفیمی ( وی ) بەپێ ی دەربرینی فۆنەتیکی شێوزارەکە گۆ دەکرێ ، لە شێوە زاری شۆریجەدا ڤاولێکی پێشەوەی خرە*.

---

84 دولبەر ابراهیم فرج ، یاسا دەنگیەکانی زمانی کوردی ، ل 105 .

85 تارا محسن قادر ، لێکدانەوەی نوێ لە زمانی کوردی دا بە کەرەستەی دیالێکتی خووارووی ، ل 5 .

* - بۆ زیاتر بڕوانە ل 67 ( فۆنەتیکی ) ی غازی فاتح وەیس ، چاپی یەکەم ، 1984 .

## 2 - بۆ کەسی دووەومی تاك:

تو چویت بۆ لای حاجی حەمە ، ئێژن نەخۆش بی = چوی + ت. کاری ڕابردووی تێنەپەری سادە

وەختێ نەخۆش بی گشت ڕۆژێ تو ئەچویت بۆ لای = ئە+چوی+ ت. کاری ڕابردووی تێ نەپەڕی بەردەوام

توˇهاتویت بو تەعزیەکەی ماڵ سەید = هات + وی+ ت کاری ڕابردووی دوور

گوڵخانم لە خەستە خانە دە رچویە تو چویتە لای = چوی + ت + ە. کاری ڕابردووی ئێستای تەواو

## 3- بۆ کەسی سێ یەمی تاك :

ئەو چوی بۆ لای دوکانە کە . = چو + ی +∅ کاری ڕابردووی تێنەپەڕی سادە

ئەو ئەچوی بۆ ماڵ خۆمان . = ئە + چوی+ ∅ کاڕی رابردووی تێنەپەری بەردەوام

وەختێ ئەهاتمەوە ئەو چوییی . = چوی+ ∅ + بی کاری ڕابردووی تێنەپەڕی دوور

ئەو چویە بۆ ئیش . = چوی + ∅+ ە . کاری ڕابردووی ئێستای تەواو

ڕاناوی لکاو بۆ کەسی سێ یەمی تاك مۆرفیمی ( ∅ )ە وەك لەسەرەوە ڕوون کراوەتەوە .

لە کاری ڕابردووی تێنەپەڕی بەردەوام ( وی ) مۆرفیمی کاری ڕابردووی ئیخباری دوورە وەك : هاتوی  خەوتوی  سوتیاوی , بەڵام لە کاری چووی مۆرفیمی ( وی ) کە نیشانەی دوورە دەبێتە ( بی ) وەك : چوییی , ئەمەش پەیوەندی بە لایەنی فۆنۆلۆژی شێوەزارەکەوە هەیە هەروەها لە کاری ناتەواویش دا ( بوو ) دەبێتە ( بی ) وەك :

چی بی ؟ = چی بوو ؟

کێ بی ؟ = کێ بوو ؟*

## 4- بۆ کەسی یەکەمی کۆ :

ئێمە چویمانە ماڵتان . = چوی + مان . کاری ڕابردووی تێنەبەڕی سادە

نەوزاد ئێمەی دی ئەچویمان بۆ بازاڕ . = ئە + چوی + مان . کاری ڕابردووی تێنەپەری بەروام

ئێمە چوییبیمان بۆ عیلاج . = چوی + بی + مان . کاری ڕابردووی تێنەپەری دوور

ئێمە چویمانە لە گەڵتان نایەین . = چوی + مان + ە. کاری ڕابردووی ئێستای تەواو

---

* بۆ زیاتر بڕوانە : ئومێد بارزان برزۆ , ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقین دا , ل 30 .

### 5- بۆ کەسی دووەمی کۆ :

ئێوە چویتان بۆ ئەو دەشتە = چوی + تان کاری ڕابردووی تێنەپەری سادە

ئێوە ئەچویتان بۆ ئەو شوێنە = ئە + چوی + تان کاری ڕابردووی تێنەپەری بەردەوام

ئێوە چویبیتان بۆ لایان = چوی + بی + تان کاری ڕبردووی تێنەپەری تەواو

ئێوەچویتانە بۆ شاییەکە = چوی + تان + ە کاری ڕابردووی ئێستای تەواو

### 6-بۆ کەسی سێ یەمی کۆ :

ئەوان چوین بۆ بازار = چوی + ن کاری ڕابردووی تێنەپەری سادە

ئێمە ئەهاتمان ئەوان دەر ئەچوین = دەر+ ئە + چوی + ن کاری ڕابردووی تێنەپەری بەردەوام

ئەوان چویبین بۆ سەفرە لە ماڵ نەوین چوی + بی + ن کاری ڕابردووی تێنەپەڕی دوور

ئەوان چوینە ئیتر نایەنەوە = چوی + ن + ە کاری ڕابردووی ئێستای تەواو

## لە چاوگی ( گەین ):

لە شێوەزاری شۆڕیجەدا گەردانی کارەکە لە گەڵ کەس و ژمارەدا بە پێی ڕێکەوتنی لەم نمونانەی خوارەوەدا ڕوون دەکەینەوە :

### 1- بۆ کەسی یەکەمی تاك :

من گەیم و ئەو هاتەوە. = گەیـ + م ڕابردووی تێنەپەڕی سادە

گشت ڕۆژێ من ئەگەیم ئیینجا دەرئەچوی لە ماڵ. = ئە+گەیـ+م ڕابردووی تێنەپەڕی بەردەوام

عانێ ئەوان هاتن من گەیویم. = گەیـ + وی + م ڕابردوی تێنەپەڕی دوور

من گەیمە لاتان ئیتر هەر وەختێ تێن بێن. = گەیـ + م + ە ڕابردووی ئێستای تەواو

لەم شێوەزارەدا چاوگی ( گەین ) کە لە ز مانی ناوەڕ ستدا ( گەیشتن ) ە , ڕە گی کاری ڕا بردوو ( گەی ) ە .

گەیشتن —— ( گەیێ ) ڕەگی کار داهاتوو

گەی ڕەگی کاری ڕابردوو

## 2- بۆ کــەسی دووەمی تاك:

تو کەی گەییتە ماڵ؟ = گەی + یت. ڕابردووی تێنەپەڕی سادە

تو کەی ئەگەییتە ئێمە ، ئێمە زۆر خێراین. = ئە + گەی + یت ڕابردووی تێنەپەڕی بەردەوام

عانێ من هاتم تو گەیوییتە سەر کۆلأنەکە. = گەی + وی + یت. ڕابردووی تێنەپەڕی دوور

ئەرێ تو گەییتە ماڵ ؟ = گەی + یت ڕابردووی ئێستای تەواو

## 3- بۆ کەسی سێ یەمی تاك:

ئەو خۆی گەیی، ئێمەی بۆ چی یە؟ = گەی + $\varnothing$ ڕابردووی تێنەپەڕی سادە

ئەو گشت بەیانیانێ قاوەڵتی ئەکرد و ئنجا خۆی ئەگەیانە لامان. = ئە + گەی+ $\varnothing$ ڕابردووی تێنەپەڕی بەردەوام

ئەو لە نیویای ئێمەوە گەیویی . = گەی + وی + $\varnothing$ ڕابردووی تێنەپەڕی دوور

ئەو ئیستاکە گەییە. = گەی + $\varnothing$ + ە ڕابردووی ئێستای تەواو

## 4- بۆ کەسی یەکەمی کۆ :

ئێمە زوی گەیمان . = گەی + مان ڕابردووی تێنەپەڕی سادە

ئێمە گشت ڕۆژێ لەعان دەواما ئەگەیمان ناو دائیرەکە. = ئە + گەی + مان ڕابردووی تێنەپەڕی بەردەوام

ئێمە گەیویمان ، ئینجا ئەو هەڵتەك هەڵتەك لە دویرەوە دیاربی. = گەی + وی + مان ڕابردووی تێنەپەڕی دوور

ئێمە گەیمانە ئەورە ئینجا ئەو هات. = گەی + مان + ە ڕابردووی ئێستای تەواو

## 5- بۆ کەسی دووەمی کۆ :

ئێوە گەیتان ئەوان هەڵسیان. = گەی + تان ڕابردووی تێنەپەڕی سادە

ئێوە ئازابین گشت ڕۆژێ زوی ئەگەیتان. = ئە + گەی + تان ڕابردووی تێنەپەڕی بەردەوام

ئێوە گەیویتان ، ئێمە هێشتا لە شوێن خۆمان بیمان. = گەی + وی + تان ڕابردووی تێنەپەڕی دوور

ئێوە گەیتانە پێمان ، ئێمە خاورێیمان ئەکرد . = گەی + تان + ە ڕابردووی ئێستای تەواو

**6- بۆ کەسی سێیەمی کۆ :**

| | | |
|---|---|---|
| ئەوان گەین ئێمە با هەڵسین. | =گەی + ن. | ڕابردووی تێنەپەڕی سادە |
| ئەوان ئەگەیێنە پێمان ئەگەر نەختێ پا هەڵنەگرین= | ئە+ گەی+ ن | ڕابردووی تێنەپەڕی بەردەوام |
| وەختێ چویمان ئەوان گەیویین. | = گەی + وی + ن | ڕابردووی تێنەپەڕی دوور |
| ئەوان گەیینە ئیتر ئێمە بۆ بچین | = گەی + ن + ە | ڕابردووی ئێستای تەواو |

لەم شێوەزارەدا کۆمەڵەی ڕاناوی لکاو ( م □ مان □ ت □ تان □ ی □ یان ) بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئلخاوتنی شێوزارەکەدا دەردەکەوێت تەنانەت ئەوزانەی غەیرە زمانی کوردین وەك تورکمان و کلد و ئاشووریەکان دەستە ڕاناوەکە بەکاردێنن ڕاناوی لکاو بۆ کەسی سێ یەمی کۆ لە ئاخاوتن دا بەکاردێن وەك چوویان □ هاتیان □ خەوتیان . مەبەست لەمە ئەم دەستە ڕاناوە بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاردێت ڕەنگدانەوەی لەناو ئاخاوتنی زارەکانی تری غەیرە کوردا ڕەنگی داوەتەوە و کاری تێیان کردووە .

شێوە و فۆرمی ڕاناوی کەسی سەربەخۆ و ڕاناوی لکاو لە شێوەزاری شۆڕیجەدا بە پێ ی کەس و ژمارە و ڕێکەوتنی لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ بەم جۆرە لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

| ژمـــاره | کـەس | ڕاناوی سەربەخۆ | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|
| تـــاك | 1 | من | م |
| | 2 | تو | یت |
| | 3 | ئەو | ∅ |
| کـــۆ | 1 | ئێمە | مان |
| | 2 | ئێوە | تان |
| | 3 | ئەوان | ن |

خشتەی کاری ڕابردووی تێنەپەڕ / ژ ( 2 )

## ج - کاری داهاتووی تێپەڕ

**ڕاناوی لکاو و ڕاناوی سەربەخۆ لە دەوری بکەری دا لە کاری داهاتووی تێپەڕدا:**

ڕاناوی سەربەخۆ و ڕاناوی لکاو لە دەوری بکەری دا لە گەڵ کاری داهاتووی تێپەڕدا لە شێوەزاری شۆڕیجەدا بە پێ ی سروشتی ڕێکەوتنیان لەکەس و ژمارەدا بەم جۆرە دەست نیشانی دەکەین لەم نمونانەی خوارەوە

لە چاوگی ( **تێرن** )

| | | |
|---|---|---|
| من جانتاکە ئەتێرم | = | ئە + تێر + م |
| تو جانتاکە ئەتێریت | = | ئە + تێر + یت |
| ئەو جانتاکە ئەتێرێت | = | ئە + تێر + ێت |
| ئێمە جانتاکە ئەتێرین | = | ئە + تێر + ین |
| ئێوە جانتاکە ئەتیچرن | = | ئە + تێر + ن |
| ئەوان جانتاکە ئەتێرن | = | ئە + تێر + ن |

چاوگی ( هێنان ) دەبێتە ( تێرن ) لە شێوەزاری شۆڕیجەدا , ڕەگی داهاتووی هێنان دەبێتە ( تێ ) ،مۆرفیمی ( ئە ) نیشانەی کاری ڕانەبردووە .

هەروەها لە چاوگی ( **نویسان** ) بەم جۆرەیە :-

| | | |
|---|---|---|
| من نامەکە ئەنویسم | = | ئە + نویس + م |
| تو نامەکە ئەنویسی | = | ئە + نویس + ی |
| ئەو نامەکە ئەنویسێ | = | ئە+ نویس + ێ |
| ئێمە نامەکە ئەنویسین | = | ئە + نویس + ین |
| ئێوە نامەکە ئەنویسن | = | ئە + نویس + ن |
| ئەوان نامەکە ئەنویسن | = | ئە + نویس + ن |

چاوگی ( نوسین ) دەبێتە ( نویسان ) لەم شێوەزارەدا .

لەو چاوگی (**وردن** ) * بەم جۆرە :-

| | | |
|---|---|---|
| من قەڵەمەکە ئەوەم | = | ئە + وە + م |
| تو قەڵەمەکە ئەوەیت | = | ئە + وە + یت |
| ئەو قەڵەمەکە ئەوات | = | ئە + وە + ات |
| ئێمە قەڵەمەکە ئەوەین | = | ئە + وە + ین |
| ئێوە قەڵەمەکە ئەوەن | = | ئە + وە + ن |
| ئەوان قەڵەمەکە ئەوەن | = | ئە + وە + ن |

له کاری داهاتوو دا چاوگی ( بردن ) دەبێتە ( وردن ) , ڕەگی کار ( بە ) ئەبێتە ( وە ) بە پێ ی دەرکەوتنی لەم شێوەزارەدا وەك لە سەرەوە ڕوون کراوەتەوە .

| | |
|---|---|
| چیت گەرەك ؟ | دوو کیلۆ تەماتەم گەرەکە. |
| چیتان گەرەگ ؟ | گەرەکمانە بێین . |
| ئەوان چیان گەرەك ؟ | گەرەکیانە لەگەڵمان بێنە بازاڕ . |

من گەرەکمە ئێستاکە ئیشکەم .

تو گەرەکتە چی بکەیت ؟

ئەو گەرەکیەتی لەگەڵ مناڵەکانیا ئیستاکە بچێتە دەشتەوە.

چاوگی ( گەرەك ) لەم شێوەزارەدا یەك فۆرمی هەیە واتا لە گەردان کردن دا هەمان شێوەی کاری ڕابردووی هەیە لێك جیا ناکرێنەوە یان بە هۆی ئاوەڵکاری کاتی یەوە کارەکە دەردەکەوێت یان لە شێوەی ئاخاوتنەکەدا دەردەکەوێ ، جۆری کارەکە داهاتووە یان ڕابردووە هەروەك لە لاپەڕە ( 35 ) باسکراوە .

---

* بۆ زیاتر بڕوانە : دولبەر ئیبراهیم فەرەج شالی , دەنگە گۆرکێ , ل 89  91 .

## د  کاری داهاتووی تێنەپەڕ

ڕاناوی سەربەخۆ و ڕاناوی لکاو لە دەوری بکەری لەگەڵ کاری داهاتووی تێنەپەر دا لە شێوەزاری شۆریجەدا بە پێ ی کەس و ژمارە و ڕێکەوتنیان لەم شێوەزارەدا بەم شێوەیە لەم نموونانەی خوارەوەدا دەست نیشانی ئەکەین لە چاوگی ( **هاتن** ) :

| | | |
|---|---|---|
| من لە گەڵتان تێم | = | تێ + م * |
| تۆ لەگەڵمان تێیت | = | تێ + یت |
| ئەو لە گەڵمان تێت | = | تێ + یت |
| ئێمە لە گەڵتان تێین | = | تێ + ین |
| ئێوە لەگەڵمان تێن | = | تێ + ن |
| ئەوان لە گەڵمان تێن | = | تێ + ن |

چاوگی ( هاتن ) لە ئاخاوتنی ئەم شێوەزارەدا لە گەردان کردن دا بۆ کاری داهاتوو بەم جۆرەیە :

دێ ←——— تێ : تێ + م = تێم

زۆرجاریش مۆرفیمی ( ئە )ی نیشانەی کاری بەردەوام لە ئاخاوتنی ئەم شێوەزارەدا دەردەکەوێت وەك :

ئەتێم - ئەتێیت - ئەتێن - ئەتێین

( لە وشەیەکدا دوو دەنگی جیاواز یەك بگۆڕنەوە کارنەکاتە سەر واتای وشەکە ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردی دا بلاٌوە ، دەڕۆم <> ئەڕۆم ، دێم <> تێم )[86].

هەروەها لە چاوگی (خەفتن)

| | | |
|---|---|---|
| من لە بان خانی ئەخەفم | = | ئە + خەف + م |
| تو لەبان خانی ئەخەفیت | = | ئە + خەف + یت |
| ئەو لەبان خانی ئەخەفێت | = | ئە + خەف + ێت |
| ئێمە لەبان خانی ئەخەفین | = | ئە + خەف + ین |
| ئێوە لە بان خانی ئەخەفن | = | ئە + خەف + ن |
| ئەوان لە بان خانی ئەخەفن | = | ئە + خەف + ن |

لە چاوگی(کەفتن )

* - چاوگی ( هاتن ) لەم شێوەزارەدا دەبێتە ( تێ ) لەجیاتی ( دێ ) . ئەم دیاردەیە لە دەنگ سازی دا بە دەنگە گۆرکێ پێناسە دەکرێ ، بۆ زیاتر بڕوانە (حسن قزلجی ، گۆرانی پیتەکان بە یەکتر ل 167 ، گۆڤاری کۆر ).

[86] دولبەر ابراهیم فرج ، یاسا دەنگی یەکانی زمانی کوردی ، ل 89 .

| | | |
|---|---|---|
| من لەبان جاعدەكە ئەكەفم | = | ئە + كەف + م |
| تو لە بان جاعدەكە ئەكەفی | = | ئە + كەف + ی |
| ئەو لە بان جاعدەكە ئەكەڤێ | = | ئە + كەف + ێ |
| ئێمە لە بان جاعدەكە ئەكەفین | = | ئە + كەف + ین |
| ئێوە لەبان جاعدەكە ئەكەفن | = | ئە + كەف + ن |
| ئەوان لە بان جاعدەكە ئەكەفن | = | ئە + كەف + ن |

لەم شێوەزارەدا چاوگی ( خەوتن ) دەبێتە ( خەفتن ) , چاوگی ( كەوتن ) دەبێتە ( كەفتن ) بە پێی ئاخاوتنی شێوەزارەكە .

ڕاناوی کەسی سەربەخۆ و ڕا ناوی لکاو لە شێوەزاری شوریجەدا بە پیٚ ی کەس و ژ مارە و دە ست نی شان کردن یان لەم شێوەزارەدا لە گەڵ کاری دا هاتووی تێ پەڕ و تێنە پەر لەم خ شتەیە ڕون کراوەتەوە :

| ژمـــارە | کەس | ڕاناوی ســـــەربەخۆ | ڕاناوی لـــكاو |
|---|---|---|---|
| تـــاك | 1 | من | م |
| | 2 | تو | یت |
| | 3 | ئەو | ات / ێت |
| كـــۆ | 1 | ئێمە | ین |
| | 2 | ئێوە | ن |
| | 3 | ئەوان | ن |

خشتەی کاری داهاتووی تێپەڕ و تێنەپەڕ ژ / 3

## هـ  کاری داخوازی لە شێوەزاری شۆڕیجەدا :

کاری داخوازی لە شێوەزاری شۆڕیجەدا بە پێ ی کەس و ژمارە لە زارەکەدا بەم شێوەیە دەست نیشان کراوە لە کاری تێپەڕ و تتێنەپەر  لەم نموونانەی خوارەوە :

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| لە چاوگی ( وردن ) | = | بووە | = | بووەن |
| هاتن | = | بێ | = | بێن |
| تێرن | = | بتێرە | = | بتێرن |
| تو پیاڵەکە بتێرە | = | ب + تێر + ە | | |
| ئێوە پیاڵەکە بتێرن | = | ب + تێر + ن | | |
| تو لەبان خانی بخەفە | = | ب + خەف + ە | | |
| ئێوە لە بان خانی بخەفن | = | ب + خەف + ن | | |
| تو پێم بێژە چیت کرد | = | ب + بێژ + ە | | |
| ئێوە پێم بێژن چیتان کرد | = | ب + بێژ + ن | | |
| تو  زوی مناڵەکان بنێرە | = | ب + نێر + ە | | |
| ئێوە زوی مناڵەکان بنێرن | = | ب + نێر + ن | | |
| تو دەرسەکەت بخوێنە | = | ب + خوێن + ە | | |
| ئێوە دەرسەکەتان بخوێنن | = | ب + خوێن + ن | | |

لە چاوگی ( بێژن ) لە ئاخاوتنی شێوەزارەکەدا :


بێژە ←———— بۆ کەسی دووەمی تاکە ( بـ ) نیشانەی کاری داخوازی یە دەرناکەوێت .

بێژن ←———— بۆ کەسی دووەمی کۆیە ( بـ ) نیشانەی کاری داخوازی یە دەرناکەوێت .

هەروەها لەم چاوگانەی خوارەوە لە ئا خاوتنی شێوەزاری شۆریجە دا لە کاری دا خوازی دا بەم جۆرەیە :

| | | |
|---|---|---|
| نوویسان | ← | بنویسە  بنویسن |
| وردن | ← | بووە - بووەن |
| کەفتن | ← | بکەفە - بکەفن |
| بێژن | ← | بێژە  بێژن |
| شکاندن | ← | بشکنە  بشکنن |
| هاتن | ← | بێ  بێن |
| سەنین | ← | بسەنە - بسەنن |

لەم نمونانەی سەرەوەدا کاری داخوازی لە شێوەزاری شۆریجەدا ڕوون کراوەتەوە بەم جۆرە لەم یاسایەی خوارەوە کاری داخوازی لە شێوەزارەکەدا ڕوون دەکەینەوە :




**یاسای کاری داخوازی لە شێوەزاری شۆریجەدا ژ / 2**

**ڕاناوی لکاو سەربەخۆ لە دەوری بکەری دا لە شێوەزاری شۆریجەدا بە پێ ی کەس و ژمارە و ڕێکەوتنیان لەم شێوەزارە دا لە کاری داخوازی دا لەم خشتەیەی خوارەوە دەست نیشان ئەکەین:**

| ژمارە | کەس | | |
|---|---|---|---|
| تـــاك | 2 | تــو | ە |
| کـــۆ | 2 | ئێــوە | ن |

**خشتەی کاری داخوازی تێپەڕ و تێنەپەڕ ژ / 4**

## و - کاری ڕابردووی تێپەڕی خۆزگەیی ( دانانی )

**ڕاناوی** لکاو و سەربەخۆ بەپێ ی کەس و ژمارە و ڕێکەوتنیان لە شێوەزاری شۆریجەدا لە کاری ڕابردووی تێپەڕی دانانی لەم نمونانەی خوارەوە دیاری دەکەین :

لە چاوگی ( هاوردن )

| | |
|---|---|
| خۆزگە ئەشیاکانم لەگەڵ خۆم بهاوردایە . | ب + م + هاورد + ایە |
| خۆزگە ئەشیاکانت لەگەڵ خۆتا بهاوردایە | ب + ت + هاورد + ایە . |
| خۆزگە ئەشیاکانی لەگەڵ خۆیا بهاوردایە . | ب + ی + هاورد + ایە. |
| خۆزگە ئەشیاکانمان لەگەڵ خۆمان بهاوردایە . | ب + مان + هاورد + ایە. |
| خۆزگە ئەشیاکانتان لەگەڵ خۆتانا بهاوردایە . | ب + تان + هاورد + ایە. |
| خۆزگە ئەشیاکانیان لەگەڵ خۆیان بهاوردایە. | ب + یان + هاورد + ایە. |

لە چاوگی ( **وردن** )

| | |
|---|---|
| خۆزگە توم لەگەڵ خۆم بوردایە. | ب + م + ورد + ایە |
| خۆزگە جانتاکەت لەگەڵ خۆت بوردایە . | ب + ت + ورد + ایە |
| خۆزگە جەواڵەکەی لەگەڵ خۆی بوردایە . | ب + ی + ورد + ایە |
| خۆزگە کتابەکەمان لەگەڵ خۆمان بوردایە. | ب + مان + ورد + ایە |
| خۆزگە پارەکەتان لەگەڵ خۆتانا بوردایە. | ب + تان + ورد + ایە |
| خۆزگە پارەکەیان لەگەڵ خۆیان بوردایە. | ب + یان + ورد + ایە |

**بەم جۆرە لەم خشتەی خوارەوە ڕاناوە لکاوەکان و ڕاناوە سەربەخۆکان لە کاری ڕابردووی تێپەڕی دانانی ڕوون دەکەینەوە :**

| ژمــارە | کـــەس | جـودا | لکاو |
| --- | --- | --- | --- |
| تـــاك | 1 | من | م |
| | 2 | تو | ت |
| | 3 | ئەو | ی |
| کـــۆ | 1 | ئێمە | مان |
| | 2 | ئێوە | تان |
| | 3 | ئەوان | یان |

**خشتـەی کـاری ڕابـردووی تێپەڕی دانـانی   ژ / 5**

## ز - کاری ڕابردووی تێنەپەڕی دانانی (خۆزگە یی)

**لە شێوەزاری شۆریجەدا ڕاناوی لکا و ڕاناوی سەربەخۆ لەم نموونانەی خوارەوە لە کاری ڕابردووی تێنەپەڕی دانانی ڕوون دەکەینەوە :**

**چاوگـی ( هــــاتــن )**

| | |
|---|---|
| خۆزگە منیش بهاتمایە لەگەڵتان . | ب + هات + م + ایە. |
| خۆزگە تویش بهاتیتایە لەگەڵمان . | ب + هات + یت + ایە. |
| خۆزگە ئەویش بهاتایە لەگەڵمان . | ب + هات + ∅ + ایە. |
| خۆزگە ئێمەش بهاتمانایە لەگەڵتان. | ب + هات + مان + ایە. |
| خۆزگە ئێوەش بهاتتانایە لەگەڵمان . | ب + هات + تان + ایە. |
| خۆزگە ئەوانیش بهاتنایە لەگەڵمان. | ب + هات + ن + ایە. |

**لە چاوگی ( چـــووین ):**

| | |
|---|---|
| ئەوێ منیش بچویمایە لەگەڵیان. | ب + چوی + م + ایە. |
| ئەوێ تویش بچویتایە لەگەڵیان. | ب + چوی + ت + ایە. |
| ئەوێ ئەویش بچویایە لەگەڵیان. | ب + چوی + ∅ + ایە. |
| ئەوێ ئێمە بچویمانایە لەگەڵیان ئینجا تەواویان ئەکرد. | ب + چوی + مان + ایە. |
| ئەوێ ئێوەش بچویتانایە لەگەڵیان یەڵڵاً تەواو ئەوێ. | ب + چوی + تان + ایە . |
| ئەوێ ئەوانیش بچوینایە لەگەڵیان. | ب + چوی + ن + ایە. |

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕاناوی لکاو و ڕاناوی سەربەخۆ لە دەوری بکەری دا لە کاری ڕابردووی تێنەپەری دانانی دا لە شێوەزاری شۆڕیجەدا بە پێ ی کەس و ژمارە و ڕێکەوتنیان لە شێوەزارەکەدا ڕوون کراوەتەوە :

| ژمارە | کەس | جودا | لکاو |
|---|---|---|---|
| تاك | 1 | من | م |
| | 2 | تو | یت |
| | 3 | ئەو | Ø |
| کۆ | 1 | ئێمە | مان |
| | 2 | ئێوە | تان |
| | 3 | ئەوان | ن |

خشتەی کاری ڕابردووی تێنەپەڕی دانانی ژ / 6

لەم خشتەیەدا ڕاناوە لکاوەکان و ڕاناوە سەربەخۆکان لە کاری ڕابردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ و داهاتووی تێپەڕ و تێنەپەڕ لە شێوەزاری شۆڕیجەدا ڕوون کراوەتەوە :

| ژمار | کەس | رابردوو | | | | داهاتوو | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | تێپەڕ | | تێنەپەڕ | | تێپەڕ | | تێنەپەڕ | |
| | | جودا | لکاو | جودا | لکاو | جودا | لکاو | جودا | لکاو |
| تاك | 1 | من | م | من | م | من | م | من | م |
| | 2 | تو | ت | تو | یت | تو | یت | تو | یت |
| | 3 | ئەو | ی | ئەو | ∅ | ئەو | ات<br>ێت | ئەو | ات<br>ێت |
| کۆ | 1 | ئێمە | مان | ئێمە | مان | ئێمە | ین | ئێمە | ین |
| | 2 | ئێوە | تان | ئێوە | تان | ئێوە | ن | ئێوە | ن |
| | 3 | ئەوان | یان | ئەوان | ن | ئەوان | ن | ئەوان | ن |

خشتەی کاری ڕابردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ  و داهاتووی تێپەڕ و تێنەپەڕ  ژ / 7

## ح- کاری ڕابردووی بکەر نادیار لە شێوەزاری شۆڕیجەدا :

**بۆ کاری ڕابردووی بکەر نادیار لە شێوەزاری شۆڕیجەدا بەم جۆرە پەیڕەو دەکرێت :**

**( ڕەگی کار + ر + یـ + ا )**

| | | |
|---|---|---|
| **ئاوات نامەکەی نویسی.** | **نامەکە نوویسریا.** | **نویس + ر + ی + ا** |
| **ڕزگار خانیەکەی فرۆشت .** | **خانیەکە فرۆشریا.** | **فرۆش + ر + ی + ا** |

**بۆ دەست نیشان کردنی جۆرەکانی کاری بکەر نادیاری ڕابردوو بەم جۆرەیە لە شێوەزاری شۆڕیجەدا:**

## 1- کاری ڕابردووی ئیخباری سادەی بکەر نادیار :

| | |
|---|---|
| ئیمشەو ناوم لە تەلەفزیۆن خوێنریا . | خوێن + ر + ی + ا |
| جانتاکەی من بریا. | بە + ر + ی + ا |
| خانیەکەمان لێ زەوت کریا . | کە + ر + ی + ا |
| باش بی زەویەکەم فرۆشریا. | فرۆش + ر + ی + ا |
| چوویمانە محافەزە ناومان نوسیریا. | نویس + ر + ی + ا |
| ئەشیاکانم گشتی هاوریا. | هاور + ر + ی + ا |
| شێخە لە بازار هەلخەتیا. | خەلەت + ی + ا |
| کتابەکانم کات ئەنفالەکە لەو دەشتە گشتی فەوتیا . | فەوت + ی + ا |
| ماڵەکانمان لە دەشت گشتی ڕمیا. | ڕم + ی + ا |

لەم شێوەزارەدا مۆرفیمی نادیاری ( ر ) دەبێتە ( ی ) هەروەك لە شێوەزاری هەورامی دا دیارە[87] , ئەو چاوگانەی کە تێنەپەڕن کراونەتە تێپەڕ نیشانەی ( ر ) ی نادیاری تیایدا دەرناکەوێ وەك :

فەوتیا - سوتیا - ڕمیا - شکیا - خنکیا

لە کرمانجی خواروو دا بۆ داڕشتنی کاری بکەر نادیار ( ن ) ی چاوگ و دەنگەکەی پێشی ( بە پێی هەڵکەوتی چاوگەکە ) فڕێ دەدرێ و نیشانەی ( ر ) ی نادیاری + نیشانەی کات ڕابردوو  ڕانەبردوو ( - ا ، - ێ ) زیاد دەکرێ و بە هۆی لکاندنی ڕاناوی لکاو بە پێی کەس و ژمارەی بەرکار و دانانی نیشانەی جۆری کات لە شوێنی پێویستی خۆی دا کاری بکەر نادیاری ڕابردوو و ڕانەبردوو دروست دەکرێت[88] .

کــاری ڕابردووی ئیخباری سادەی بکەر نادیار لەم شێوە زارەدا بەم جۆرە لەم یاسایەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

| | |
|---|---|
| ڕەگـــی کـــار + ر + یـــ +ا |
| خـویــٚن + ر + یـــ +ا |

### یاسای ژمـــارە ( 1 )

87 بۆ زیاتۆر بروانە : فەرەیدون عەبدول محەمەد بەرزنجی , چەند لایەنێکی ڕستە سازیی زاری هەورامی , ل 75 .

88 فەرەیدون عەبدول محەمەد ، نادیاری لێکۆلینەوەیەکی بەراورد لە نێوان دوو زاری کوردی دا ، ل 103 .

## 2 - کاری ڕابردووی‌ئیخباری  بەردەوامی بکەر نادیار :

**لەم نموونانەی خوارەوەدا کاری ڕابردووی ئیخباری بەردەوام بۆ کاری بکەر نادیار لە شێوەزاری شۆریجەدا دیار دەکەین :**

| | |
|---|---|
| **ئەگەر وانەویایە خانیەکەم زوی ئەفرۆشیا.** | **ئە + فرۆش + ر + ی + ا** |
| **تو نەویایەیت ناوم نەئەنوسریا.** | **ئە + نویس + ر + ی + ا** |
| **بت هێشتیایە زوی هەڵ ئەخەلتیا.** | **ئە + خەڵەت + ی + ا** |
| **ئەگەر ئەو نەئەوی ، خانیەکەمان زوی زەوت ئەکریا.** | **ئە + کە + ر  + ی + ا** |
| **گیانێکم وە تو بی ئەگەرنا گشتی ئەفەوتیا.** | **ئە + فەوت + ی + ا** |
| **خۆزیە نەختێ زوی شتەکانم بۆ ئەهاوریا.** | **ئە + هاور + ر + ی + ا** |
| **ئەگەر نەچویایەم جانتاکەم نەئەورریا.** | **ئە + ور  + ر + ی + ا** |

**لە شێـوازەی شۆریجەدا کاری رابردووی‌ئیخباری بەردەوامی بکەر نادیار لەم یاسایەی خوارەوەدا دەردەکەوێ  :**

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ئــە** | **+** | **ڕەگی کار** | **+** | **ر** | **+** | **یــ** | **+** | **ا** |
| **ئــە** | **+** | **فرۆش** | **+** | **ر** | **+** | **یــ** | **+** | **ا** |

**یاسای ژمارە ( 2 )**

**لە شێوەزاری شۆریجەدا ( ئــە ) نیشانەی بەردەوامی واتە مۆرفیمی بەردەوامی لە کاری رابردوودا لە بری ( دە ) دەبێتە ( ئــە ).**

## 3- کـاری رابردووی ئیخباری دووری  بکەر نــادیار :

لەم شێوەزارەدا کاری ڕابردووی ئیخباری بکەر نادیار لەم ڕستانەی خوارەوەدا لە ئاخاوتنی شێوەزارەکەدا ڕوون دەکەینەوە :

| | |
|---|---|
| سەیارەکەم زوی فرۆشریاوی. | فرۆش + ر + ی + ا + وی |
| ناومان لە موحافەزە نویسریاوی . | نویس + ر + ی + ا + وی |
| ئەو بریاوی بۆ سجن. | بە + ر + ی + ا + وی |
| هێشتا تەرحیل نەکریاوی. | کە + ر + ی + ا + وی |
| خانویەکەمان لێ زەوت نەکریاوی. | کە + ر + ی + ا + وی |

چویمانە ناو ماڵ گشت ئەشیاکان تێك دریاویهەنێکی فەوتیاوی ، هەنێکی بریاوی .

لەم شێوەزارەدا مۆرفیمی ( وی ) نیشانەی کاری ڕابردووی دووری بکەر نادیارە .

لە شێوەزاری شۆریجەدا کاری رابردوووی ئیخباری دووری بکەر نادیار لەم یاسایەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە :

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگی کار | + | ر | + | یــ | + | ا | + | وی | | |
| نوویس | + | ر | + | یــ | + | ا | + | وی | | |

یاسای ژمارە ( 3 )

## 4- کاری ڕابردووی ئیخباری تەواوی بکەر نادیار :

لەم نمونانەی خوارەوە دا کاری ڕابردووی ئیخباری تەواوی بکەر نادیار ڕوون دەکەینەوە :

| | |
|---|---|
| ئیمشەو ناوم خوێنریاوە . | خوێن + ر + ی + ا + وە |
| ئێوە خەمتان نەوێ ناوتان نویسریاوە. | نویس + ر + ی + ا + وە |
| زەویەکەتان زەوت کریاوە. | کە + ر + ی + ا + وە |
| ماڵیان تێك دریاوە. | دە + ر + ی + ا + وە |
| سەیارەکەم هێشتا نەفرۆشیاوە. | فرۆش + ر + ی + ا + وە |
| گۆشتەکە گشتی خوریاوە هیچی نەماوە. | خۆ + ر + ی + ا + وە |
| ئەو هەڵ خەڵەتیاوە ، ئێمە چی بکەین. | خەڵەت + ی + ا + وە |
| کەلیەلەکانم هاورریاوە؟ | هاور + ر + ی + ا + وە |

لە ئاخاوتنی شێوەزاری شۆریجەدا مۆرفیمی نیشانەی کاری تەواو بۆ کاری بکەر نادیار ( وە ) یە بە پێچەوانەی کاری ڕابردووی ئێستای تەواو کە ( ە ) یە , بۆ زیاتر بڕوانە لاپەڕە ( 33 ) .

لەم شێوەزارەدا کاری ڕابردووی ئیخباری تەواوی بکەر نادیار لەم یاسایە دا ڕوون کراوەتەوە :

**ڕەگی کـار + ر + یــ + ا + وە**

**فرۆش + ر + یــ + ا + وە**

یاسای ژمارە ( 4 )

## ط- كاری ڕانەبردووی بکەر نادیار :

بۆ دەست نیشان کردنی کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە :

| | |
|---|---|
| ئەمجارە بێتەوە ناومان ئەنویسرێ. | ئە + نویس + ر + ێ |
| ئەگەر زوی نەیەی بەشەکەت ئەفەوتێ. | ئە + فەوت + ێ |
| بەشە گۆشتەکەت ئەخورێ. | ئە + خۆ + ر + ێ |
| من حەقم پێوەی نیە هەڵ ئەخەڵەتێنرێ. | ئە + خەڵەت + ێ |
| سەیارەکەت ئەفرۆشرێ. | ئە + فرۆش + ر + ێ |
| نەختێ زویکە دویاسا ئەوررێ. | ئە + ور + ر + ێ |
| ئێمە پێت ئێژین دویاسا تێك ئەدرێ. | ئە + دە + ر + ێ |
| ئێژن لەسەر فایلێ ناوەکان ئەنویسرێ. | ئە + نویس + ر + ێ |

لەم نموونانەی سەرەوەدا بۆ کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار لە شێوەزاری شۆڕیجەدا ڕوون کراوەتەوە هەروەك ئاماژەمان پێ کرد لە لاپەڕە (55 ) دا کە کاری بکەر نادیار لەو چاوگانەی کە لە بناغەدا تێنەپەڕن نیشانەی نادیاری ( ر ) وەرناگرن وەك :

ئەفەوتێ - ئەخەڵەتێ - ئەسوتێ

بۆ کاری ڕانەبردووی بکەر نادیارلە شێوە زاری شۆڕیجەدا لەم یاسایە دا دەردەکەوێ :

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئــە | + | ڕەگی کار | + | ر | + | ێ |
| ئــە | + | خـــۆ | + | ر | + | ێ |

**یاسای ژمارە (5)**

# تەوەری دووەم  بەشی دووەم -

## 2- ڕاناوی کەسی لکاو لە دەوری بەرکاری دا :

أ- بەرکاری ڕاستەوخۆ

ب-بەرکاری نا ڕاستەوخۆ

أ-بەرکاری ڕاستەوخۆ:-

بەرکاری ڕاستەوخۆ ئەو بەشە سەرەکی یەی ڕستەیە کە ئەرکی تەواوی خۆی دەنوێنێ ( بەرکاری ڕاستەوخۆ ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ یەکسەر کاری بکەرەکەی دەکەوێتە سەر )[89].

ڕاناوە کەسی یە لکاوەکان لە ئاخاوتنی شێوەزاری شۆریجەدا ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینن کۆمەڵەی ( A ) : ( م  مان , ت  تان , ی  یان ) دەبنە بکەر و بەرکاری ڕستەکە بە جیاواز لەگەڵ زمانی ناوەڕاست کە لە زمانی ناوەڕاست کۆمەڵی (A ) دەبنە بکەر و کۆمەڵی (B) دەبنە بەرکاری ڕستەکە .ڕاناوە کەسی یەلکاوەکانی کۆمەڵەی (B) لە ڕستەدا لە جێ ی ڕاناوە کەسی یە جوێ یەکانە دەبنە بەرکاری ڕاستەوخۆی هەموو دەمەکانی فرمانی ڕابردووی تێپەڕ[90].

| | | | |
|---|---|---|---|
| | قەد | ك Aبکەر | كBبەرکار |
| | □□□□□□□ | □□□□□□□□ | □□□□□□□□□ |
| ناردمیت | نارد | م | یت |

لە ئاخاوتنی شێوەزای شوریجەدا ڕاناوە کەسی یە لکاوەکان کۆمەڵەی A دەبنە بکەر و کۆمەڵەی A جارێکی تر دەبنەوە بەرکاری ڕاستەوخۆی کارەکە بەپێ ی کەس و ژمارە و ڕێکەوتنیان لەم نموونانەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە :-

من توم نارد ← ناردتم

ئێمە ئێوەمان نارد ← ناردتانمان


بۆ جێگربوونی دوو کۆمەڵە ڕاناو پێکەوەلە دەوری بکەری و بەرکاری دا ( کەی دوو ڕاناو ی لکاو بە یەکەوە بە ڕەگی فەرمانەوە لکان یەکێکیان دەوری (بکەری )و ئەوی تر (بەرکاری) بینی ڕیز بوونیان بەم جۆرەیە :-

---

89 عومەر محمود کەریم , کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردی دا ( کرمانجی خواروو ) , ل 34 .

90 نوری علی ئەمین ، ئەرکی جێناوە کەسی یە لکاوەکان لە ئلخاوتنی کوردی دا ، ل 241 .

**ڕەگی فەرمان □ بکەر-بەرکار [91] .**




**لە گرێ ی کاری لە ڕستەدا بە پێی هێزی کارەکە ئەگەر تێپەڕ بێت ئەوا پێویستی بە بەرکارێك دەبێت کە لە شێوەی گرێیەکی ناوی دا لەگەڵ کارەکەدا دەردەکەوێت [92]. لە شێوەزاری شۆڕیجەدا ڕاناوە کەسی یە لکاوەکان کۆمەڵەی (A)دەبنە بکەر وە بە هەمان شێوە لە دەوری بەرکاری دا کۆمەڵەی(A)دەبێتەوە بەرکاری ڕاستەوخۆی کارەکە :**

**1- کاری ڕابردووی سادە/**

| | ڕەگی کـــار | بەرکـــاری ڕاستەوخۆ ك A | بکــەرکA |
|---|---|---|---|
| | □□□□□□□□□□ | □□□□□□□□□□□ | □□□□□□□□□ |
| **نـــاردمت** | **نارد** | **م** | **ت** |
| **ناردمانتان** | **نارد** | **مان** | **تان** |
| **ناردتانم** | **نارد** | **تان** | **م** |
| **ناردتمان** | **نارد** | **ت** | **مان** |
| **ناردیانی** | **نارد** | **یان** | **ی** |
| **ناردمیان** | **نارد** | **م** | **یان** |

**(( لە شێوەزاری ناو چەی کەرکووك و گەرمیان ئەو ڕ یزە ڕا ناوە دە بن بە ( بـکەر ) و دە بن بە ( بەرکار ) یش لەڕ ێژەی کاری را بردووی تێ پەردا وەك: ئێ مە هەڵ ( یان ) ( مان ) گرت، لەم نموونە یە دا جێ ناوی ( یان ) و جێ ناوی ( مان ) هەردوویان لە کۆمە ڵەی ڕا ناوی جێ گۆرن بەلاّم ئەرکەکانیان جیاوازە جێناوەکەی پێشەوە ( یان ) لە ئەرکی ( بەرکار ) دایە و جێناوی پاش ( مان ) لە ئەرکی ( بکەردا ). ))[93].**

---

91- د وریا ، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، ل 102 .

92 ئاسۆ عبدالرحمن ، ڕۆنانی ڕستە لە شێوەزاری فەیلی دا ، ل 68 .

93- د. شێرکۆ بابان ، دیوە تیۆریەکانی ڕێزمانی بەرکاری راستەوخۆ ، ل 205 ، ئەکادیمیی کوردستان ، هەولێر ، ژمارەی (6) ، 2007 .

4 - بۆ  کاری ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕ دەوری ڕاناوی لکاو لە دەوری بکەروبەرکار دا لەم نموونانەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە :-

| نموونە | ڕەگی کاری ڕابردووی بەردەوام | بەرکارکA | بکەرکA |
|---|---|---|---|
| ئەمتنارد | ئەنارد | م | ت |
| ئەمانتان نارد | ئەنارد | مان | تان |
| ئەتمنارد | ئەنارد | ت | م |
| ئەتانمان نارد | ئەنارد | تان | مان |
| ئەیانی نارد | ئەنارد | یان | ی |
| ئەییان نارد | ئەنارد | ی | یان |

بە بێی ڕێکەوتنی ڕاناوە لکاوەکان  لە شێوەزاری شۆریجەدا لە دەوری بکەری و بەرکاری کۆمەڵە (A) هەردوو دەور دەبینن کاتێ کارەکە ڕابردووی تێپەر بێ ڕاناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی (A)ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ  دەبینن لە خشتەی ژمارە ( 9 )  ڕوون  کراوەتەوە .

## 5 - ڕاناوی لکاو لە دەوری بەرکاری ڕاستەوخۆ لە کاری دانانی دا:

ڕاناوی لکاو لە دەوری بکەری و بەرکاری لە شێوەزاری شۆریجە دا لە کاری ڕابردووی تێپەڕی دانانی بە پێی کەس و ژمارە و ڕێکەوتنیان لەم شێوەزارەدا بەم جۆرەیە :

خۆزگە خانیەکەم زوی بسەنیایە .

خۆزگە ئەوانمان بهاوردایە.

لە ڕابردووی ئینشائی سادەدا ڕاناوەکانی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە شێوەزاری ئەرێ و نەرێ دا بە دوای فرمان دا دێن و ووشەکانی ڕستە وەها دەڕێزێن[شمی]:

| | | ڕاناوی بکەر ک A | قەدی فرمان | بەرکاری ڕاستەوخۆ ک B | ڕێژەی کۆتایی |
|---|---|---|---|---|---|

[94] نوری علی امین : ل 247 .

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بم هاوردیتایه . | بـ | م | هاورد | یت | ایه |
| بمان هاوردنایه . | بـ | مان | هاورد | ن | ایه |

لەم شێوەزارەدا ڕیزبوونی ڕاناوە لکاوەکان بەم جۆرەیە :

خۆزگە بیانیان ناردایە.

خۆزگە بتانمان هێنایە .

| ڕاناوی بەرکاری ك A | ڕاناوی بکەر ك A | قەدی کار | مۆرفیمی ایە |
|---|---|---|---|
| ب . یان | یان | نارد | ایە |
| ب . تان | مان | هێن | ایە |

لەم دوو خشتەیەی سەرەوەدا ڕاناوی بەرکاری و بکەری لە شێوەزاری شۆریجەدا بە بەراورد لە گەڵ زاری ناوەڕاست جیا دەکاتەوە و ڕوون کراوەتەوە کە کۆمەڵەی (A) دوو ئەرکی جیاواز لە یەك کاتدا دەبینن . بۆ هەموو جۆرەکانی کاری ڕابردووی ئینشائی ڕاناوی لکاو لە دەوری بکەری و بەرکاری ڕاستەوخۆ لەم شێوەزارەدا بەم جۆرەیە :

خۆزگە زوی ئەشیاکانمان بناردایە .

خۆزیا کەلوپەلەکانتان بهاوردایە .

خۆزگە لە گەڵ خۆتا بیانتان فرۆشتایە .

خۆزگە بمانی خستایە وای لێمان نەکردایە .

خۆزگە دەستمانی بشکانایە وای پێمان نەکردایە .

بەم جۆرە لەم شێوەزارەدا جێگیربوونی ڕاناوە لکاوەکان کۆمەڵەی ( A ) لە دوو ئەرکی جیا دەبینین جارێك بکەر و جارێکی تر بەرکاری ڕاستەوخۆ ڕیزبوونیان لە ڕستەکە دا و بە پێی ڕێکەوتنی لە کەس و ژمارە دا وایە : ڕاناوی بەرکار لە کۆمەڵەی ( A ) دەکەوێتە پێش بکەر و کۆمەڵەی ( A ) جارێکی تر دەبنەوە بکەر دەکەوێتە پێش ڕەگی کارەکەوە هەروەك لە نموونەکانی سەرەوەدا ڕوون کرایەوە.

لەم خشتەیە دا ڕاناوی لکاو لە دەری بکەری بەرکاری ڕاستەوخۆ لە کاری ڕابردووی دانانی ڕوون کرااوەتەوە :

| کەس | ژمارە | ک(A)بەرکار | کەس | ژمارە | ک(A) بکەر |
|---|---|---|---|---|---|
| تاک | 1 | م | 2 | تاک | ت |
| | 2 | ت | 1 | کۆ | مان |
| | 3 | ی | 3 | کۆ | یان |
| کۆ | 1 | مان | 2 | کۆ | تان |
| | 2 | تان | 1 | تاک | م |
| | 3 | یان | 3 | تاک | ی |

خشتەی ڕاناوی کەسی لکاو لە دەوری بەرکاری ڕاستەوخۆ لە کاری دانانی دا ژ / 9

له خشتەی ژماره ( 9 ) ل 65 ,  ئەرکی بەرکارێکه دەگۆرێت بەپێ ی کەس و ژماره کان له گەڵ جۆری ڕستەکه و جێگۆرکێ ی ڕاناوه لکاوەکان ، سەرەرای جێگۆرکێ ی ڕاناوه لکاوه کان جیاواز یەکی تر بەدی دەکرێت ئەویش ئەوەیه له زاری ناوەڕاست دا کۆمەڵەی (A) دەبنه بکەر و دەکەونه پێش بەرکارەوه کۆمه لەی ( B ) دەبنه بەرکار دەکەونه کۆتایی کارەوه بەلآم له شێوەزاری شۆریجەدا کۆمه ڵەی (A) دەبنه بەرکار دەلکێن به کاره کەوه ، کۆمه ڵەی (A) جارێکی تر دەلکێنه کۆتایی کارەکەوه دەبنه بکەری ڕستەکه .

دەتوانین بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ڕێکەوتنی بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ لەم درەختەی خوارەوه دا ڕوون بکەینەوه :

ڕسته

| کـــــار | بەرکاری ڕاستەوخۆ | بکەر |
|---|---|---|
| نارد | ئەوانم | من |

| دەستەی ڕاناوەکان | دەستەی ڕاناوەکان | |
|---|---|---|
| A بکەر | A بەرکار | |
| م | یان | ناردیانم |
| مان | تان | ناردتانمان |
| ت | مان | ناردمانت |
| تان | مان | ناردمانتان |
| ی | م | ناردمی |
| یان | مان | ناردمانیان |

### ب- بەرکاری ناڕاستەوخۆ:

لەشێوەزاری شۆریجەدا بۆ جێگربونی ڕا ناوە لکاوە کان لەدەوری بەرکاری نارا ستەوخۆ دا ( بەرکاری تیان)[95] بەپێ ی کەس و ژمارەو ڕێکەوتنیان لەم شێوەزارەداڕاناوی لکاو کۆمە ڵەی (A) دەبنە بکەر وڕا ناوی لکاو کۆمە لەی (A) جارێکی تردەبنەوە بە بەکاری ناڕا ستەوخۆ و دەلکێن بە کۆ تایی بەرکارەکانیانەوە وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ :-

خەرمانەکەم بۆت هەڵ گرت.

خەرمانەکەمان بۆتان هەڵ گرت.

لەم دوو نموونە یەدا بکەر و بەرکاری نارا ستەوخۆ سەر بە هەمان کۆمە ڵە. ڕا ناوی لکاون کە کۆمەڵە(A)ن بەڵام لە زاری ناوەڕاست دا ئەم دوو ڕستەیە بەم جۆرە دیاری کراوە[96] ♣:

| | بکەر كA | بەرکاری نا ڕاستەوخۆ كA |
|---|---|---|
| | □□□□□□□□□□ | □□□□□□□□□□□□□□□ |
| خرمانەکەم لەگەڵ هەلگرتیت | م | یت |
| خرمانەکەمان لەگەڵ هەڵ گرتن | مان | ن |

بەرکاری ناڕا ستەوخۆ ئەوە یە کە ڕا ستەوخۆ یەکسەر کاری بکەرە کەی ناکەوێ تە سەر و دە بێ ئامرازێکی پەیوەندی ( پێشبەند یان پاشبەند ) ی لەگەڵ هەبێت[97].

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم باسە لە جۆرەکانی کاری ڕابردووی تێپەڕدا ئەرکی ڕاناوە لکاوەکانی کۆمەلەی (A) لە دەوری بەرکاری ناراستەوخۆدا لەم نموونانەی خوارەوە دا ڕوون دەکەینەوە.

---

95- کوردستان موکریانی ، سینتاکسی ڕستەی کوردی ، ل 117.

96- نوری علی ئەمین ،ئەرك و شوێنی جێناوە لکاوەکان لە ئاخاوتنی زمانی کوردیدا ، ل 269 .

♣ - بۆزیاتر زانیاری بروانە : د.شێرکۆ بابان ، شێوە زاری گەرمیان بەبەراود .. گۆڤاری هاواری کەرکووك ، ژ1 ، ل 74

97 عمر محمود کریم ، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردی دا ، ل 34 .

## 5- ڕاناوی لکاو لە دەوری بەرکاری ناراستەخۆ لە شێوەزاری شۆڕیجەدا لە کاری ڕابردووی خۆزگەیی :

ڕاناوە کەسی یە لکاوەکان لە ئاخاوتنی شێوەزاری شۆڕیجە دا لە کاری ڕابردووی خۆزگەیی دا بە پێی کەس و ژمارە جێگیر بوونیان لە دەوری بەرکاری تیاندا جۆرە ڕیزبوونێکی تایبەتی خۆی هەیە (( ڕاناوە کەسیە لکاوەکانی (کۆمەڵەی B ) لە ڕستەدا بە یاریدەی ئامرازی پەیوەندی یەوە دەبنە بەرکاری ناڕاستەوخۆی فرمانی ڕابردووی تێپەڕی سادەی ئینشائی ))[98] .

| | بکەر ( ک A) | بەرکاری ناراستەوخۆ( ک B) |
|---|---|---|
| | □□□□□□□□□□□ | □□□□□□□□□□□□□ |
| خۆزگە بەردەکەم تێ بگرت □ یت □ ایە | ک □ م | تێ - یت |

لەم شێوەزارەدا ( ک A ) دەبنە بکەر و دەلکێن بە کۆتایی بەرکاری ڕاستەوخۆوە ، ( ک A ) جارێکی تر دەبنە بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەلکێن بە کۆتایی ئامرازی پەیوەندی یەوە وەك لەم نمونانەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە :

| | بەرکاری ناراستەوخۆ | بکەر |
|---|---|---|
| | □□□□□□□□□□□ | □□□□□□□□□□ |
| خۆزگە ئاشەکەم پێت بکردایە . | پێ - ت | م |
| خۆزگە ئاشەکەمان پێتان بکردایە. | پێ - تان | مان |
| خۆزگە ئاشەکەت پێم بکردایە . | پێ - م | ت |
| خۆزگە ئاشەکەتان پێمان بکردایە. | پێ - مان | تان |
| خۆزگە ئاشەکەی پێ ی بکردایە . | پێ □ ی | ی |
| خۆزگە ئاشەکەیان پێ یان بکردایە. | پێ - یان | یان |

---

98 - نوری علی ئەمین ، ل 267 .

هەروەها لەم نموونانەی خوارەوە دا ڕاناوە لکاوەکانی ( ك 𝔸 ) دەبنە بەرکاری تیان لەکاری ڕابردووی دانانی دا :

| | بەرکاری ناراستەوخۆ (ك 𝔸) | بکەر ( ك 𝔸) |
|---|---|---|
| | □□□□□□□□□□□□ | □□□□□□□□□□□□ |
| خۆزگە شتەکانم بۆت بهاوردایە . | بۆ - ت | م |
| خۆزگە شتەکانمان بۆتان بهاوردایە. | بۆ - تان | مان |
| خۆزگە شتەکانت بۆی بهاوردایە . | بۆ - ی | ت |
| خۆزگە شتەکانتان بۆیان بهاوردایە. | بۆ - یان | تان |
| خۆزگە شتەکانی بۆمان بهاوردایە . | بۆ □ مان | ی |
| خۆزگە شتەکانیان بۆیان بهاوردایە. | بۆ - یان | یان |

ڕاناوە لکاوەکان بە پێی کەس و ژمارە و ڕێکەوتنیان دەبنە بکەر و بەرکاری ڕستەکە :

1- ڕاناوی لکاو لە ( ك 𝔸 ) ئەبێتە بکەری ڕستەکە و دەکەوێتە کۆتایی بەرکارە ڕاستەوخۆکە.

2- ڕاناوی لکاو لە ( ك 𝔸 ) دەبێتە بەرکاری ناراستەوخۆ دەکەوێتە کۆتایی بەرکاری ناراستەوخۆوە .

لەم خشتەی ژمارە ( 10 ) دا ڕاناوە لکاوەکان لە دەوری بکەری بەرکاری ناراستەوخۆ بە پیَ ی کەس و ژمارە و جێگیر بوونیان لە هەموو جۆرەکانی کاری ڕابردووی تێپەڕ دەست نیشان دەکەین , ڕاناوی لکاو لە دەوری بەرکاری ناراستەوخۆدا کە ( ك 𝔸 )یە یەك فۆرمی نی یە واتە بۆ ( ژمارەی کەس ) یەك ڕیزبوونی نی یە ، جێگۆرکێ دەکات بە پێی ئاخاوتنی قسەکەر و کەسەکان دەگۆڕێن و یەك ڕیزبوونیان نی یە .

**لەم خشتەیەدا ڕاناوی لکاو و ڕاناوی سەربەخۆ لە دەوری بکەری دا لە کاری ڕابردووی تێپەڕی دانانی ڕوون دەکەینەوە :**

| **ژمـــارە** | **کـەس** | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | **بکەر ( ک A )** | **کەس و ژمارە** | **بەرکاری ناراستەوخۆ ( ک A )** |
| **تـــاک** | 1 | **م** | 2 **تاک** | **ت** |
| | 2 | **ت** | 1 **تاک** | **م** |
| | 3 | **ی** | 3**تاک** | **ی** |
| **کـــۆ** | 1 | **مان** | 2 **کۆ** | **تان** |
| | 2 | **تان** | 1 **کۆ** | **مان** |
| | 3 | **یان** | 3 **کۆ** | **یان** |

**خشتەی کاری ڕابردووی تێپەڕی دانانی ژ / 10**

# بەشی سێ یەم

# شێوەزاری ئـیـسكـان و ئـیـمـام قاســم

## تەوەری یەكەم : گەردانی كار لە شێوەزاری ئیسكان و ئیمام قاسم

أ -كـاری ڕابردووی تێپەڕ.

ب - كاری ڕابردووی تێنەپەر.

ج - كاری داهاتووی تێپەڕ.

د - كاری داهاتووی  تێنەپەر.

ە - كاری داخوازی تێپەڕ و تێنەپەر.

و - كاری دانانی ( خۆزگەیی  ) ڕابردووی تێپەڕ.

ز - كاری دانانی (خۆزگەیی  ) ڕابردووی تێنەپەر.

ح - كاری ڕابردووی بكەر نادیار .

ط- كاری ڕانەبردووی بكەر نادیار .

## تەوەری دووەم :

ڕاناوە لكاوەكان لە دەوری بكەری و بەركاری دا :

أ -   بەركاری ڕاستەوخۆ .

ب -   بەركاری ناڕاستەوخۆ .

## تەوەری یەکەم/

## کار لەگەڵ بکەردا لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم:

### أ □ کاری ڕابردووی تێپەڕ:

کـــار لەگەڵ بکەردا لە کەس و ژ مارە ڕ ێك دە کەوێ بە ڕا ناوێکی لکاوەوە " یەکێك لە ئاکارە کانی ز مانی کوردی ئەوە یە کە ( بـکـەر ) کاری ر ستەکەی خۆی نی شان دە کات و دەینەخ شێنێت بە (جێنـاوی لـکـــاوەوە ).

وەك :

(من) نان دەخۆ ( م ) .

( ئێمە ) نان دەخۆ ( ین )[99].

لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم لە کاری رابردووی تێپەڕی سادەدا ڕاناوە سەربەخۆکان و ڕاناوە لکاوەکان بەم جۆرە دەردەکەون :

| | |
|---|---|
| 1- من بیستم . | ڕاناوی ڕێکەوتنی ( لکاو ) کەسی یەکەمی تاك ( م) |
| 2- تۆ بیستت | ڕاناوی ڕێکەوتنی ( لکاو ) کەسی دووەمی تاك ( ت ) |
| 3- ئەو بیستی . | ڕاناوی ڕێکەوتنی ( لکاو ) کەسی سێ یەمی تاك ( ی ) |
| 4- ئێمە بیستمان . | ڕاناوی ڕێکەوتنی ( لکاو ) کەسی یەکەمی کۆ ( مان ) |
| 5- ئێوە بیستتان . | ڕاناوی ڕێکەوتنی ( لکاو ) کەسی دووەمی کۆ ( تان ) |
| 6- ئەوان بیستیان . | ڕاناوی ڕێکەوتنی ( لکاو ) کەسی سێ یەمی کۆ ( یان ) |

بۆ دەست نیشان کردنی سروشتی ڕێکەوتن لە شێوە زاری ئیسکان و ئیمام قاسم بەم شێوەیە :

لە ڕستەی یەکەم ( من بیستم ) - ( من ) بکەرە - بەراناوێکی جیای ( من ) دەربڕاوە بیست□ ڕەگی ڕابردووی چاوگی ( بیستن ) ە ، ( م ) ڕاناوی لکاوە بەڕەگی کارەکەوە لکاوە .

لە ڕستەی دووەم دا ( تۆ بیستت ) □ ( تۆ ) بکەرە بە ڕاناوی جیای ( تۆ ) دەربڕاوە ، برد□ ڕەگی ڕابردووی چاوگی بیستنە ، ( ت ) ڕاناوی لکاوە بەڕەگی کارەکەوە لکاوە .

لە ڕستەی سێ یەم دا ( ئەو بیستی ) - ( ئەو ) بکەرە - بەراناوێکی جیای ( ئەو ) دەربڕاوە ، بیست □ ڕەگی ڕابردووی چاوگی ( بیستن) ە ، ( ی ) ڕاناوی لکاوە بەڕەگی کارەکەوە لکاوە .

لە ڕستەی چوارەم دا ( ئێمە بیستمان ) □ ( ئێمە ) بکەرە بە ڕاناوی جیای ( ئێمە ) دەربڕاوە ، بیست □ ڕەگی ڕابردووی چاوگی ( بیستن )ە ، ( مان ) ڕاناوی لکاوە بەڕەگی کارەکەوە لکاوە .

---

99- د. شێرکۆ بابان ، پۆلێنکردنی تەرزسازییانەی زمانی کوردی ( کرمانجی خواروو ) لە زمانەوانی بەراوردکاری دا ، ئەکادیمیای کوردستان ، ژمارە (5) ، 2007 ، ل 122 .

بۆ ڕستە کانی تریش بە هەمان شێوەیە .

لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا بۆ هەموو جۆرەکانی کاری ڕابردووی تێپەڕ لە کەس و ژمارەدا بۆ دەرکەوتنی ئەرکی ڕاناوی لکاو و ڕاناوی جوودا لە دەوری بکەری دا دەتوانین بلێین لە زمانی کوردیدا ( بکەر ) دووجار لە دوو جێ بۆی هەیە ئامادە بێت لە ڕستەکەی خۆیدا ، جارێك بە ( ناو ) یان بە ( جێناوی جودا ) و جارێکی تر بە ( جێناوی لکاو ) بەلاَم بە دوو ڕەفتاری جیاواز ، یەکەم ( بکەری جودا ) ، دووەم ( بکەری لکاو ) [100] .لە هەموو دەمەکانی کاری ڕابردووی سادە و بەردەوام و دوور و تەواو بەم جۆرەیە :

**1- بۆ کەسی یەکەمی تاك :**

| | | | |
|---|---|---|---|
| من خانووەکەم فرۆشت . | = | فرۆشت + م . | ڕابردووی سادە |
| من نامەکەم ئەنووسی . | = | ئە + م + نووسی | ڕابردووی بەردەوام |
| من دەرسەکەم خوێندبوو . | = | خوێند + بوو + م | ڕابردووی دوور |
| من خانووەکەم تەواو کردووە. | = | کرد + وو + م + ە | ڕابردووی ئێستای تەواو . |

لەم شێوەزارەدا بە هەمان شێوەی زاری ناوەڕاست دەربڕینەکان دەردەبڕێن نیشانەکانی کاری ڕابردووی تەواو - دوور- بەردەوام وەکو خۆیەتی بە بەراورد لەگەڵ شێوەزاری شۆریجەدا جیاوازی بەدی دەکرێت هەروەك لە لاپەڕە ( 32 ) دا ڕوون کراوەتەوە.

**2- بۆ کەسی دووەمی تاك :**

| | | | |
|---|---|---|---|
| تۆ پاکەتەکەت برد . | = | برد + ت . | ڕابردووی سادە |
| تۆ نامەکەت ئەنووسی . | = | ئە + ت + نووسی | ڕابردووی بەردەوام |
| تۆ پارەکەت بردبوو . | = | بردبوو + ت. | ڕابردووی دوور |
| تۆ خانووەکەت تەواو کردووە. | = | کرد + وو + ت + ە | ڕابردووی ئێستای تەواو |

ڕاناوی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی تاك لەم شێوەزارەدا لە قاڵبی ( تۆ) دەردەکەوێ بەلاَم لە شێوەزاری شۆریجەدا فۆرمی ( تو ) ی هەیە .

100- هەمان سەرچاوە : ل 122

### 3- بۆ کەسی سێ یەمی تاك :

| | | |
|---|---|---|
| ئەو پارەکەی برد . | = برد + ی . | ڕابردووی سادە |
| ئەو نامەکەی ئەنووسی . | = ئە + ی + نووسی. | ڕابردووی بەردەوام |
| ئەو قەڵەمەکەی کڕی بوو . | = کڕ + ی + بوو. | ڕابردووی دوور |
| ئەو خانووەکەی تەواو کردووە. | = کرد + وو + ی + ە. | ڕابردووی ئێستاتی تەواو |

### 4- بۆ کەسی یەکەمی کۆ :

| | | |
|---|---|---|
| ئێمە جانتاکەمان برد . | = برد + مان . | ڕابردووی سادە |
| ئێمە نامەکەمان ئەنووسی . | = ئە + مان + نووسی. | ڕابردووی بەردەوام |
| ئێمە پارەکەمان بردبوو. | = برد + بوو + مان . | ڕابردووی دوور |
| ئێمە خانووەکەمان تەواو کردووە. | = کرد + وو + مان + ە. | ڕابردووی ئێستای تەواو |

### 5- بۆ کەسی دووەمی کۆ :

| | | |
|---|---|---|
| ئێوە جانتاکەتان برد . | = برد + تان . | ڕابردووی سادە |
| ئێوە نامەکەتان ئەنووسی . | = ئە + تان + نووسی. | ڕابردووی بەردەوام |
| ئێوە پارەکەتان بردبوو . | = برد + بوو + تان. | ڕابردووی دوور |
| ئێوە خانووەکەتان تەواو کردووە. | = کرد + وو + تان + ە . | ڕابردووی ئێستای تەواو |

6- بۆ کەسی سێ یەمی کۆ :

| | | |
|---|---|---|
| ئەوان جانتاکەیان برد. | = برد + یان. | ڕابردووی سادە |
| ئەوان نامەکەیان ئەنووسی. | = ئە + یان + نوسی. | ڕابردووی بەردەوام |
| ئەوان پارەکەیان بردبوو. | = برد + بوو + یان . | ڕابردووی دوور |
| ئەوان خانووەکەیان تەواو کردووە. | = کرد + وو + یان + ە. | ڕابردووی ئێستای تەواو |

ڕاناوە کەسی یە سەربەخۆ  و  لکاوەکان لە دەوری بکەری دا لەکاری ڕابردووی تێپەڕدا بە هەموو جۆرەکانیەوە لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا لەم خشتەیەی خوارەوە دا روون کراوەتەوە :

| ژمارە | کەس | سەربەخۆ | لکاو |
|---|---|---|---|
| تاك | 1 | من | م |
| | 2 | تۆ | ت |
| | 3 | ئەو | ی |
| کۆ | 1 | ئێمە | مان |
| | 2 | ئێوە | تان |
| | 3 | ئەوان | یان |

خشتەی کاری ڕابردووی تێپەڕ   ژ / 11

**ب – كاری ڕابردووی تێنەپەر:**

بۆ د یاری کرد نی شێوە و رێکەوتی کەس و ژ مارە لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قا سم لە کاری ڕابردووی تێنەپەر بەم شێوەیە ((بکەری لکاو ، واتە بکەری دەر بڕاو بە (جێ ناوی لکاو) پتەوا یەتی پی شان دەدات و بە هیچ جۆر یێك نا شێت لابر ێت و لابرد نی دەبێ تاه هۆی هەرەس هێ نانی ڕستەکە))[تێبینی].

ڕا ناوە لکاوە کان لە دەوری بکەری دا لەم شێوەزارەدا لە کاری ڕا بردووی تێنە پەر لەم نمونا نەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە بۆ هەموو کە سەکان بە بەراورد لەگەڵ شیوەزاری شۆریجە دا جیاوازی فۆنۆلۆجی هەردوو شێوەزارەکە دردەکەوێت هەروەك لە لاپەڕە ( 4558 ) دا :

1- من چووم . ڕاناوی ڕێکەوتنی ( لکاو )ی کەسی یەکەمی تاك ( م )
2- تۆ چوویت. ڕاناوی ڕێکەوتنی ( لکاو )ی کەسی دووەمی تاك ( یت )
3- ئەو چوو . ڕاناوی ڕێکەوتنی ( لکاو )ی کەسی سێ یەمی تاك ( Ø )
4- ئێمە چووین . ڕاناوی ڕێکەوتنی ( لکاو )ی کەسی یەکەمی کۆ ( ین )
5- ئێوە چوون . ڕاناوی ڕێکەوتنی ( لکاو )ی کەسی دووەمی کۆ ( ن )
6- ئەوان چوون . ڕاناوی ڕێکەوتنی ( لکاو )ی کەسی سێیەمی کۆ ( ن )

بۆ دیاریکردنی شێوە و دەرکەوتنی ڕاناوی سەربەخۆ و ڕاناوی لکاو لە دەوری بکەری دا لە شێوە زاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا لە کاری ڕابردووی تتێنەپەر بە هەموو جۆرەکانیەوە لەم ڕستانەی خوارەوە دیاری دەکەین :

**1- بۆ کەسی یەکەمی تاك :**

| | | | |
|---|---|---|---|
| من چووم بۆ ماڵتان . | = | چوو + م | ڕابردووی تتێنەپەڕی سادە |
| کاتێ من ئەچووم ئەو ئەهاتەوە . | = | ئە + چوو + م | ڕابردووی تتێنەپەڕی بەردەوام |
| کاتێ خەبەری پێم دا من چووبووم. | = | چوو + بوو + م | ڕابردووی تتێنەپەڕی دوور |
| من چوومە ، ناچم لەگەلیان *. | = | چوو + م + ە | ڕابردووی تتێنەپەڕی ئێستای تەواو |

لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا بۆ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ نیشانەکانی کاری ڕابردووی تێنەپەڕی (بەردەوام – دوور – تەواو) لەم نموونانەدا بەهەمان شێوە وەکوو زاری ناوەڕاستە.

104 - د. شێرکۆ بابان ، پۆلێنکردنی تەرزسازییانەی زمانی کوردی ( کرمانجی خواروو ) لە زمانەوانی بەراوردکاری دا ، ل 117 .

* مۆرفیمی ( ل ) لەم شێوەزارانەدا یەك قالَبی هەیە واتە فۆنیمی ( ل ، ڵ ) هەر بە یەك فۆنیم دەژمێردرێ " وەك : ئەلێم ، بلێ ،لەگەل .

**2- بۆ كەسی دووەمی تاك :**

تۆ چوویت بۆ لای حاجی ، ئەلێن نەخۆش بوو.   چوو + یت   ڕابردووی تێنەپەری سادە

كە نەخۆش بوو هەموو ڕۆژێ تۆ ئەچوویت بۆ لای.  ئە + چوو + یت ڕابردووی تێنەپەری بەردەوام

تۆ هاتبوویت بۆ تەعزیەكەی ماڵ سەید.   هات + بوو + یت   ڕابردووی تێنەپەری دوور

باجی لە خەستەخانە دەرچووە تۆ چوویت بۆ لای. چوو+یت +ە  ڕابردووی تێنەپەڕی ئێستای تەواو

**3- بۆ كەسی سێ یەمی تاك:**

| | | |
|---|---|---|
| ئەو چوو بۆ لای دوكانەكە . | چوو + ∅ | ڕابردووی تێنەپەڕی سادە |
| ئەو ئەهات بۆ ماڵ ئێمە . | ئە + هات + ∅ | ڕابردووی تێنەپەڕی بەردەوام |
| كاتێ من گەیشتم ، ئەو چووبوو. | چوو + ∅ + بوو. | ڕابردووی تێنەپەڕی دوور |
| ئەو چووە بۆ ئیش كردن. | چوو + ∅ + ە. | ڕابردووی تێنەپەڕی ئێستای تەواو |

**4- بۆ كەسی یەكەمی كۆ :**

| | | |
|---|---|---|
| ئێمە چووین بۆ بازاڕ. | چوو + ین | ڕابردووی تێنەپەڕی سادە |
| دلێر ئێمەی بینی ئەچووین بۆ بازاڕ. | ئە + چوو + ین | ڕابردووی تێنەپەڕی بەردەوام |
| ئێمە چووبووین بۆ عیلاج . | چوو + بوو + ین | ڕابردووی تێنەپەڕی دوور |
| ئێمە چووینە لەگەڵتان نایەین. | چوو + ین + ە | ڕابردووی تێنەپەڕی ئێستای تەواو |

**5- بۆ كەسی دووەمی كۆ :**

| | | |
|---|---|---|
| ئێوە چوون بۆ دەرەوەی شار . | چوو + ن | ڕابردووی تێنەپەڕی سادە |
| ئێوە ئەچوون بۆ ئەو شۆنە . | ئە + چوو + ن | ڕابردووی تێنەپەڕی بەردەوام |
| ئیوە چووبوون بۆ لایان . | چوو + بوو + ن | ڕابردووی تێنەپەڕی دوور |
| ئێوە چوونە بۆ شایەكە . | چوو + ن + ە | ڕابردووی تێنەپەڕی ئێستای تەواو |

6- بۆ كەسی سێ یەمی كۆ :

| | | |
|---|---|---|
| ئەوان چوون بۆ بازاڕ . | چوو + ن | ڕابردووی تتێنەپەڕی سادە |
| ئەوان چووبوون بۆ سەفرە لەماڵ نەبوون . | چوو + بوو + ن | ڕابردووی تێنەپەڕی دوور |
| ئەوان چوونە ئیتر نایەنەوە. | چوو + ن + ە | ڕابردووی تێنەپەڕی ئێستای تەواو |
| ئەوان ئەچوون بۆ لای دكتۆر | ئە + چوو + ن | ڕابردووی تێنەپەڕی بەردەوام |

وشەی ( شوێن ) لەم شێوەزارەدا بە ( شۆن ) دەردەبرێت واتا بە پێی ئاخاوتنی فۆنۆلۆجی ناوچەکە چەند وشەیەکی تر هەن بەم جۆرە دەردەبڕێن .

ئەم شۆنەم بۆخۆم گرتووە نایدەم بە کەس .
لێرە دامەنیشە لە شۆنێکی تر دانیشە .

جەژن = گێژنە ← گێژنەتان پیرۆز بێت .
ئەم گێژنەیە من سەفەری سلێمانی ئەکەم .

هەروەها وشەی ( بلێ ) واتا ( بڵێ ) , لەم شێوەزارەدا زۆر بەکار دەهێنرێت لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا .
بۆ بە ئێمە ئەلێی بەو بلێ .
لەگەل من وەرە .
بلێ بە کاکەت با نەختێ زوو بکات درەنگە سەیارەکە بەجێمان ئەهێلێ .
ئەم شێوە دەربڕینەش زیاتر لە گەڕەکەکانی ئیسکان و ئیمام قاسم و ئاخر حوسین و ئازادی دەردەکەوێت .

**ڕاناوی لکاو و ڕاناوی سەربەخۆ لە دەوری بکەری دا لە کاری ڕابردووی تێنەپەڕدا لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم لەم خشتەیەی خوارەوە دا ڕوون کراوەتەوە :**

| ژمــــارە | کـــــەس | ڕاناوی ســــەربەخۆ | ڕاناوی لــکاو |
|---|---|---|---|
| تـــــاك | 1 | من | م |
| | 2 | تۆ | یت |
| | 3 | ئەو | ∅ |
| ژمــــارە | 1 | ئێمە | ین |
| | 2 | ئێوە | ن |
| | 3 | ئەوان | ن |

**خشتەی کاری ڕابردووی تێنەپەڕ ژ / 12**

## کاری داهاتووی تێپەڕ/

ڕاناوی سەربەخۆ و ڕاناوی لکاو لە دەوری بکەری دا لەگەڵ کاری داهاتووی تێپەڕدا لەم شێوەزارەدا بەپێی کەس و ژمارە و ڕێك دەکەون .(( جێناوی لکاو ئەرکی ڕێکەوتن لە نێوان بکەر و کار لە رووی کەس و ژمارەوە دیاری دەکات .[102] )) :

بەم جۆرە لەم نموونانەی خوارەوە دا ئەرکی ڕاناوی لکاو لە دەوری بکەری دا ڕوون دەکەینەوە:

**لـــە چاوگی ( هـێــنــان ):**

| | | |
|---|---|---|
| من جانتاکە ئەهێنم. | = | ئە + هێن + م . |
| تۆ جانتاکە ئەهێنیت . | = | ئە + هێن + یت. |
| ئەو جانتاکە ئەهێت. | = | ئە + هێن + ێت. |
| ئێمە جانتاکە ئەهێنین. | = | ئە + هێن + ین. |
| ئێوە جانتاکە ئەهێنن . | = | ئە + هێن + ن. |
| ئەوان جانتاکە ئەهێنن. | = | ئە + هێن + ن. |

**چـاوگـــی ( نووسین ):**

| | | |
|---|---|---|
| من نامەکە ئەنووسم . | = | ئە + نووس + م. |
| تۆ نامەکە ئەنووسیت . | = | ئە + نووس + یت . |
| ئەو نامەکە ئەنووسێت . | = | ئە + نووس + ێت. |
| ئێمە نامەکە ئەنووسین . | = | ئە + نووس + ین . |
| ئێوە نامەکە ئەنووسن. | = | ئە + نووس + ین . |
| ئەوان نامەکە ئەنووسن . | = | ئە + نووس + ن . |

---

[102] - ئاسۆ عەبدولرەحمان ، ڕۆنانی ڕستە لە شێوە زاری فەیلی دا ، 67 ، 2008

**چــاوگی ( ویـــستـــن )**:

من قەڵەمەکەم ئەویٚ . = ئە + م + ویٚ.

تۆ قەڵەمەکەت ئەویٚ . = ئە + ت + ویٚ.

ئەو قەڵەمەکەی ئەویٚ. = ئە + ی + ویٚ.

ئێمە قەڵەمەکەمان ئەویٚ . = ئە + مان + ویٚ .

ئێوە قەڵەمەکەتان ئەویٚ . = ئە + تان + ویٚ.

ئەوان قەڵەمەکەیان ئەویٚ . = ئە + یان + ویٚ.

**چــاوگی ( بــــــردن ) :**

من نامەکە ئەبەم . = ئە + بە + م .

تۆ نامەکە ئەدەبەیت . = ئە + بە + یت .

ئەو نامەکە ئەبات . = ئە + ب + ات .

ئێمە نامەکە ئەبەین . = ئە + بە + ین.

ئێوە نامەکە ئەبەن . = ئە + بە + ن.

ئەوان نامەکە ئەبەن . = ئە + بە + ن .

لەم نموونانەی سەرەوەدا بە بەراورد لە گەڵ شێوەزاری شۆریجەدا لە کاری دا هاتووی تێپەڕدا ئەم جیاوازی یە بەدی دەکرێت چاوگی ( هێنان ) بووەتە ( تێرن ) و ( نووسین ) بووە تە ( نویسان ) و ( بردن ) بووە تە ( وردن ) و ( وی ستن ) بووە تە ( گەڕەك ) , لە لا پەڕە ( 43-44 ) ڕوون کراوەتەوە .

لە گەڕەکەکانی ڕەحیماوا و تەپە ئەو هۆزانەی کاریگەری شێوەزاری شوانیان بەسەرەوەیە لە جیاتی ئەمەویٚ □ ئەتەویٚ ، کاری ئەواتم □ ئەواتی □ ئەواتن لە ئاخاوتن دا بەکاردێنن .

## د  کاری داهاتووی تێنەپەڕ/

ڕاناوی لکاو و ڕاناوی سەربەخۆ لە دەوری بکەری لە کاری داهاتووی تێنەپەردا لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا بە پێی کەس و ژمارە و ڕێککەوتنیان لەم شێوەزارەدا لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوون دەکەینەوە :

چاوگــی ( هـــاتــن ) :

| | | |
|---|---|---|
| من لەگەلتان دێم . | = | دێ + م |
| تۆ لەگەڵمان دێیت . | = | دێ + یت |
| ئەو لەگەڵمان دێت . | = | دێ + ێت |
| ئێمە لەگەڵتان دێین . | = | دێ + ین |
| ئێوە لەگەڵمان دێن . | = | دێ + ن |
| ئەوان لەگەڵمان دێن . | = | دێ + ن |

گەر فرمانەکە لە کاتی داهاتوو بوو چ تێپەڕ بێ و تێنە پەڕ بۆ دەر بڕینی ڕێکەوتن لە گەڵ بکەردا کۆمەڵی سێ یەمی لەگەڵ دا دەر ئەکەوێت[103]. لەم شێوەزارەدا جیاوازی لەوەدایە لە گەڵ شێوەزاری شۆریجە لە کاری داهاتووی تێنە پەڕدا لە چاوگی ( هاتن ) دەبێتە ( تێم ) و ( ئە خەوم ) دەبێتە ( ئەخەفم ) و ( ئەکەوم ) دەبێتە ( ئەکەفم ) .

چاوگــی ( **خەوتـــــن** ):

| | | |
|---|---|---|
| من لە سەربانەکە دەخەوم . | = | ئە + خەو + م |
| تۆ لەسەر بانەکە دەخەویت . | = | ئە + خەو + یت |
| ئەو لە سەربانەکە دەخەوێت . | = | ئە + خەو + ێت |
| ئێمە لە سەربانەکە دەخەوین . | = | ئە + خەو + ین |
| ئێوە لە سەربانەکە دەخەون . | = | ئە + خەو + ن |
| ئەوان لە سەربانەکە دەخەون . | = | ئە + خەو + ن |

چاوگــی ( کـــەوتـــــن):

---

[103] پ.د وریا عمر ئەمین ، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو ، ل 93 .

من لەسەر جادەکە دەکەوم . = ئە + کەو + م

تۆ لەسەر جادەکە دەکەویت . = ئە + کەو + یت

ئەو لەسەر جادەکە دەکەوێت . = ئە + کەو + یت

ئێمە لەسەر جادەکە دەکەوین . = ئە + کەو + ین

ئێوە لەسەر جادەکە دەکەون . = ئە + کەو + ن

ئەوان لەسەر جادەکە دەکەون . = ئە + کەو + ن

شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم بە بەراورد لەگەڵ شێوەزاری شۆریجەدا لەوەدایە لە کاری ڕابردووی تێنەپەڕ لە دەوری بکەری دا کۆمەڵە ڕاناوی لکاوی ( م □ مان , یت □ تان , ∅ - ن ) وەردەگرێ و هەروەك لە خشتەی ژمارە ( 2 ) لە لاپەڕە 42 ڕوون کراوەتەوە .

لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا کۆمەڵە ڕاناوی ( م □ ین , یت □ ن , ∅ - ن ) وەردەگرێت , هەروەك لە خشتەی ژمارە ( 13 ) لە لاپەڕە ( 86 ) ڕوون کراوەتەوە .

نیشانەکانی کاری ڕابردوو تێپەڕ و تێنەپەڕ لە شێوەزاری شۆریجە دا ( وی ) بۆ کاری دوور (ە ) بۆ کاری ئێستای تەواو ( ئە ) کاری بەردەوامن . بەڵام لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا بۆ کاری ڕابردووی تێپەڕ و تێنەپەڕی نیشانەکانی کاری دوور ( بوو ) ە , کاری ئێستای تەواو ( ووە )یە , کاری بەردەوام ( ئە ) یە .

ڕاناوی سەربەخۆ و ڕاناوی لکاو لە دەوری بکەری دا لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا بە پێ ی کەس و ژمارە و ڕێکەوتنیان لە کاری داهاتووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە :

| ژمـــاره | کـــەس | ڕاناوی سەربەخۆ | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|
| تـــاك | 1 | من | م |
| | 2 | تۆ | یت |
| | 3 | ئەو | ات / ێت |
| کـــۆ | 1 | ئێمە | ین |
| | 2 | ئێوە | ن |
| | 3 | ئەوان | ن |

خشتەی کاری داهاتووی تێپەڕ و تێنەپەڕ ژ / 13

**هـ- كاری داخوازی تێپەڕ و تێنەپەڕ لە شێوە زاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا :**

کاری دا خوازی لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قا سم دا بە پێی کەس و ژ مارە و رێکەوتنی لە شێوەزارەکەدا بەم شێوەیە دەست نیشان کراوە لەکاری تێپەڕ و تێنە پەردا لەم نموونا نەی خوارەوە دیار دەکرێ :

تۆ جلەکان هەڵ بخە .

ئێوە جلەکان هەڵبخەن .

تۆ پیاڵەکە بهێنە .

ئێوە پیاڵەکە بهێنن.

تۆ پێش کەوە .

ئێوە پێش کەون .

تۆ دیارییەکە ببە .

ئێوە دیارییە کە ببەن .

تۆ نەمامەکە ئاو بدە .

ئێوە نەمامەکە ئاو بدەن .

تۆ زوو بچۆ بۆ مەکتەب .

ئێوە زوو بچن بۆ مەکتەب .

لەکاری داخوازی دا ڕاناوی کەسی دووەمی تاك و کەسی دووەمی کۆ دەبنە بکەری ڕستەکە (( ڕاناوە کەسی یە جوێ یەکانی کەسی دووەمی تاك و کۆ دەبنە کارای فرمانی تێپەڕ و تێنەپەری سادە و ناسادە لە شێوەی ئەرێ و نەرێدا ))[104].

104- نوری علی ئەمین ، ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسی یەکان لە ئاخاوتنی کوردی دا ، ل 31 .

**یاسای کاری داخوازی لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم :**

**کاری داخوازی** ← **ڕەگی کار + ڕاناوی لکاو** ←

**ک2 تاک ( ە )**

**ک 2 کۆ ( ن )**

## و  کاری دانانی (خۆزگەیی) ڕابردووی تێپەڕ/

ڕاناوی لکاو و سەربەخۆ بە پێی ڕێکەوتنیان لەم شێوەزارەدا بۆ کەس و ژمارە لە کاری ڕابردووی تێپەڕی دانانی لەم نمونانەی خوارەوە دیاری دەکەین :

خۆزگە من شتەکانم لەگەڵ خۆم بهێنایە .    ب + م + هێن + ایە.

خۆزگە تۆ شتەکانت لەگەڵ خۆتا بهێنایە.    ب + ت + هێن + ایە.

خۆزگە ئەو شتەکانی لەگەڵ خۆیا بهێنایە .    ب + ی + هێن + ایە.

خۆزگە ئێمە شتەکانمان لەگەڵ خۆمان بهێنایە.    ب + م + هێن + ایە.

خۆزگە ئێوە شتەکانتان لەگەڵ خۆتان بهێنایە.    ب + تان + هێن + ایە.

خۆزگە ئەوان شتەکانیان لەگەڵ خۆیان بهێنایە.    ب + یان + هێن + ایە.

چاوگـی ( **بردن** ) :

بریا جانتاکەم لەگەڵ خۆم ببردایە .    ب + م + برد + ایە.

بریا تۆ جانتاکەت لەگەڵ خۆت ببردایە.    ب + ت + برد + ایە.

بریا ئەو گونیەکەی لەگەڵ خۆیا ببردایە.    ب + ی + برد + ایە .

بریا ئێمە ڕەسمەکانمان لەگەڵ خۆمان ببردایە.    ب + مان + برد + ایە.

بریا ئێوە ئەویشتان لەگەڵ خۆتان ببردایە .    ب + تان + برد + ایە.

بریا ئەوان مناڵەکانیان لەگەڵ خۆیان ببردایە .    ب + یان + برد + ایە.

لەم خشتەیەدا ڕاناوی لکاو  و سەربەخۆ لە دەوری بکەری دا ڕوون کراوەتەوە :

| ژمـارە | کـــەس | ڕاناوی جـودا | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|
| | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| تــاك | 1 | من | م |
| | 2 | تۆ | ت |
| | 3 | ئەو | ی |
| كــۆ | 1 | ئێمە | مان |
| | 2 | ئێوە | تان |
| | 3 | ئەوان | یان |

خشتەی کاری ڕابردووی تێپەڕی دانانی ژ / 15

## ز- کاری دانانی(خۆزگەیی) ڕابردووی تێنەپەڕ

ڕاناوە لکاوەکان و ڕاناوە سەربەخۆکان لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا بە پێی ڕێکەوتن لە کەس و ژمارەدا لە کاری دانانی ڕابردووی تێنەپەڕدا لە نمونانەی خوارەوە دیاری دەکەین :

### چاوگی( هاتن )

| | |
|---|---|
| خۆزگە منیش بهاتمایە لەگەڵتان . | ب + هات + م + ایە . |
| خۆزگە تۆش بهاتیتایە لەگەڵمان . | ب + هات + یت + ایە. |
| خۆزگە ئەویش بهاتایە لەگەڵمان . | ب + هات + ∅ + ایە . |
| خۆزگە ئێمەش بهاتینایە لەگەڵتان . | ب + هات + ین + ایە . |
| خۆزگە ئێوەش بهاتنایە لەگەڵمان . | ب + هات + ن + ایە. |
| خۆزگە ئەوانیش بهاتنایە لەگەڵمان . | ب + هات + ن + ایە . |

### چـــــاوگـــــی ( چـــوون ) :

| | |
|---|---|
| ئەبوایە منیش بچوومایە لەگەڵیان . | ب + چوو + م + ایە. |
| ئەبوایە تۆش بچوویتایە لەگەڵیان . | ب + چوو + یت + ایە. |
| ئەبوایە ئەویش بچووایە لەگەڵیان . | ب + چوو + ∅ + ایە. |
| ئەبوایە ئێمەش بچچینایە لەگەڵیان . | ب + چوو + ین + ایە. |
| ئەبوایە ئێوەش بچوونایە لەگەڵیان . | ب + چوو + ن + ایە. |
| ئەبوایە ئەوانیش بچوونایە لەگەڵیان. | ب + چوو + ن + ایە. |

لە کاری دانانی تێنەپەڕدا ڕاناوی لکاو دەلکێت بە کارەکەوە ئەمەش بۆ جۆرەکانی تری کاری دانانی تێنەپەڕە وە کاری دانانی تەواو و دوور :

وەك :

خۆزگە زوو بچوو بووایە بۆ بازاڕ.

بریا منیش لەگەڵیان ڕۆیشتبم.

بریا ئێمە قەد نەچوو بووینایە بۆ ئەو شوێنە ناخۆشە .

**لەم خشتەیەی خوارەوە ئەرکی ڕاناوی لکاو و ڕاناوی سەربەخۆ لە دەوری بکەری لە کاری ڕابردووی تێنەپەڕی دانانی روون کراوەتەوە :**

| ژمارە | کەس | ڕاناوی‌جودا | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|
| تاك | 1 | من | م |
| | 2 | تۆ | ت |
| | 3 | ئەو | Ø |
| کۆ | 1 | ئێمە | ین |
| | 2 | ئێوە | ن |
| | 3 | ئەوان | ن |

**خشتەی کاری ڕابردووی تێنەپەڕی دانانی ژ / 16**

لەم خشتەیەدا ڕاناوە لکاوەکان و ڕاناوە جوداکان لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا لە کاری ڕابردووی تێ پەڕ و تێنە پەڕ و کاری دا هاتووی تێ پەڕ و تێنە پەڕ لە دەوری ب کەری دا ڕوون کراوەتەوە:

| ژمار | کەس | رابردوو | | | | داهاتوو | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | تێپەڕ | | تێنەپەڕ | | تێپەڕ | | تێنەپەڕ | |
| | | جودا | لکاو | جودا | لکاو | جودا | لکاو | جودا | لکاو |
| تاک | 1 | من | م | من | م | من | م | من | م |
| | 2 | تۆ | ت | تۆ | یت | تۆ | یت | تۆ | یت |
| | 3 | ئەو | ی | ئەو | ∅ | ئەو | ات<br>ێت | ئەو | ات<br>ێت |
| کۆ | 1 | ئێمە | مان | ئێمە | ین | ئێمە | ین | ئێمە | ین |
| | 2 | ئێوە | تان | ئێوە | ن | ئێوە | ن | ئێوە | ن |
| | 3 | ئەوان | یان | ئەوان | ن | ئەوان | ن | ئەوان | ن |

خشتەی کاری ڕابردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ داهاتووی تێپەڕو تێنەپەڕ ژ / 17

## ح- کاری ڕابردووی بکەر نادیار لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا :


کاری رابردووی بکەر نادیار لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا بەم جۆرە پەیرەو دەکرێت :

من سەیارەکەم فرۆشت . ← سەیارەکە فرۆشرا .

ئێوە پەنجەرەکەتان شکاند . ← پەنجەرەکە شکێنرا .

( ڕەگی کار + ر + ا ) وەك لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێ :

(( یاسای گۆڕینی ڕستەی بکەر دیار بۆ بکەر نادیار )) :




واتـــە :

1 - بکەر و ڕاناوی لکاو لائەبرێت .

2 - بەرکار دێتە خوارەوە جێ ی بکەر ئەگرێ بەلام چەمکی ( بەرکار )ی خۆی نادۆڕێنێ .


3- ڕەگی داهاتووی فرمانەکە وەرئەگرێت و گەر کاتەکە ڕابردوو بوو ( ڕا) ی وەك پاشگری ئەخرێتە سەر ، گەر کاتەکە داهاتوو بوو ( ڕێ ) ی دەخرێتە سەر .

4- نیشانەی جۆری کات مەبەست لەمە ( ئە ) ی هەمیشەیی و ( بوو ) ی ڕابردووی تەواو ... هتد، شوێنی خۆی بکاتەوە.

5- بە پێ ی کەس و ژمارەی بەرکارەکە ڕاناوێکی لکاوی ئەخرێتە سەر فرمانەکە وەك تێنەپەڕ خۆی ئەنوێنێ[89].

---

89- د.وریا عومەر ئەمین ، چەند ئاسۆیەکی زمانەوانی ، بەرگی یەکەم ،ل173




ئاری خانووەكەی فرۆشت .

خانووەكە فرۆشرا .

بەم جۆرە لەناو ڕستەكەدا:

1- بكەری رستەكە لائەدرێ .

2- بەركار دەخرێتە جێ ی بكەر .

3- ڕەگی كار وەردەگیرێ پاشان مۆرفیمی ( ر + ا ) بۆ كاری ڕابردوو، مۆرفیمی ( ڕ + ێ ) بۆ كاری ڕانەبردوو.

**بۆ دیاریكردنی جۆرەكانی كاری ڕابردووی بكەر نادیارلە شێوەزاری ئیسكان و ئیمام قاسم دا لەم نموونانەدا ڕوون كراوەتەوە :**

**1- كاری ڕابردووی ئیخباری سادەی بكەر نادیار :**

| | |
|---|---|
| خانووەكەمان زەمانی بەعسیەكان لێ زەوت كرا . | زەوت كە + ر+ ا |
| باش بوو زەویەكەم فرۆشرا . | فرۆش + ر + ا |
| جانتاكەی من برِرا . | بە + ر + ا |
| كەل و پەلەكانم هەمووی هێنران. | هێن + ر + ا |
| نامەكەی بۆ پۆست كرا . | كە + ر + ا |
| وێنەكانم هەمووی فەوتێنران . | فەوتێن + ر + ا |

ئەو كارانەی ( ڕەگی ڕانەبردوویان بە ( ە ) یان ( ێ ) كۆتایی دێت كە دەكرێتە بكەر نادیار ئەوا ( ە , ێ ) یان دەبن بە ( i ) بزرۆكە یانیش تێدا دەچن وەك :

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبردوو | دوا دەنگی ڕەگ | كاری ڕانەبردووی بكەر نادیار |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| کردن | که | ە | دەکرێ |
| بردن | به | ە | دەبرێ[106] |

کاری ڕابردووی ئیخباری سادەی بکەر نادیار لەم شێوەزارەدا لەم یاسایەی خوارەوەدا دەردەکەوێ :

**ڕەگـــــی کـــــار + ر+ا ⟵ بکەر نادیار**

**یاسای ژمارە (1)**

2- **کاری رابردووی ئیخباری بەردەوامی بکەر نادیار :**

لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا کاری ڕابردووی ئیخباری لە کاری ڕابردووی ئیخباری بەردەوامی بکەر نادیار لەم نموونانەی خوارەوەدا دیار دەکەین :

| | |
|---|---|
| ئەگەر وانەبوایە سەیارەکەم زوو ئەفرۆشرا . | ئە + فرۆش + ر + ا |
| تۆ نەبوایەیت ناوم نەئەنووسرا. | ئە + نووس + ر + ا |
| لێ ی بگەرێ زوو هەڵ ئەخەلەتێنرا. | ئە + خەڵەتێن + ر + ا |
| ئەگەر ئەو نەئەبوو ، خانووەکەمان زوو زەوت ئەکرا. | ئە + زەوت + ر + ا |
| گیانێکم بە تۆ بوو ئەگەرنا هەمووی ئەفەوتێنرا. | ئە + فەوتێن + ر + ا |
| ئەگەر نەچوومایە جانتاکەم نەئەبردرا. | ئە + بە + ر + ا |
| خۆزگە زوو شتەکانم بۆ ئەهێنرا . | ئە + هێن + ر + ا |

لەم شێوەزارەدا نیشانەی کاری بەردەوامی بکەر نادیار مۆرفیمی ( ئە ) یە کە لە هەردوو شێوەزارەکەدا هەمان مۆرفیم بەکار دەهێنرێ لە کاتی ئاخاوتن دا .

لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا کاری رابردووی ئیخباری بەردەوامی بکەر نادیار لەم یاسایەی خوارەوە دا دەردەکەوێ :

**ئە + ڕەگـــــی کـــــار + ر+ا ⟵ بکەر نادیار**

دەستووری ژمارە (2)

[106] د. ئاورەحمانی حاجی مارف , کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر لە زمانی کوردی دا , ل 334 .

## 3- کاری رابردووی ئیخباری دووری بکەر نادیار:

| | |
|---|---|
| سەیارەکەم زوو فرۆشرابوو. | فرۆش + ر + ا + بوو |
| ناومان لە موحافەزە نووسرابوو. | نووس + ر + ا + بوو |
| هێشتا تەرحیل نەکرابوو. | کە + ر + ا + بوو |
| خانووەکەمان لێ داگیر نەکرابوو. | کە + ر + ا + بوو |
| چوومەوە ماڵ هەمووی تێکدرابوو. | تێك دە + ر + ا + بوو |
| هەموو سجلەکان بردرابوو بۆ بەغدا . | بە + ر + ا + بوو |

لەم شێوەزارەدا نیشانەی کاری ڕابردووی ئیخباری دووری بکەر نادیارمۆرفیمی ( بوو ) ە کە بە بەراورد لەگەڵ شێوەزاری شۆریجەدا مۆرفیمی ( وی ) یە بۆ زیاتر بڕوانە لاپەڕە ( 59 ) .

لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا کاری رابردووی ئیخباری دووری بکەر نادیار لەم یاسایەدا دەردەکەوێ :

**ڕەگـــــی کـــــار + ر + ا + بوو ⟵ بکەر نادیار**

یاسای ژمارە (3)

## 4-کاری رابردووی ئیخباری تەواوی بکەر نادیار:

لەم نمونانەی خوارەوە دا کاری ڕابردووی تەواوی بکەر نادیار ڕوون دەکەینەوە :

| | |
|---|---|
| ئێوە خەمتان نەبێ ناوتان نووسراوە . | نووس + ر + ا + وە |
| ماڵتان تێك دراوە. | تێك دە + ر + ا + وە |
| سەیارەکەم هێشتا نەفرۆشراوە. | فرۆش + ر + ا + وە |
| گۆشتەکە گشتی خوراوە ، هیچی نەماوە . | خۆ + ر + ا + وە |
| شت و مەکەکانم هێنراوە. | هێن + ر + ا + وە |
| زەوی و زارتان زەوت کراوە. | کە + ر + ا + وە |
| دیارییەکەم بردراوە. | بە + ر + ا + وە |

لەم شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا کاری ڕابردووی ئیخباری تەواوی بکەر نادیار بەم جۆرەیە :

| |
|---|
| ڕەگـــــی کـــــار + ر + ا + وە ⟵ بکەر نادیار |

یاسای ژمارە (4)

**ط - کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار :**

لەم نمونانەی خوارەوە کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار دەردەکەوێ :

| | |
|---|---|
| ئەمجارەیان ناومان ئەنووسرێ . | ئە + نووس + ر + ێ |
| ئەگەر زوو نەیەی بەشەکەت ئەخورێ. | ئە + خۆ + ر + ێ |
| من حەقم بە ئەوەوە نی یە هەلێ ئەخەلەتێنرێ. | ئە + خەڵەتێن + ر + ێ |
| سەیارەکەت ئەفرۆشرێ. | ئە + فرۆش + ر + ێ |
| هەندێ زوو بکە دوای ئەبردرێ. | ئە + بە + ر + ێ |
| ئێمە وا پێت ئەلێین دوای تێك ئەدرێ . | ئە + دە + ر + ێ |

بۆ کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا لەم یاسایە دەردەکەوێ:

| |
|---|
| ئە + ڕەگـــــی کـــــار + ر + ێ ⟵ بکەر نادیار |
| ئـــــە + خـــــۆ + ر + ێ ⟵ ئە خـــــو رێ |

یاسای ژمارە (5 )

## تەوەری دووەم

## ڕاناوی کەسی لکاو لە دەوری بەرکاریدا :

**أ – بەرکاری ڕاستەوخۆ .            ب- بەرکاری ناراستەوخۆ .**

**أ- بەرکاری ڕاستەوخۆ :**

**بەرکار ئەو کەرەستەیە کە لە ژێر گرێ ی کاری ڕستە دایە و فراوانی دەکات و کاری بکەرەکەی دەکەوێتە سەر[107].**

**هەروەك باسمان کرد لە زاری ناوەڕاست دا کۆمەڵە جێناوی (A) دەبنە بکەر و کۆمەڵەی (B ) دەبنە بەرکار وەك :**

**ئەوان منیان گرت .      ←      گرتیانم .**

**من تۆم گرت .      ←      گرتمیت.**

**بەلاَم لە ناوچەی کەرکووك و گەرمیان ئەو ڕێزە جێناوە دەبنە بکەر و دەبن بە بەرکاریش لە ڕێژەی ڕابردووی کاری تێپەڕدا وەك :  ئێمە هەڵ ( یان ) ( مان ) گرت.**

**لەم نموونەیەدا جێناوی ( یان ) و جێناوی ( مان ) هەردوویان لە کۆمەڵەی جێناوی جێگۆرن بەلاَم ئەرکەکانیان جیاوازە جێناوەکەی پێشەوە ( یان ) لە ئەرکی بەرکار دایە و جێناوی ( مان ) لە ئەرکی بکەر دا[108].**

**لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا ڕاناوە کەسی یە لکاوەکان کۆمەڵەی (A) دەبنە بکەر و کۆمەڵەی (A) جارێکی تر دەبنەوە بەرکاری ڕاستەوخۆی کارەکە بەلاَم لەم شێوەزارەدا بکەر دەکەوێتە کۆتایی کارەکەوە بەرکاریش دەکەوێتە پێش بکەری رستەکە ، واتە کۆمەڵەی (A) لە دوو ئەرکی جیاوازدا دەردەکەون بەپێی کەس و ژمارەیان و بە پێی ڕێکەوتنی لە شێوەزارەکەدا ، وەك لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێ :**

**من تۆم نارد .      ←      ناردتم .**

**ئێمە ئێوەمان نارد .      ←      ناردتانمان.**

**تۆ ئەوانت بینی.      ←      بینیانت.**

**ئەو ئێمەی گرت .      ←      گرتمانی.**

**ئێوە ئێمەتان فرۆشت .      ←      فرۆشتمانتان .**

---

[107] خەسرەو ئەحمەد رەسول ، بەرکار لە زمانی کوردی دا بە پێی ڕێبازی فۆرمی ، ل 34 .

[108] د. شێرکۆ بابان ، دیوە تیۆریەکانی ڕێزمانی بەرکاری ڕاستەوخۆ ( 205 ) ، ئەکادیمی ژمارە ( 6 ) ، هەولێر .

بۆ جێگیربوونی دوو کۆمەڵە ڕاناو سەر بە هەمان گرووپ لە دەوری بکەری و بەرکاری ڕیزبوونیان لەم شێوە زارەدا بەم جۆرەیە :

**1 کاری ڕابردووی سادە :**

| | ڕەگی کــاری ڕابردوو | بەرکــاری ڕاستەوخۆ | بکــەر |
|---|---|---|---|
| گرتمت | گرت | م | ت |
| گرتمانتان | گرت | مان | تان |
| گرتتانم | گرت | تان | م |
| گرتتمان | گرت | ت | مان |
| گرتیانی | گرت | یان | ی |
| گرتییان | گرت | ی | یان |

**2- کاری ڕابردووی دوور :**

| | ڕەگی کاری ڕابردووی دوور | بەرکار | بکەر |
|---|---|---|---|
| گرتبوومت | گرتبوو | م | ت |
| گرتبوومانتان | گرتبوو | مان | تان |
| گرتبووتانم | گرتبوو | تان | م |
| گرتبووتمان | گرتبوو | ت | مان |
| گرتبوویانی | گرتبوو | یان | ی |
| گرتبوورییان | گرتبوو | ی | یان |

## 3- کاری ڕابردووی ئێستای تەواو :

| | قەدی کاری ڕابردووی تەواو | بەرکار کA | بکەر (A) ک |
|---|---|---|---|
| ناردوومتە | ناردووە | م | ت |
| ناردوومانتانە | ناردووە | مان | تان |
| ناردووتانمە | ناردووە | تان | م |
| ناردووتتانە | ناردووە | ت | تان |
| ناردوویيانە | ناردووە | ی | یان |
| ناردوویانیە | ناردووە | یان | ی |

## 4- کاری ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕ :

هەروەها بۆ کاری ڕا بردووی بەردەوامی تێ پەڕ ڕا ناوی لکاو لە دەوری بکەری و بەرکار یدا لەم نموونانەی خوارەوە دەست نیشان دەکەین : ( یەکێ لە خاسیەتەکانی ئەم سێتە ئەوەیە کە شوێنیان لە ڕستەدا دەگۆڕێت بە پێی قاڵبی فرمانەکە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی بەشەکانی تری ڕستە ، بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناراستەوخۆ )[109].

| | قەدی کاری ڕابردووی بەردوەام | بەرکارکA | بکەرکA |
|---|---|---|---|
| ئەمتنارد | ئەنارد | م | ت |
| ئەمانتان نارد | ئەنارد | مان | تان |
| ئەتمنارد | ئەنارد | ت | م |
| ئەتانمان نارد | ئەنارد | تان | مان |
| ئەیانی نارد | ئەنارد | یان | ی |
| ئەییان نارد | ئەنارد | ی | یان |

---

109 پ.د وریا عمر ، لایەنێکی جیاوازی ، گۆڤاری کۆڕ ، ل 262 .

**لە کاری ڕابردووی بەردەوامی دا ڕاناوی لکاو لە دەوری بکەری و بەرکاری دا دەکەونە سەرەتای ڕەگی کارەکەوە مۆرفیمی ( دە ) دەکەوێتە پێش ڕاناوە لکاوە بە گوێرەی ئەرکەکانیان جێگۆرکێ دەکەن .**

**بە پێی ڕێکەوتنی ڕاناوە لکاوەکان لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا لە دەوری بکەری و بەرکاری دا کۆمەڵەی (A) لە یەك کاتدا هەردوو ئەرکی ( بکەری و بەرکاری راستەوخۆ ) دەبینین لەم خشتەی خوارەوەدا ڕوونی دەکەینەوە :**

| کـەس | ژمـــارە | کاری ڕابــردووی تێپـــــــەر | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ك(A)بەرکـــار | کـــەس | ژمـــارە | ك(A) بکەر |
| تــاك | 1 | م | | 2 | ت |
| | 2 | ت | | 1 | مان |
| | 3 | ی | | 3 | یان |
| کـــۆ | 1 | مان | | 2 | تان |
| | 2 | تان | | 1 | م |
| | 3 | یان | | 3 | ی |

**خشـــتەی ژمـــارە (18)**

**لە خشتەی ژمارە (18 )دا ئەرکی بەرکاری یە کە دەگۆر ێت بە پ ێی کەس و ژ مارە لە گەڵ جۆری ڕستەکە و جێگۆرکێ ی ڕاناوە لکاوەکان شوێنی بکەر دەکەوێتە کۆتایی کارەکەوە واتە لە ریزبە ندی ڕاناوە لکاوەکان بەرکار پێش بکەر ئەکەوێت. ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئەم شێوەزارە و شێوەزارەکانی تری ناو شارەکە .**

## ب- بەرکاری ناراستەوخۆ :

لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا بۆ جێگیر بوونی ڕاناوە لکاوەکان لە دەوری بەرکاری ناڕاستەوخۆ ( بەرکاری تیان ) بە پێی کەس و ژمارە و ڕێکەوتنیان لەم شێوەزارەدا ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی ( A ) دەبنە بکەر و ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی ( A ) جارێکی تر دەبنەوە بەرکاری ناڕاستەوخۆ و دەلکێن بە کۆتایی بەرکارە تیانەکەوە وە لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێت :

خەرمانەکەم لەگەڵت هەڵگرت .

خەرمانەکەمان لەگەڵتان هەڵ گرت .

لەم دوو نمونەیەدا بکەر و بەرکاری ناڕاستەوخۆ سەر بە هەمان کۆمەڵە جێناوی لکاوی کۆمەڵەی ( A )ن بەڵام لە دیالێکتی سۆران یان شێوەزاری سلێمانی دا ئەم دوو ڕستەیە بەم جۆرە دیاری کراوە[1] :

| | بکەر کA | بەرکاری نا ڕاستەوخۆ ک B |
|---|---|---|
| | | |
| خەرمانەکەم لەگەڵ هەڵ گرتیت. | م | یت |
| خەرمانەکەمان لەگەڵ هەڵ گرتن. | مان | ن |

لەم شێوەزارەدا ( شێوەزاری سلێمانی ) سەرەرای ئەرکی بکەری و بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕستەدا سەر بە هەمان کۆمەڵەیە جیاوازیەکی تر لەوەدایە ڕیز بوونی جێناوە لکاوەکان لە ئەرکەکانیان دا بەم جۆرەیە ، بکەر دەکەوێتە پێش بەرکار جێناوە لکاوەکە دەکەوێتە کۆتایی کارەکەوە ، " کاتێك کە ڕیزە جێناوی جێگۆڕ ( م  ت  ی  مان  تان  یان ) دەبن بە بارگەی ئامرازی پەیوەندی پەیوەندی وەك :

ئەوان بۆ ( من) ( یان ) ناردبوو.

ئەوان بۆ ( تۆ ) ( یان ) ناردبوو .

---

[110] نوری علی ئەمین ، دەوری جێناوە لکاوەکان لە ئاخاوتنی زمانی کوردی ، ل 269 .

لە پەرەسەندنێکی تردا جێناوەکانی بەرایی وەچەرخاون بۆ کۆمەڵە جێناوی نەگۆڕ ( م، یت ، □□□ ، ین ، ن ، ن ) پاشەکشێیان کردووە بۆ دووماهی کارەکە ، وەک[111] :

ئەوان بۆ ( ...... ) یان ناردبوو ( م ) .

ئەوان بۆ ( ......) (یان ) ناردبوو ( یت ) .

لە جۆرەکانی کاری ڕابردووی تێپەڕ ئەرکی جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی ( A ) لە دەوری بکەری ناڕاستەوخۆ بەم جۆرە دیاری دەکەین :

### 1- کاری ڕابردووی تێپەڕی سادە :

لەم نموونانەی خوارەوەدا جێناوی لکاو لە دەوری بەرکاری ڕاستەوخۆ بەم جۆرە دەردەکەوێ :

| | بەرکاری ناراستەوخۆ | بکەر |
|---|---|---|
| | ک A | ک A |
| | □□□□□□□□□□□□ | □□□□□□□□□□□□ |
| دیارییەکەم بۆت نارد . | ت | م |
| بۆتم نارد . | | |
| دیارییەکەمان بۆتان نارد . | تان | مان |
| بۆتانمان نارد. | | |
| دییاریەکەت بۆم هێنا . | م | ت |
| بۆمت هێنا . | | |
| دییاریەکەتان بۆمان هێنا . | مان | تان |
| بۆمانتان هێنا. | | |
| دیاری یەکەیان بۆی هێنا . | ی | یان |
| بۆییان هێنا . | | |
| دییاریەکەی بۆیان هێنا . | یان | ی |
| بۆیانی هێنا. | | |

111 د. شێرکۆ بابان ، دیوە تیۆریەکانی ڕێزمانی بەرکاری ڕاستەوخۆ ، ل 208 ، ئەکادیمی ژمارە ( 6 ) ، 2007 ، هەولێر .

لەم نموونانەدا بەرکاری ناراستەوخۆ جێگیر بووە بە ڕاناوی لکاو کە سەر بە کۆمەڵەی ( A)ن دەوری بکەری بینیوە هەروەها هەمان کۆمەڵەی ( A )ن جارێکی تر ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆیان بینیوە .

## 2- کاری ڕابردووی تێپەڕی دوور :

ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی ( A) لە دوو ئەرکی جیاوازدا لە یەك ڕستەدا لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا بە پێی ڕیزبوونیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

| | | بەرکار كA<br>□□□□□□□□ | بکەر كA<br>□□□□□□□ |
|---|---|---|---|
| قەلەمەکەم بۆت کریبوو. | بۆتم کریبوو | ت | م |
| قەلەمەکەمان بۆتان کڕیبوو. | بۆتانمان کڕیبوو | تان | مان |
| قەلەمەکەت بۆم کریبوو. | بۆمت کڕیبوو | م | ت |
| قەلەمەکەتان بۆمان کڕیبوو. | بۆمانتان کڕیبوو | مان | تان |
| قەلەمەکەی بۆیان کڕیبوو. | بۆیانی کڕیبوو | یان | ی |
| قەلەمەکەیان بۆی کڕیبوو. | بۆییان کریبوو | ی | یان |

جێگیر بوونی ڕاناوی لکاو بە دەرنە کەوتنی بەرکاری ناراستەوخۆ ڕاناوە لکاوەکان دەچنە سەر بەرکارە تیانەکەوە و بکەر دەکەوێتە کۆتایی ئامرازەکەوە بەرکاری تیان کە ڕاناوە لکاوە دەکەوێتە پێش بکەرەوە .

## 3- کاری ڕابردووی تێپەڕی ئێستای تەواو :

ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی ( A) لە دوو ئەرکی جیاوازدا لەناو یەك ڕستەدا دەور دەبینن بە پێی ڕێکەوتنیان لە شێوەزارەکەدا لەم نموونانەی خوارەوە دیاری دەکەین :

| | | بەرکارناراستەوخۆ<br>كA<br>□□□□ | بکەر<br>ك (A)<br>□□□□□ |
|---|---|---|---|
| خانووەکەم بۆت کریوە. | بۆت کریوە | ت | م |
| خانووەکەمان بۆتان کڕیوە . | بۆتانمان کڕیوە | تان | مان |
| خانوەکەت بۆم کڕیوە. | بۆمت کڕیوە | م | ت |
| خانوەکەتان بۆمان کڕیوە. | بۆمانتان کڕیوە | مان | تان |
| خانوەکەی بۆیان کڕیوە . | بۆییان کڕیوە . | یان | ی |
| خانوەکەیان بۆی کڕیوە . | بۆیانی کڕیوە | ی | یان |

## 4- کاری ڕابردووی تێپەڕی بەردەوام :

ڕاناوی لکاو لە کۆمەڵەی ( A) لە دەوری بەرکاری ناراستەوخۆ لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا بە پێی کەس و ژمارە و ڕێکەوتنیان بەم شێوەیەی خوارەوە لەم نموونانە دەردەکەوێت :

| | | بەرکاری تیان<br>کA<br>□□□□□□ | بکەر<br>ک (A)<br>□□□□□□ |
|---|---|---|---|
| خانووەکەم لێت تێك ئەدا. | لێتم تێك ئەدا | ت | م |
| خانووەکەمان لێتان تێك ئەدا . | لێتانمان تێك ئەدا | تان | مان |
| خانوەکەت لێم تێك ئەدا. | لێمت تێك ئەدا | م | ت |
| خانوەکەتان لێمان تێك ئەدا. | لێمانتان تێك ئەدا | مان | تان |
| خانوەکەی لێیان تێك ئەدا . | لێ یانی تێك ئەدا | یان | ی |
| خانوەکەیان لێ ی تێك ئەدا . | لێیان تێك ئەدا | ی | یان |

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕاناوە لکاوەکان لە دەوری بکەری و بەرکاری ناراستەوخۆ بە پێ ی کەس و ژمارە و جێگیربوونیان لە هەموو جۆرەکانی کاری ڕابردووی تێپەڕدا دەست نیشان ئەکەین و ڕیزبوونی ڕاناوە لکاوەکان بەپێی جێگۆرکێیان دیاری دەکەین :

| کـەس | ژمـــارە | کاری ڕابردووی تێپەڕی<br>ســادە - دوور - تــەواو - بــەردەوام | | |
|---|---|---|---|---|
| | | بەرکاری تیان<br>( ک A ) | کەس و ژمارە | بکەر<br>( ک A ) |
| تـــاك | 1 | م | 2 تاك | ت |
| | 2 | ت | 1 تاك | م |
| | 3 | ی | تاك3 | ی |
| کـــۆ | 1 | مان | 2 کۆ | تان |
| | 2 | تان | 1 کۆ | مان |
| | 3 | یان | 3 کۆ | یان |

خشتەی ژمارە ( 19 )

## 5 - ڕاناوی  لکاو لە دەوری بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا لە کاری ڕابردووی تێپەڕی ئینشائی دا :

**لە کاری ڕابردووی ئینشائی تێپەڕی دا جێناوی لکاو لە دەوری بکەری و بەرکاری ناراستەوخۆ بە پێی جێگیربوونی جێناوە لکاوەکان و ڕیزبوونیان بەم جۆرەیە : " ڕاناوە کەسیە لکاوەکانی (کۆمەڵەی B ) لە ڕستەدا بە یاریدەی ئامرازی پەیوەندی یەوە دەبنە بەرکاری ناڕاستەوخۆی فرمانی ڕابردووی تێپەڕی سادەی ئینشائی ".**

**بکەر ( ک A)　　　بەرکاری ناراستەوخۆ (ک B)**

□□□□□□□　　　□□□□□□□□

**خۆزگە بەردەکەم تێ بگرت □ یت □ ایە　　　م　　　تێ - یت[112]**

**لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم دا جێگیربوونی ڕاناوە لکاوەکان بە پێی کەس و ژمارە و ڕێکەوتی لە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆدا ڕیزبوونیان بەم جۆرەیە :**

**بەرکاری ناراستەوخۆ ( ک A)　　　بکەر ( ک A)**

□□□□□□□　　　□□□□□□□

**خۆزگە چێشتەکەمان  پێتان بکردایە.　پێتانمان بکردایە　　پێ　تان　　مان**

**خۆزگەی نانەکەی  پێمان نەکردبایە.　پێمانی نەکردبایە　　پێ　مان　　ی**

**هەروەها بۆ هەموو جۆرەکانی کاری ڕابردووی تێپەڕی ئینشائی ڕاناوە لکاوەکان ڕیزبوونیان لەم نموونانەی خوارەوە دیاری دەکەین :**

**بەرکاری ناراستەوخۆ (ک A)　　　بکەر  ( ک A)**

□□□□□□□　　　□□□□□□□

| | | |
|---|---|---|
| **خۆزگە نامەکەت زووتر پێم بگەیاندایە .** | **پێ - م** | **ت** |
| **بریا نانەکەت پێ ی بکردبایە.** | **پێ- ی** | **ت** |
| **خۆزگە دەرسەکەی پێمان ووتبوایە .** | **پێ -  مان** | **ی** |
| **بریا دەرسەکەم بۆتان شەرح بکردایە .** | **بۆ  - تان** | **م** |
| **خۆزگە شتەکانیان بۆیان بهاوردایە .** | **بۆ □ یان** | **یان** |

[112] نوری علی ئەمین ، جیناوی لکاو ، ل 267 .

بریا جانتاکەتان لەگەڵ خۆتان بهێنایە.                    بۆ - تان                    تان

بەم جۆرە ڕاناوی لکاو لە دەوری بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەم شێوەزارە جێگیربوونی و ڕیزبوونیان بەم جۆرەیە کۆمەڵەی ( A) دوو ئەرك دەبینن ، کۆمەڵەی ( A) جارێك دەبنە بکەر دەچێتە سەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ ، کۆمەڵەی ( A) جارێکی تر دەبنەوە بەرکاری ناراستەوخۆ دەچنە سەر ئامرازەکە واتە ڕاناوی لکاو کۆمەڵەی ( A).

لە خشتەیەی خوارەوە ڕاناوە لکاوەکان لە دەوری بکەری و بەرکاری ناراستەوخۆبە پێی کەس و ژمارە و جێگیربوونیان لە هەموو جۆرەکانی کاری ڕابردووی تێپەڕی ئینشائی بۆ هەموو جۆرەکانی بەم جۆرە ڕوون کراوەتەوە :

| کـەس | ژمـــارە | کاری ڕابردووی تێپەڕی<br>ســادە - دوور - تــەواو - بــەردەوام | | |
|---|---|---|---|---|
| | | بکەر<br>( ك A ) | کەس و ژمارە | بەرکاری<br>ناراستەوخۆ<br>( ك A ) |
| تـــاك | 1 | م | 2 تاك | ت |
| | 2 | ت | 1 تاك | مان |
| | 3 | ی | 3تاك | ی |
| کـــۆ | 1 | مان | 2 کۆ | تان |
| | 2 | تان | 1 کۆ | مان |
| | 3 | یان | 3 کۆ | یان |

خشتەی ژمارە ( 20 )

# ئــەنــجــام

1 - شێوەزارەکانی کوردیی شاری کەرکووك لقێکی شێوەی گەرمیا نە کە سەر بە کر مانجیی خوارووە ( سۆرانی).

2 - لە شاری کەرکووکدا حەوت بێچوە شێوەزاری کوردی هەیە.لەگەڵ دوو شێوەزاری سەرەکیی جیا دەست نیشان دەکرێن، ( شۆریجە ) و ( ئیسکان وئیمام قاسم ). زارەکانی گەڕەکەکانی تری شاری کەرکووك بێچوە شێوەی ئەم دوو زارەن.

3 □ شێوەزارەکانی گەڕەکی حوریە و قادسیە و مەلعەب سەر بە شێوەزاری شۆریجەن.

4 - لەناو چوارچێوەی شێوەزاری شۆریجەدا بێچوە شێوەی سەر بەم شێوەزارانە دەست نیشان کران: ( کاکەیی - شێخانی □ زەنگەنە □ رۆژبەیانی □ سیامەنسووری ).

5 - لەناو شێوەزاری ( ئیسکان و ئیمام قاسم )دا ، بێچوە شێوەی سەر بە زاری شوانی کێشك لە ناوچەی رەحیماوە بەدی دەکرێت .

6 - بێچوەزاری عەجەم ( فەیلی ) لە ناوچەی عەرەفە و تەپە و ئەڵماسدا قسەی پێ دەکرێ.

7 - لە شێوەزاری شۆریجەدا یەك دەستە راناوی جودا و سێ دەستە راناوی لکاو هەیە . دەستەی (A) (م □ مان/ ت □ تان/ی □ یان) دە ستەی دووە می (A) ( م □ مان / یت □ تان / ∅ □ ن ) و دەستەی (B ) ( م □ ین/ یت □ ن/ ات .ێت □ ن) ئەمانە دەوری بکەری دەبینن لە کاری ( رابردوو و داهاتوو) دا .

لە تایبەتیەکانی شێوەزاری شۆریجە ئەوە یە: راناوی جودا بۆ کەسی دووەمی تاك قاڵبی ( تو) دەگرێتە خۆ. (ـە) نیشانەی کاتی ئیستای تەواوە وەك لە (هاتە □ بردە □ رۆیشتە -) و (وی) نیشانەی رابردووی تەواوە وەك لە ( هاتوی □ بردوی □ رۆیشتوی). ( یا) نیشانەی نادیارییە بۆ رابردوو.

8 - لە شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسمدا وەك زمانی ستاندەرەکە یەك دەستە ڕاناوی جودا ودوو دەستە راناوی لکاو هە یە.(م □ مان/ ت □ تان/ی □ یان) و ( م □ ین/ یت □ ن/ ات . ێت □ ن) ئەمانە دەوری بکەری و بەرکاری لە دوو کاتی جیای دژ بە یەك (رابردوو و داهاتوو) دەبینن.

9- لە بەشی بەرکاری دا ڕاناوی لکاو دەستەی ( A ) ( م □ مان / ت □ تان / ی □ یان ) لە دوو ئەرکی جیاوازدا دەور دەبینن جارێك وەك بکەر و جارێك وەك بەرکار لە کاری ڕابردوودا ڕاناوە لکاوەکان جێگۆرکێ دەکەن لە شێوەزاری کەرکووك دا .

10 □ لەرووی فەرهەنگەوە ژمارەییێکی زۆر وشەی تایبەت بەم شێوەزارانە بەدی کران.

11  جیاوازی له شێوەی دەنگەکان چ لەنێوان شێوەزارەکانی شاری کەرکووك خۆ یان ، چ لەنێوان شێوەزارەکانی کەرکووك و ستانداردا ئاشکرایە.

12  سەرەڕای ئەو هەموو سیا سەتی بە عەرەب کردن و راگوا ستن وهەو ڵدان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردایەتیی شاری کەرکووك. ز مانی کوردی بەرهەڵستێکی مەزنی کردووە لە پارا ستنی خۆی . ئیستاش زۆربەی دانیشتوانانی ئەم شارە (زمانی کوردی ) زمانیانە .

# پاشکۆکان

## شێوەزاری ئیسکان و ئیمام قاسم

کاتێ چووین بۆ هەڵبژاردن ئێمەو کۆ مەڵێ هاوڕێ ی تر بووین لە گەڵ منا ڵەکانمان بەجەما عەتی ڕوومان کردە بنکەکە،لەۆ بەبرادەرێکمان ووت ئێمە دە نگ ئەدەین بەئێوە تاکورد سەربکەوێ،بۆیە ئێمە ئێوە هەڵئە بژێرین تاکوو ببنە نوێنەرمان ،بۆ یە هەڵتانمان بژارد تاکوو کار بۆ کورد بکەن نەیەڵن جارێکی تر ئەم شارە بکەوێتە ژێچر دەستی زوڵمو زۆرداری و جارێکی تر ئەم شارە بە شی نەخورێ و تەرحیل نەکرێ و ماڵوێران نەکرێ بۆ یە ئەڵێین پێ تان دە ستمان دامێن تان بە دڵسۆزی کار بۆ ئەم شارە سووتاوە بکەن

## شێوەزاری شۆریجە

عانێ چویمان بۆ دەنگدان ئێمەو جەما عەتێ برادەری تر بووین لە گەڵ منا ڵەکانمان، بەجەما عەتی رویمان کردە شوێن دەنگدانەکە لەویا کە وەبرادەرێکمان ووت ئێمە دە نمگ ئەدەین وەئێوە تاکورد سەرکەفێ بۆیە هەڵتان ئەوژێرین تاکوو بوو نە نوێنەرمان بۆ یە هەڵتانمان تائیش بۆ کورد بکەن نەیەڵن جارێکی تر ئەم شارە ژێردە ستە نەوێت وبکەفێ تە ژێرد ست زو ڵم وزۆرداری و جارێکی تر بەش خوریاو نەوی'و تەرحیل نەکرێ وماڵی وێران نەوێ ،بۆیە ئێژین پێ تان دە ستمان وە دامێن تان مەحز بۆ خوا وە دڵسۆزی ئیش بۆ ئەم شارە فەتیاوە بکەن .

## بێچوە شێوە زاری شوانی کێشك

کاتێ یك ئی مە ڕوی شتین ئەڕا هەڵ بژاردن ئی مەو کو مەڵییك هاوڕێ ی تربین لە گەڵ منا ڵەگانمان وەجەماعەتی ڕووی کردینە بنکەگە،لەورە وەبردەریکمان وەتین ئیمە دە نگ دە ین بە ئیوە تاکورد سەر بکەفیگ،بۆ یە ئی مە ئ یوە هەڵ بژارین بوو نە نوی نەرمان بۆ یە هەڵتان بژاردین ئیش ئەرا کوردبکەن نەیلن جارییگە ئەی شارە بکەفیگەدەست زوڵم و زووورداری جارییگە بە شی نەخورییگ و ماڵ ویران نەکرییگ و تەرحیل نەکرییگ ،بۆیە پیتان دەڵیین دە مان دامێن تان وە دڵسۆزی ئیش را ئەی شارە سوتیاگە بکەن

## بێچوە شێوەزاری عەجەمەکان (فەیلی)

وەختێ یك چوین ئەرا ئینتخا بات ئی مەو مەحمو عە برادەر یك بین وەل منا ڵەگانمان وەجەما عەتی ڕوی کردینە بنکەگە لورە وتینە برادەریگمان ئی مە دە نگ دە ین وەئ یوە تاکورد سەر بکەفت ئەرا ئەوە هەڵدان وژێرین تاکوو ئ یوە بوو نە نوی نەرمان ئەرا ئەوە هە ڵدان بژاردین تا کار ئەرا کورد بکەن نەیلن یەکجای تر ئەی شارە بکەفتە ژ یر دە ست زو ڵم وزووورداری جاریگی تر بە شی نەخور ێدو

تەرحیل نەکرێن و ماڵ ویران نەکرێن ، لیوە ئویشینە پیتان دەستمان وەداوا ندان وەدڵسوزی کار ڕا ئەی شارە سوزیاوە بکەن

## بێچوە شێوەزاری ڕۆژبەیانی

وەختێ چویمان لا هەڵبژاردن ئێمەو هەنێتر هامرا چیومان لێل ئایلەکانا وە جەماعەتی ڕویمان کردە بنکەکە لەورە وەبرادەرێکمان ووت ئێمە دەنگ وە ئۆمە مەین تا کورد سەرکەفێ لا ئەوە ئێمە ئۆمە هەڵ مومرژێرین تابوونە نوێنەرمان لەوەر ئەوە ئۆمەمان هەڵبژارد تا کار لا کورد بکەیتان.
مەیلن جارێی تر ئەی شارە بکەفێتە ژێر دەست زو لم و زۆرداری با جارێتر بە شی نەوێرن دەروەدەر نەکرێن ماڵ و خانە وێران نەکرێن لا ئەوە مێشین دەستمان وە دامانتان وە دڵسوزی کار لا ئەی شارە سوزیاوە بکەیتان.

## بێچوە شێوەزاری شێخانی

وەختێ لواینێ لا دەنگ دان ئیمە و کومەلێ هاورێ ی تر بیانی لە نی ئایلەکانمان جەمی ڕوو یمان کردە بنکەکە لانە وە برادەرێکمان وات ئێمە ئا ماینێ دە نگ ئەدەین وە ئێوە تا کورد سەرکەفۆ لا ئانە ئێمە ئامانێ شما هەلوژێرین تاکو بوونە نوێنەرمان لە ئانا هەڵتانمان وژاردن تاکو کار بۆ کورد کەرێن نمارزێن کەڕەتێ تر ئەی شارا بکەفیتە ژێر جەور و ستەم جارێکی تر بەشمان نەخورێن و تەرحیل نەکرێ یانە خراو نەکرێن لا ئانە ما چیم وە نەتان دەستمان وە دامێنتان وە دڵ ساف کار لای ئەی شارە جەرگ سوتیاوە بکەن .

## بێچوە شێوەزاری کاکەیی

وەختێ لوایمێ پەی دەنگدان ئیمە و کۆمەڵی هامرای تر بیمان چەنی ئایلەکانمان وە جەماعەتی ڕوویمان کەردە بنکەکە چانا وە برادەرێکمان وات ئێمە دەنگ مەمە شمە تا کورد سەربکەفۆ چەوەر ئانا شمەمان ورگرت تا کورد بۆوەنیۆنەرمان چەوەر ئانا شمەمان وور گرت تاکو ئیش بکەردی پەی کورد نارزدێ ی جارێ تر ئی شارە بکەفۆ چێر دەست زولم و زۆرداری وە جارێ تر بە شش نەوەریۆ ، تەرحیل نەکریۆ یانە وێرانش نەوۆ چەوەر ئانا وەنەتان ماچم دەسمان چە دامانتان بۆ وە دڵسۆزی ئیش کەردێ پەی ئی شارە سوجیایە .

# سەرچاوەکان

## کتێب :


1. ئەورەحمانی حاجی مارف ، 1987 ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، وشە سازی ، بەشی دووەم ، دار الحرية للطباعة ، بغداد .
2. بێهزاد خۆشحاڵی ، 2008 ، فیلۆلۆجیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان ، مستەفا غەفور کردوویە بە کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆك .
3. تۆفیق وەهبی ، 1951 ، ئەشکەوتەکەی گەندۆك ، بغداد ، چاپی یەکەم .
4. جمال نەبەز ، 1976 ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، یەکێتی نەتەوەی خوێندکارانی کورد ، بارمێرگ ، ئەلمانیا .
5. حسین محمد عزیز ، 2005 ، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی ، چاپی دووەم .
6. سمکۆ بەهرۆز محمد ، 2006 ، مێژووی گۆرانە ڕۆشنبیری یەکانی ناوچەی کەرکووك .
7. شۆرش حاجی ، 2004 ، تەعریبی کەرکووك ، سیاسەتی تەعریب لە دوو توێی هەشتا بەڵگەنامەدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی .
8. شەمسەدین سامی ، 2008 ، کورد و کوردستان لە یەکەم ئینسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا ، قاموسوئەعلامی شەمسەدین سامی ، ئەحمەد تافانە کردوویەتی بە کوردی ، چاپی یەکەم ، هەولێر .
9. عبدالله غفور ، 2006 ، ئەتنۆ دیمۆگرافیای باشووری کوردستان ، بنکەی توێژینەوە ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر .
10. علی محمود محمد ، هولندا ، 2006 ، کەرکوك شاری قەلاٚ و ئاگر و خوێن ، ڕێگا چارەسەرە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئارابخا ، کەرکووك .
11. غازی فاتح وەیس ، 1984 ، فۆنەتیك ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی الاديب ، بغداد .
12. فواد حمە خورشید ، 1979 ، العشائر الكردية ، مطبعة الحوادث ، بغداد .
13. فواد حمە خورشید ، 1985 ، زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافی دیالێکتەکانی ، حمە کەریم هەورامی کردوویە بە کوردی ، بەغدا ، چاپخانەی افاق عەرەبیە .
14. فواد حمە خورشید ، 2007 ، کەرکووك لە بەڵگەنامەکان دا ، چاپخانەی منارە ، هەولێر .

15. کامەران کوێخا جەلال ، مێژووی کۆنی کەرکووك لەبەر ڕۆشنایی دەقەکانی نوزی دا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی ، هەولێر .
16. کامل بەصیر و کوردستان موکریانی ، 1985 ، زارە کوردی یەکان ، کۆلێژی ئاداب ، بەشی زمانی کوردی ، قۆناغی یەکەم ، دانانی د. کامل بصیر و د. کوردستان موکریانی و صادق بهاء الدین و حمد ئەمین هەورامی .
17. کوردستان موکریانی ، 1999، تیشکێك لەسەر زمانی دانیشتوانی کۆنی کوردستان زمانی خووری و ئورەتو و هەولێر.
18. کوردستان موکریانی ، 2000 ، سینتاکس ڕستەی کوردی ، چاپخانەی ئاراس .
19. گۆران فەتحی ، 2007 ، کەرکووك بۆ مێژوو دەدوێت  مزگەوت و تەکێ و خانەقا دێرینەکانی کەرکووك ، سەنتەری بیر و هۆشیاری ی . ن . ك ، سلێمانی .
20. لەتیف فاتح فەرەج ، 2002 ، کورد و کەرکووك کورتە خوێندنەوەیەکی دیرۆکیانەی کەرکوك ، بەرگی یەکەم ، سلێمانی .
21. محمد مەحوی ، 2001، زمان وزانستی زمان ، بەرگی یەکەم ،سلێمانی .
22. محمد معروف فتاح ، 1990 ، زمانەوانی ، کۆلێژی ئاداب ، بەشی زمانی کوردی ، پۆلی چوارەم، زانکۆی سەلاحەدین .
23. میهردادی ئیزەدی ، 2007 ، چەردەباسێك لەبارەی کوردانەوە،ئەمین شوان کردوویە بە کوردی ، سلێمانی .
24. نەجات حەسەن ، 2006 ، چمکێك لە مێژووی کەرکووك بەرگی یەکەم ، کوردستان ، کەرکووك .
25. نوری علی ئەمین ، 1986 ، ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسی یەکان لە ئاخاوتنی کوردی دا ، للطباعة الزمان ، بغداد .
26. هەژاری موکریانی ، 1981 ، شرف نامەی شرف خانی بدلیسی ، کۆری زانیاری کورد ، چاپی یەکەم .
27. وریا عمر ئەمین ، 1986 ، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو ، بغداد ، وەزارەتی ڕۆشنبیری دەزگای ڕۆشنبیری بلاّوی کردۆتەوە .
28. وریا عمر ئەمین ، 2004 ، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، خزمایەتی لە زمان دا ، چاپی یەکەم ، هەولێر .

## نامەی زانکۆیی :

1- ئاسۆ عبدالرحمن کریم ، 2008 ، ڕۆنانی ڕستە لە شێوەزاری فەیلی دا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتی یەکان ، زانکۆی سەلاحەددین .

2- ئومێد بارزان برزۆ ، 2006 ، ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقین ، لێکۆلینەوەیەکی کارەکی یە ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی کۆیە .

3- تارا موحسن قادر ، 2004 ، لێکۆلینەوەیەکی نویٚ لە زمانی کوردی دا بە کەرەستەی دیالێکتی خواروو ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی .

4- خسرەو احمد رسول ، 2007 ، بەرکار لە زمانی کوردی دا بە پێی ڕێبازی فۆرمی ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر .

5- دولبەر ابراهیم فەرەج ، 2000 ،یاسا دەنگی یەکانی زمانی کوردی ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

6- سعدی عثمان حسین ، 2001، کردستان الجنوبیه و إیالتها بغداد و الموصل ، دراسه فی علاقات السیاسیه و الاداریه و الاقتصادیه فی القرنین سابع العشر و الثامن العشر ، أطروحة دکتوراه ، جامعه صلاح الدین ، کلیه الاداب ، أربیل .

7- ڤیان سلیمان حاجی ، 2001 ، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی کوردی دا ، ، کۆلێژی ئاداب . زانکۆی سەلاحەددین .

8- عمر محمود کریم ، 2004 ، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردی دا  کرمانجی خواروو ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردە ، ئیبن رشد ، زانکۆی بغداد .

9- - فەرەیدون عەبدول محەمەد ، 1988 ، نادیاری ، لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد لە نێوان دوو زاری کوردیدا . نامەی ماستەر ، کۆلیژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین .

10- فەرەیدون عەبدول محەمەد ، 1998 ، چەند لایەنێکی ڕستە سازی زاری هەورامی ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین .

# گۆڤار :


1. ئەحمەد عزیز ، 2007 ، کەرکووك لە ئینسکلۆپیدیای ولاَتانی ئەوروپا و عەرەب و ئەمریکا ، گۆڤاری گیرفان ، ژمارە ( 4 ) ، سالّی دووەم .
2. بورهان ئیبراهیم رزگار ، 2003 ، کەرکووك و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد 1958  1968 ، کەرکووك ، ژمارە ( 4 ) .
3. حسن قزلجی ، 1978 ، گۆڕانی پیتەکان بە یەکتر ، گۆڤاری کۆری زانیاری دەستەی کوردی ، ژمارە ( 8 ) .
4. ڕەفیق شوانی ، 2007 ، زاری شوانی ، گۆڤاری زانکۆ ، ژمارە ( 3 ) .
5. سەباح ئارام ، 1999 ، کاکەیی لەکەرکوك ، هاواری کەرکوك ، ژ (4) .
6. شێرکۆ بابان ، 1997 ، شێوزاری گەرمیان بە بەراورد ، گۆڤاری هاواری کەرکووك ، ژمارە ( 1 ).
7. شێرکۆ بابان ، 2007 ، پۆلێنکردنی تەرزسازیانەی زمانی کوردی ( کرمانجی خواروو ) لە زمانی بەراوردکاری دا ، ئەکادیمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان ، ژمارە ( 5 ) ، هەولێر.
8. شێرکۆ بابان ، 2007 ، دیوە تیۆری یەکانی ڕیزمانی بەرکاری ڕاستەوخۆ ، ئەکادیمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان ، ژمارە ( 6 ) ، هەولێر .
9. صباح ئارام ، 1999 ، شۆرشی ئیبراهیم خانی دەلۆ و خوێندنەوەی نوێ ، هاواری کەرکووك ، ژمارە ( 2 ) ، گۆڤارێکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتی یە ، ناوەندی ڕۆشنبیری کەرکووك .
10. طالب حسین ، 2001 ، فێربوونی زمانی نەتەوایەتی هاوبەش، ئاسۆی پەروەردەیی،ژمارە( 7 ).
11. طالب حسین ، 2005 ، شێوەزارەکانی زمان و شێوەزاری ئەدەب ، نووسەری نوێ ، ژمارە( 38).
12. ظاهر علي ، 1973، کەرکوك لەکۆنەوە تائەمڕۆ ، نظال الطلبة ، العدد ( 11 ) .
13. عبدالله حسین رسول ، 2002 ، مێژووی شێوەزاری گەرمیان ، لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی مێژووییە ، گۆڤاری زانکۆیا دهۆك ، بەربەند ( 5 ) ، ژمارە ( 1 ) .
14. کمال فواد ، 1971 ، زاراوەکانی زمانی کوردی - زمانی ئەدەب و نووسینیان ، گۆڤاری زانیاری ، ژمارە ( 4) ، چاپخانەی دار السلام ، بغداد .

15. وریا عمر ئەمین ، 1983 ، لایەنێکی جیاوازی بەشی زمانی کوردی ، کۆلێژی پەروەردە ، زانستگای بەغدا ، گۆڤاری کۆری زانیاری عێراق ، دەستەی کورد ، بەرگی ( 10 ) .
16. موعتەسەم ساڵەیی ، 2005 ، ناوادارەکانی گەڕەکی ئیمام قاسم ، کەرکوک ژ ( 4 ) .
17. هاشم عاسی کاکەیی ، 2003 ، بەرکولێك لە مێژووی زەنگنەی کەرکوك ،گۆڤاری کەرکوك ، ژ( 1 ).
18. ڕەفیق سابیر ، 2008 ، کوردۆلۆجی ، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، ژ ( 1 )، سلێمانی.
19. خەلیل ئیسماعیل مەحەمەد ، 2001 ، إتجاهات سیاسة التغیر الدیمغرافی لسکان محافظة کرکوك ، هاواری کەرکوك ، ژ ( 5 ) .
20. زاهیر ڕۆژبەیانی ، 1997 ، ڕژێمی بەغداد تاکە ڕژێمی جیهانە تەزویر دەکات ، باوەگوڕگوڕ ، ژ ( 5 ) .

# زمانی عەرەبی :


1. ابن الاثير ، 1978 ، الكامل في التأريخ ، ج 9 ، بيروت .
2. احمد عباس ، 1336 هـ . ش ، اليزدي ظفرنامة ، جلد يكم ، بتصحيح و اهتمام احمد عباس .
3. توفيق وهبي ، 2006 ، الاثار الكاملة ، جزء الاول ، مطبعة شڤان ، سليمانى.
4. حاتم صالح الخافق ، 1989 ، علم اللغة ، مطابع تعليم العالي ، جامعة بغداد ، مطبعة المحكمة .
5. عبدالرقيب يوسف ، 2005 ، حدود كردستان الجنوبية تأريخيا و جغرافيا خلال خمسة الاف عام ، الطبعة الثانية ، السليمانية .
6. قسم البحوث و الاستطلاع و الراي ، 2008 ، كركوك بموجب احصاء عام 1957 ، من منشورات مكتب الفكر و الوعي في الاتحاد الوطني الكردستاني .
7. كامل سالَةيي ، 2005 ، موجز في التاريخ كركوك بين الوثائق الماضي و حقائق الحاضر  من منشورات قسم الثقافة و الاعلام المركزي لاتحاد الوطني كردستان ، كركوك .
8. كمال مظهر احمد ، كركوك و توابعها حكم التأريخ و الضمير ، دراسة وثائقية عن القضية الكردية في العراق ، الجزء الاول ، وزارة الثقافة لحكومة اقليم كردستان .
9. ليلى نامق جاف ، 1992 ، كركوك لمحات تاريخية ، منشورات خبات ، مطبعة خبات .
10. مجموعة من الباحثين ، 2001 ، بحوث الندوة العلمية حول كركوك ، نيسان ، اربيل .
11. محمد جميل ڕۆژ بيانى ، 1984 ، المعروفون من الروژبيانيه فى الكتب التاريخيه من مجلد ( 11  12 ) العراق ، دەستەی كورد بغداد .
12. محمد جميل رۆزبيانى ، 2001 ، المعروفون من الروزبيانية في الكتب التاريخية.الطبعة الثانية ، اربيل.
13. محمد حسين حمد شواني ، 2006 ، التنوع الاثني و الديني في كركوك ، الطبعة الاولى ، مطبعة وزارة التربية ، أربيل .
14. نوري طالباني ، 2004 ، منطقة كركوك و محاولات تغير موافعها القومي ، الطبعة الثانية ، اربيل .
15. نوري ياسين الهرزاني ، 2007 ، الكاكية  دراسة انتروبولوجية الاجتماعية ، رسالة ماجستير ، معهد التراث الكردي ، الطبعة الاولى ، اربيل .

16. هاشم ياسين و سردار حمد و عدنان كركوكي ، 2006 ، التوزيع الجغرافي للعشائر في لواء كركوك ، الطبعة الثانية ، اربيل .
17. ياقوت الحموى ، 1979 ، معجم البلدان ، ج 4 ، بيروت .


## به زمانى ئينگليزى :


1- David crystal ، 2003 ، A Dictionary of linguistics and phonetics ، Black well publishing

2- Mohamad Amin Qadir ، 1980 ، The linguistic situation in Kirkuk asociolinguistic study .

3- Makenzie , D ( 1961) Kurdish Dialect Studies VI , London .

4- Qadir , M . A ( 1980 ) , The linguistic Situation in kerkuk a sociolinguistic study . Unpublished PhD thes is presented to the Universty of Bermingham.

## چاوپێکەوتن :

- ئەبو فەلاح لەڕێی بە غدا و کاک ها شم کا کەیی لەکۆمە ڵەیڕوناکبیری .. 2008/7/8
- سید ئەمین ملامحمود لەسلێمانی................................ 2008/7/18
- سید فاتح سید نوری لە دێی جانی ............................ 2008/7/20
- سید قادر محمد جباری.................. شۆریجە ، 2008/6/ 10
- کاک ئەحمەد قەمبەر لەکۆرنیش ................................ 2008/7/21
- کاک تحسین محمد تاڵەبانی ڕێی بەغدا ................................ 2008/6/12
- کاک ج بار خەیات لەئیـ سکانی تازە، کاک صباحە سوورلەئازادی......... 2008/7/20
- کاک زاهیرڕۆژبەیانی لە هەولێر......................................2008/11/12
- کاک شێخ محمد شێخ عبدالرحمن بەرزنجی لەتەکییەکەی لەحوڕییە.. 2008/7/23
- کاک نەجمەدین شوانی لە هەولێر .................................... 2008/10/20
- مامۆستا شێرزاد ڕۆژبەیانی لە شۆریجە .......................... 2008/10/15
- مامۆستا عبدالرحمان زەنگەنە لەحوڕییە ......................... 2008/10/15
- مامۆستایوسف سیدحسن لە شۆریجە .............................. 2008/7/20

# ملخص البحث


عنوان هذه الرسالة هو ( لهجات مدينة كركوك  دراسة جغرافية للهجات الكردية). وهي دراسة عن اللهجات الكردية لمدينة كركوك. تتألف الرسالة من مقدمة و ثلاثة فصول.

تعالج المقدمة  عنوان البحث و الهدف من هذه الدراسة و مشكلة البحث و حدوده وأجراء البحث.

يتكون **الفصل الأول** من مبحثين. يتناول المبحث الأول تسمية مدينة كركوك و الأسماء الأخرى لها و جغرافيتها و تكوينها الديموغرافي و القوميات الأخرى المتعايشة فيها.و تأثير اللغات الأخرى على اللهجات الكردية فيها.

يتناول المبحث الثاني اللغة الكردية و توزيعها اللهجوي و موقع لهجة مدينة كركوك فيها.

**الفصل الثاني** دراسة عن لهجة منطقة الشورجة. يتكون من مبحثين. المبحث الأول دراسة وصفية للهجة منطقة الشورجة عن الضمائر الشخصية و الفعل وأنواعه و التوافق و الأزمنة و الأمر و المبني للمجهول.

يتناول المبحث الثاني قواعد الدور ألمفعولي للضمائر الشخصية المتصلة وتحديد القوانين التي بموجبها تتحول الضمير المفعولي المنفصل إلى متصل.

**الفصل الثالث** دراسة عن لهجة منطقة الإسكان و إمام قاسم. يتكون من مبحثين. المبحث الأول دراسة وصفية للهجة هذه المنطقة عن الضمائر الشخصية و الفعل وأنواعه و التوافق و الأزمنة و الأمر و المبني للمجهول.

يتناول المبحث الثاني قواعد الدور ألمفعولي للضمائر الشخصية المتصلة وتحديد القوانين التي بموجبها تتحول الضمير المفعولي المنفصل إلى متصل.

توصل الباحث  إلى جملة من الاستنتاجات ثم قدم قائمة بأسماء المصادر التي اعتمدت في الدراسة و بعض الملاحق و خلاصة البحث باللغتين العربية و الانكليزية.

## ABSTRACT

The title of this thesis is " The dialects of Kirkuk city – A geographical study of Kurdish dialects." It consists of an introduction and three chapters.

، the aim and the purpose، The introduction deals with the title and the procedure of the study. ،delimitation

**Chapter one** is devoted to the history of Kirkuk city. It consists of two linguistic situation and ،sections. First section deals with its geographical the origin of the name Kirkuk and other ،demography othe Kirkuk city names it known by. It also deals with the demography of the city. It points out The effect of other languages spoken in Kirkuk on Kurdish.

Second section deals with the Kurdish language in general and the position of Kirkuk dialect within it and the geographical distribution of Kirkuk Kurdish subdialects.

**Chapter two** is about Shorija subdialect. It consists of two sections. tenses and passive ، agreement ، verbs ،First section deals with the pronouns voice.

Section two is about the personal suffixes and their functions as a direct object and indirect object.

**Chapter three** is about Kurdish dialects spoken in Iskan and Imam Qasim districts . It consists of two sections. First section deals with the interrogative and passive voice.،tenses، agreement ، verbs ،pronouns

Section two is about the personal suffixes and their functions as a direct object and indirect object. The sestem of personal pronouns and the rules are illustrated in tables and diagrams.

In the epilogue some conclusions are presented. The thesis ends with a bibliography.Finally some appendixes are presented.

**اقليم كردستان العراق**

**رئاسة مجلس الوزراء**

**وزارة التعليم العالي و البحث العلمي**

**جامعة صلاح الدين / اربيل**

# لهجات مدينه كركوك

## دراسه جغرافيه للهجات الكرديه

**رسالة تقدم بها الطالب**

**سركوت عبدالله حسين**

**الى مجاس كلية التربية للعلوم الانسانية جامعة صلاح الدين وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير فى اللغة الكردية**

**باشراف**

**أ.د. وريا عمرامين**

**8072ك** **8002م**

**8241هـ**

**UNIVERSITY OF SALAHADDIN - ERBIL**

# THE SUBDIALECTS OF KARKUK CITY
# A GEOGRAPHICAL STUDY OF KURDISH DIALECTS

**A THESIS**

SUBMITTED TO THE COLLEDGE OF THE COLLEDGE OF EDUCATION FOR HUMAN SCIENSES – SALAHADDIN UNIVERSITY IN PARTIAL FULFILMENT OF THE REQUIREMENTS FOR THE DEGREE OF MASTER IN KURDISH LANGUAGE

**By**

Sarkawt Abdulla Husen

**Supervised by**

**Professor Dr. Waria Omar Amin**

1428H 2708K
2008AD